# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | یەکشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ _ ٢٠ی نوامبری ٢٠١٦ | ژمارە: ٦٩٢ | www.kurdistanukurd.com


## پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حدک بە بۆنەی جێژنی خاوەنکار

جێژنی خاوەنکار، جێژنی ئایینی خەڵکی یارسان لە پێرەوانی ئەو ئایینە لە رۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆز بێ.

رۆژووی "مەڕنووی" یارسانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمساڵ لە ریکەوتی٢٢ی خەزڵوەر دەستی پێکرد و، رۆژی دووشەممە واتە ٢٤ی خەزەڵوەر، دەبێتە جێژنی خاوەنکار. ...

ل٢





# دەستاودەست کردنی دەسەڵات نەریتێکی دێموکراتیکی «حدک»ە

حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان رایگەیاند کە گوتاری سیاسیی «حدک» بە دەست لەکار کێشانەوەی کاک خالید عەزیزیش درێژەدەرێ .

ناوبراو لە دیدارێکی تایبەت لەگەڵ کوردکاناڵ، بە ئاماژە بە دەست لە کار کێشانەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەم بارەوە گوتی: لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کاک خالیدی عەزیزی بە هاوفکریی رێبەرایەتی حیزب و پاڵپشتی تەشکیلات و ئەندامانی ئەو حیزبە کۆمەڵێک پرسی سیاسی بەنیسبەت ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان هێنایە ئاراوە، کە بە هاتنە سەرکاری هەر کەسێکی دیکەش لە پۆستی سکرتێری حیزبدا، ئەو سیاست و گوتارە درێژە دەدرێ.

حەسەن قادرزادە هۆکاری دەست لەکار کێشانەوەی کاک خالید عەزیزی بە مافێکی تاکەکەسی زانی و ئاڵوگۆڕ کردنی دەسەڵاتیش لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە خاڵێکی جەوهەری و ئەرینی لە قەڵەم دا.

حەسەن قادرزادە بە ئاماژە بە پەسند کراوەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزب، سیاسەتەکانی حدکی لە چەند ساڵی رابردوودا، بە سیاسەت و گوتارێکی سەرکەوتوو زانی و رایگەیاند: لە داهاتووشدا هەرکەسێکی دیکە ببێتە سکرتێر، گوتاری حدک و شێوەی سیاسەتەکانی ئەولەویەتی دەبێ و ئەو گوتارە ناگۆڕدرێ.

## حدک، دەرفەتێک بۆ دروستکردنی ئیرادە و وزەی نوێ

قادر وریا

هەواڵی دەست لە کارکێشانەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەم لە دەرەوەی حیزب بووە بە جێگای سەرنج و هەوێنی لێکدانەوەی جیاواز، هەم لە نێوخۆی حیزبدا، ریزەکان و ئاستە جۆراوجۆرەکانی حیزبی بە خۆوە خەریک کردوە. ئەم بایەخپێدرانە، لە چەند راستییەوە سەرچاوە دەگرن:

١- حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە نێو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا حیزبێکی خاوەن رۆڵ و پێگەیە و، هەر ئاڵوگۆڕێکی گرینگ لە لوتکەی رێبەریی ئەم حیزبەدا دەتوانێ لەسەر تێکۆشانی حیزب شوێنەواری ئەرێنی یا نەرێنی دابنێ.

٢- کاک خالید عەزیزی لە ماوەی دوو دەورە وەرگرتنی پۆستی سکرتێریی ئەم حیزبەدا توانیویێتی بە پێداگری لەسەر کۆمەڵێک پرس و بابەتی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە پێشتر پشتگوێخراو بوون یا بە کەمی قسەیان لێوەدەکرا، خوێندنەوەیەکی تا رادەیەک نوێ بخاتە سەر خوێندنەوە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و، بەم جۆرە سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و بیروڕای گشتیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لای ئەم حیزبە رابکێشێ.

٣- ئاڵوگۆڕی سکرتێری گشتی لە زۆر لە حیزبە کوردییەکاندا، هەتا ئێستاش نەبووە بە رووداوێکی ئاسایی و جێگۆڕکێی کەسی یەکەم لە حیزبە کوردییەکان، لە زۆربەی نموونەکاندا بێ تێچووی سیاسی و نێوڕێکخراوەیی زیانبار، جێبەجێ نەبووە.

ئێستا کە رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەوڕووی تاقیکردنەوەی جێگۆڕکێی کەسی یەکەم بۆتەوە و دەبێ لە چەند مانگی داهاتوودا، ئەم پرۆسەیە بگەیەنێتە ئەنجام، جێی خۆیەتی لە لایەکەوە ئەزموونەکانی مێژووی حیزب لە جێگۆڕکێی کەسی یەکەمدا وەبیر بێنێتەوە و لە خاڵە ئەرێنی و بە هێزەکانیان لە پێناوی یەکڕیزی و تەبایی نێوخۆیی حیزب سوود وەربگرێ، لە لایەکی دیکەوە پێویستە پرۆسەکە بە جۆرێک جێبەجێ بکا کە جێگۆڕکێی کەسی یەکەم نەک هەر رەوت و ریتمی تێکۆشانی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، تووشی دابەزین و خاوبوونەوە نەکا، بەڵکوو ببێ بە سەرچاوەی گەشەی و خێرایی تێکۆشان و چالاکییەکان و بەرەوژوور چوونی پتری ئیعتیباری سیاسی و ریکخراوەیی ئەم حیزبە.

لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا، بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە دەستاودەست کردنی بەرپرسایەتی و پۆستی کەسی یەکەممان هەبووە. ...

ل٢

## فراکسیۆن، پرسێک کە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس خۆ لەقەرەی نادەن

عەلی بداغی

ل٣

## باکوور لە بەردەم هەڕەشەیەکی نوێدا

سۆران عەلیپوور

ل٤

## سەرکەوتنی ترامپ و روانینە جیاوازەکان لە ئێراندا

حەسەن شێخانی

ل٦

## راگەیەندراو بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانی




بە دڵێکی پڕ لە ماتەمەوە رادەگەیەنین کە ئەمڕۆ بەیانی پێنجشەمە، ٢٧ی خەزەڵوەر(١٧ی نوڤەمبری ٢٠١٦)، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک مامۆستا مەلامحەممەد عوسمانی، لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا مەلامحەممەدی عوسمانی ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی لە ئاوایی نەمنجێی پیرانشار لە دایک بوو. بنەماڵەکەیان بە هۆی خوێندنی ئایینی و دواتر پێشەیی مەلایەتی مەلا محەممەد، ناچار بوون لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە، بگوێزنەوە. ساڵانێک، ماڵیان لە ئاوایی «پەسوێ»، گیرسایەوە. بۆ ماوەی چەندین ساڵیش لە ناوچەی سەرشاخان لە گوندی «کێلێ» جێگرتوو بوون. مامۆستا مەلا محەممەد کە پێوەندیی خزمایەتی و دۆستانەی لەگەڵ تێکۆشەری ناودار شەهید سەید رەسووڵ دێهقان هەبوو،...

ل٢

## دۆناڵد ترامپ بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا



لە کاتێکدا راپرسییەکان باسیان لە سەرکەوتنی دێموکراتەکان و پێشکەوتنی هیلاری کلینتۆن لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئەمریکا دەکرد، پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان، دۆناڵد ترامپ توانی ببێتە سەرۆک کۆماری ئەمریکا.

دۆناڵد ترامپ بە ئامادەبوون لە نێو ئاپۆرای دەنگدەرانی، سەرکەوتنی خۆی لە ٥٨مین هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە وڵاتەکەیدا راگەیاند و گوتی کە هیلاری کلینتۆنیش لە ریگەی تەلەفۆنەوە پیرۆزبایی لێکردوە.

ناوبراو توانی زیاتر لە ٢٧٠ دەنگی ئێلێکتراڵ بە دەست بهێنێ و ببێت بە چل و پێنجەمین سەرۆککۆماری ئەمریکا. دۆناڵد ترامپ لە هیندێک لە پارێزگاکانی ئەمریکا کە بە شێوەی سوننەتی هۆگری دێموکراتەکانن توانی دەنگێکی زۆر بۆ خۆی دەستەبەر بکات وببێتە هۆی سەرسوڕمان.

کۆماریخوازەکان توانیان لە هەڵبژرادنەکانی کۆنگرەی ئەو وڵاتەش سەرکەوتن بەدەست بێنن و زۆرینەی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

## هەڵوێستەیەک لەسەر گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەعید بێگزادە

سیاسەت، هەڵوێست و گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و پرسی نەتەوایەتیی کورد،...

ل٧

## مێژوویەکی پڕ لە گومان و ئوستوورەیەکی ئەفسانەیی!

تەهای رەحیمی

پێوەندی ئوستوورە، ناسیونالێزم و دواجار نەتەوە و پاشان دەولەوت - نەتەوە، پێوەندییەکی چڕوپڕ و بەرانبەرە،...

ل٨

## شەڕی موسڵ: دوورەدیمەنی داهاتووی نزیک

وەرگێڕان: ئاسۆی حەسەنزادە

رۆژی ١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیری عیراق دەستپێکی شەڕی ئازادکردنی موسڵی راگەیاند. ئەو هەروەها گوتی کە جگە لە..

ل٩

## شەرعییەتدان و شەرعییەت لێ ستاندنەوە لە بەشداریی سیاسیدا

رەسووڵ سێلەکە

لە سیستەمی دەوڵەتدا کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتدار و ژێردەسەڵات دامەزراوە، بەشداریی سیاسی تایبەتە بە سیستەمێکی...

ل١١

دریژەی

# حدک، دەرفەتێک بۆ دروستکردنی ئیرادە و وزەی نوێ

١-ئەو کاتەی سکرتێری گشتیی حیزب شەهید کراوە، ٢-ئەو کاتەی سکرتێری گشتی لە ژیان دابووە و بە هۆکارێکی نێوخۆیی(بوونی ئەسلێک لە پێڕەوی نێوخۆدا کە ریگر بووە لەوەی کەسێک دوو جار بە دوای یەکدا ببێتەوە بە سکرتێری گشتی، یا زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی و زۆرایەتیی بەدەنەی حیزب کەسێکی نوێی هێناوەتە جێگای کەسی پێشوو).

لە حاڵەتی یەکەمدا، بەو هۆیەوە کە هۆکارێکی دەرەکی و زەبر و پیلانی دوژمن، کەسی یەکەمی لە حیزب ستاندوە، ئامانجی سەرەکی و هەرە گرنگ بۆ ریبەری و تێکڕای حیزب، بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی حیزبەکە و پووچەڵکردنەوەی خەون و ئاواتی دوژمن، بووە. بە دوای شەهید بوونی د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیدا، پرۆسەی جێگرکردنی کەسێکی دیکە لە پۆستی یەکەمی حیزبدا، بێ کەمترین سەرئێشە بەڕێوە چوو. بەو هۆیەوە کە هەموو هۆش و سەرنج و گرینگی پێدانی تێکۆشەرانی حیزب، لە بەردەوامراگرتنی تێکۆشان و ناهومیدکردنی کۆماری ئیسلامیدا چڕ ببووەوە، شەپۆلێک لە هەستکردن بە بەرپرسایەتی و خۆ ماندوو کردنی زیاتر، سەرتاپای حیزبی دێموکراتی گرتبۆوە. بە جۆرێک کە حیزب لەو ساڵەدا کە تێرۆری سکرتێری گشتیی تێدا بەڕێوە چووە و تەنانەت لە ساڵانی دواتریشدا، لە رووی چالاکی و تێکۆشانەوە نوشوستی و سستیەکی پێوە دیار نەبوو. بەڵام لە حاڵەتی دووهەمدا، ململانێی نێوخۆیی سەری هەڵداوە و حیزب بە سەر لایەنگرانی سکرتێری پێشوو یا کاندیدای نوێ بۆ ئەم پۆستەدا، دابەش بووە. زۆر جار ئەو ململانێیە هەر لە دەوروبەری کۆنگرەدا قەتیس نەماوەتەوە و بە هەموو ئاستەکانی حیزبدا شۆڕ بووەتەوە و جیناحبەندییەکی درێژخایەن و نەهادینەبووی لێ کەوتووەتەوە. سەرقاڵ بوون بەو ململانێیە نێوخۆییە، زۆر زیانی بۆ حیزبەکە لە تەواوەتیی خۆیدا، بە دواوە بووە کە کەمرەنگبوونەوەی تێکۆشان بە دژی کۆماری ئیسلامی و دابەزینی ئاستی تەبایی و یەکڕیزیی نێوحیزب هەتا پلەی نیزیک بە سیفر و سەرئەنجام لێکترازانی یەکیەتیی حیزب، گرنگترینیان بوون.

حاڵەتێک کە ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەوڕووی بووەتەوە، تارادەیەکی زۆر لە حاڵەتەکانی پێشوو جیاوازە. کەسی یەکەمی ئێستای حیزب، بە خۆشیەوە لە ژیاندایە و دوژمن یا هەر رووداوێکی نەخوازراوی دیکە لە مەیدان وەدەری نەناوە. بەڕێز عەزیزی، هەر وەک بە رەسمییش رای گەیاندوە بە ویستی خۆی و بێ ئەوەی لە نێو حیزبدا، کەس موخالیفی سکرتێریی ئەو بێ، دەیەوێ لەم پۆستە بکشێتەوە. ئەو، لە ریبەریی حیزبیشدا هەردەمێنێتەوە بۆ ئەوەی هاوکار و پشتیوانی بەدیلی خۆی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بێ لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدا کە دەکەونە سەرشانیان. دیارە، ئەگەر پێداگریی زۆری زۆرایەتیی بەشدارانی کۆنگرەی١٦ لەسەر مانەوەی ناوبراو لە پۆستی سکرتێریدا نەببا بە رێگر، کاک خالید عەزیزی، وەک پابەندییەک بە پێڕەوی نێوخۆ، دەیەویست لە کۆنگرەدا، لە پۆستی کەسی یەکەمی حیزب بکشێتەوە، بەڵام ئەوکات هیچ رێگایەک بێجگە لە قبووڵکردنی ئەم پۆستەی لە بەر دەمدا نەمابۆوە. بەم پێیە ئەم نموونەیەی ئێستا دەکەوێتە خانەی حاڵەتی دووهەمی دەستاودەست کردنی پۆستی سکرتێری لە مێژووی حیزبدا، بەو جیاوازییە کە ئەو ململانێیە گشتگیرەی لە پێشوودا دەبووە هۆی هاتنی یەکێک و رۆیشتنی کەسێکی دی، بە خۆشیەوە ئێستا لە ئارادا نیە.

بە سەرنجدان بەم راستی‌یە و بەبوونی ئەزموونە باش و خراپەکانی رابردوو، کۆمیتەی ناوەندی بە تایبەتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی، لێیان چاوەڕوان دەکرێ سەربەرز و سەرکەوتوو لەم تاقیکردنەوەیەی بەردەمیان بێنە دەر. هەر ئەوەندە بەسە نیگەرانیی ئێستای هۆگران و دڵسۆزانی ئەم حیزبە خەون و خەیاڵاتی بەدخوازانەی نەیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە وردی بخوێننەوە و دەرکیان بکەن. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەم دەرک و خوێندنەوەیە هەبێ، ئەو هەست بە بەرپرسایەتیکردنە گشتی‌یەی لە حاڵەتی یەکەمی دەستاودەستکردنی پۆستی سکرتێری لە مێژووی حیزبدا شایەدی بووین، رێگر دەبێ لە هەر چەشنە ململانێیەکی ناتەندروست و زیانبار کە پێشتر لە حاڵەتی دووهەمدا دیتوومانە و، بیرەوەریی ناخۆشمان لێیان هەیە.

دوا خاڵ کە رێبەری و تێکڕای حیزب، پێویستە و دەبێ لە پرۆسەی دەستاودەست کردنی پۆستی یەکەم و لێرە بەدوا رەچاوی بکەن و گرینگیی پێ بدەن، میکانیزمی چۆنیەتیی دابینکردنی چاوەڕوانی‌یەکانی نێوخۆ و دەرەوەی حیزب لە کەسی یەکەم یا سکرتێری گشتیی حیزبە. ئەگەر چی رۆڵی کەسایەتی‌یەکان لە نێو حیزب و رێکخراو و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان و هەر چەشنە تێکۆشانێکی بە کۆمەڵدا حاشا هەڵنەگرە، بەڵام راستی‌یەکەی ئەوەیە کەسایەتی‌یەک بە هەر رادەیەکیش بە توانا بێ، ناتوانێ هەموو تواناکان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و وەڵامدەری هەموو چاوەڕوانی‌یەکان بێ. لە جیاتی ئەوەی کەسی یەکەمی حیزب ببێتە ناوەند و چەقی هەموو چاوەڕوانی‌یەکانی نیوخۆ و دەرەوەی حیزب، پێویستە ئەو تیمەی حیزب رێبەری دەکا، بە هاوکاریی یەکتر و بە کاری بە کۆمەڵ و بە خستنە سەر یەکی توانا جۆراوجۆرەکان، هەم قورسایی ئەرکەکان، هەم رادەی زۆری چاوەڕوانی‌یەکان بە سەر خۆیاندا دابەش بکەن. واتا و تەرجەمەی ئەم دەربڕینە گشتی‌یە ئەوەیە کە پێویستە رێبەریی حیزب، پرسی جێگۆڕکێ لە پۆستی کەسی یەکەمدا بکا بە دەرفەت بۆ ئەوەی جێگەیەکی شیاوتر و بەرپرسایەتیی قورستر بە کەسایەتی و کەسە بەتواناکانی نێو رێبەریی حیزب بسپێرێ. با ئەم ئاڵوگۆڕانە، ئیرادەیەکی نوێ بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەت و پرۆژە گرینگەکانی تا ئێستا و، وزە و هیوای تازە بۆ پەرەپێدانی تێکۆشانی حیزب لە مەیدانی جۆراوجۆردا بخوڵقێنن.

دریژەی

# پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حدک بە بۆنەی جێژنی خاوەنکار

لە ماوەی نزیک بە ٤ دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێڕەوانی ئایینی یاری لە هەر کوێیەکی ئێران ژیابێتن، هەم لە باری ئایینیەوە چەوسێنراونەتەوە، هەم لە باری نەتەوەییەوە ستەمیان لێکراوە و تەنانەت لە بەشداری پێکردنیان بۆ راپەڕاندنی کاروباری ناوچەکانی خۆشیان بێبەش کراون و هیچکات وەک هاووڵاتی پلە یەک چاویان لێنەکراوە.

ئەمساڵیش لە حاڵێکدا ئەو خەڵکە جێژنی خاوەنکار دەگرن کە، وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەک پێشوو و بە شێوەی سیستماتیک مافە نەتەوەیی و ئایینیەکانیان لە لایەن رێژیمەوە پێشێل دەکرێ و لە لایەن دامودەزگاکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە سووکایەتی‌یان پێدەکرێ و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای پیرۆزبایی لە پێڕەوانی ئایینی یاری، وەک هەمیشە پشتیوانی خۆی لە هەموو ئازادیخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی خەڵکی یارسان دووبارە دەکاتەوە و هیواخوازە پێڕەوانی ئایینی یاری و هەموو خەڵکی کورد، پێکەوە و بە خەباتی شێلگیری خۆیان بتوانن بە مافە رەواکانی خۆیان بگەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی**
**١٣ ی نۆڤامبری ٢٠١٦ ی زایینی**

دریژەی

# راگەیەندراو بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانی

لە رێگای ئەوەوە، لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی (١٩٦٤ی زایینی)یەوە، هاتە ریزی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. شەرت و پەیمانێک کە مامۆستا مەلا محەممەد لەو ساڵەوە لەگەڵ حیزبی دێموکرات بەستی، بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ وەهەتا دوا هەناسەی ژیانی، لە جێی خۆی مایەوە.

تێکۆشان لە ریزی ئەندامانی حیزبی دێموکراتدا و هەڵگرتنی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەرانە و نەتەوەیی و خەباتکارانە، کەسایەتیی ئایینی و کۆمەڵایەتیی مامۆستا مەلا محەممەدیان ئەوەندەی دیکە لای کۆمەڵانی خەڵک خۆشەویست کردبوو. ناوچەی سەرشاخان، لە سۆنگەی بنەماڵەکانی بابی گەورە و سەیدئامین کە کەسایەتیی تێکۆشەری وەک سەید رەسووڵ و مەلامحەممەدیان لێ هەڵکەوتبوو، لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی رێژیمی شایەتی‌دا، ببووە مەڵبەندی حەوانەوە و حەشاردرانی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات. لە دەیەکانی چل و پەنجای هەتاوی‌دا، مەلا محەممەد عوسمانی جگە لەوەی خۆی و بنەماڵەکەی پشتیوان و مەئوای کادرەکانی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی راکردوو لە ساواک و ژاندارمی رێژیمی شایەتی بوون، وەکوو ئەندامێکی زانا و بە وەجی حیزبیش بیروباوەڕی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو دەکردەوە.

لە دوای ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زستانی ١٣٥٧دا، قۆناغێکی دیکە لە ژیانی خەباتگێڕانەی مامۆستا مەلا محەممەدی عوسمانی‌دا دەستی پێ کرد. بە هۆی باوەڕپێکراوبوون و دڵسۆزیی لە رادەبەدەر هەر وەها بە هۆی شاخاوی بوونی کێلێ و ناوچەی سەرشاخان، لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە، بەرپرسایەتی پارێزگاری لە تەقەمەنیی حیزبی پێ سپێردرا. دواتر وەک کادرێکی بە ئەزموون، لە کاروباری کۆمەڵایەتیی حیزب لە ناوچەی نەغەدە، ئەرک و بەرپرسایەتیی پێ سپێردرا. لە ساڵەکانی ١٣٦١ و ١٣٦٢ مامۆستا وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە و وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و بەرپرسی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمیتەیە ناوچەی نەغەدە خزمەتی بە حیزبی دێموکرات و خەڵکی ناوچەکە کرد. ساڵانی دواتریش مامۆستا مەلا محەممەد لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و بەشی قەزایی، سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزب، ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبیی گرتە ئەستۆ هەتا کۆتاییەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی کە توانای جێبەجێکردنی کارو مەئمووریەتی حیزبیی هەبوو، لە کار و تێکۆشانی حیزبی‌دا، چالاکانە بەشدار بوو.

مامۆستا مەلامحەممەد نەک هەر ناتەباییەکی لە نیوان بیروباوەڕ و ئەرکی ئایینی و نەتەوەیی‌دا نەدەدیت، بەڵکوو بە تەواوکەری یەکتری دەزانین. ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە موسوڵمانی راستەقینە، نابێ بەرامبەر ستەم و زۆرداری بێدەنگ و بێهەڵوێست بێ. بە تایبەتی ستەمی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی، با لە ژێر ناوی ئایین و لە لایەن رێژیمێکی بە ناو ئیسلامی‌یەوەش بێ، نابێ قبووڵ بکرێ. لە روانگەی مامۆستا مەلامحەممەدوە، هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دادپەروەری و رزگاربوون لە دیکتاتۆری و بندەستی، بە رادەی جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینی‌یەکان پیرۆز بوو. هەر لەم روانگەیەشەوە بوو کە نەک هەر رێگری لە بەشداریی کوڕ و بووک و کچەکانی و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی لە خەبات و تێکۆشاندا نەدەکرد، بەڵکوو هانی دەدان بەردەوام بن و شانازیی پێوە دەکردن. مەلا محەممەدی عوسمانی هەر وا کە لە شوێنی کارو لە نێو کۆمەڵدا، مرۆڤێکی دێموکرات و پێشکەوتنخواز و بە کردەوە مامۆستا و کەسایەتی‌یەکی شیاوی لێ فێربوون بوو، لە نێو بنەماڵەشدا پیاوێکی کراوە و بە کردەوە دێموکرات بوو.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلامحەممەدی عوسمانی، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری ئەو کەسایەتی‌یە بەڕێز و خەباتکارە دەکا و خۆی بە هاوبەشی خەم و ماتەمیان دەزانێ. هەر وەها هاوخەمیی خۆمان بە خەڵکی ناوچەکانی پیرانشار و نەغەدە و سەرجەم هۆگران و خۆشەویستانی مەلامحەممەد رادەگەیەنین. گیانی مامۆستای خۆشەویست، هاوڕێ و هاوسەنگەری دێرین مامۆستا عوسمانییش، دڵنیا دەکەین بە بەردەوام بوون لەسەر ریگا پیرۆزەکەت و بە لێ فێربوون لە شێلگیری و وەفاداری و زۆر تایبەتمەندیی بەرزی ئینسانی و شۆڕشگێڕانەت، ئاڵای خەبات بۆ ئامانجە پیرۆزەکانت، شەکاوە رادەگرین.

سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی مامۆستای تێکۆشەر، مەلامحەممەد عوسمانی.

نەمری بۆ ناو و یادی ئەو و سەرجەم رێبوارانی هەتا سەری رێگای خەبات بۆ رزگاریی گەلی کورد.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٧ی نۆڤامبری ٢٠١٦**
**٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٥**

# چەند چالاکیی حیزبی

## سەردانی نوێنەری حدک لە بنکەی سەرەکی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لە بریتانیا

رۆژی هەینی رێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەر، مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست، سەردانی بنکەی سەرەکیی ئەو رێکخراوەی کرد و، لەل ایەن لویس ئەیالا سکرتێری «ئێس ئای»یەوە پێشوازی لێکرا.

سەرەتای دیدارەکە لویس ئەیالا باسی لە دوایین کار و چالاکی و هەلوێستەکانی «ئێس ئای» و هەروەها دوایین رووداوەکانی دونیا و بەتایبەت پرسی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە وڵاتی ئەمریکا کرد.

کۆنگرەی ٢٥ی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست کە لە چەند مانگی داهاتوودا دەبەسترێ، پرس و راوێژ و ئامادەکاری بۆ ئەو کۆنگرەیە، تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنەی پێکهێنا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنە، باسی کورد بەگشتی و دوایین رووداوەکانی تورکیە و دەستبەسەر کرانی هاوسەرۆکەکان و نوێنەرانی پارتی دێموکراتیکی گەلان(هەدەپە) و هاوڕێیانی، کەوتە بەر باس و راوێژ، کە هەردووک لا هاودەنگ ئەو کردەوەی حکوومەتی تورکیەیان مەحکووم کرد و بە کردەوەیەکی نادێموکراتیکیان دانا.

جێگای ئاماژەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٨ی نوامبری ٢٠١٥ لە «لواندا»ی پایتەختی ئەنگۆلا وەک یەکەم حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان، بوو بە ئەندامی تەواو وەختی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست.

## بەرپرسی پەیوەندییەکانی کومیتەی نۆروێژ حدک، سەردانی پەرلەمانی ئەو وڵاتەی کرد

رۆژی دووشەممە، ٢٤ی خەزەڵوەر، «ناسر قادرپور»، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ، سەردانی پەرلەمانی ئەو وڵاتەی کرد و، لایەن «یوروند ریتمان»، ئەندامی پارلەمان و ئەندامی کۆمیتەی دەرەوە و بەرگریی پارلەمان لەسەر لیستی پارتی پێشکەوتنخوازەوە، بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

لەو دیدارەدا، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی و کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بێڕێزی و سووکایەتی بە چالاکوانانی مەدەنی و رۆشنبیران و کەسایەتی‌یە سیاسییەکان و ئێعدامی لاوانی کورد لە لایان کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی، خرانە بەر باس. هەروەها قادرپوور، باسێکی گشتیشی لەسەر جێگە و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرد و ، داواشی کرد کە پارتی پێشکەوتنخواز کە لە حکوومەتدا بەشدارە و پشتگیری لە خەباتی رەوای گەلی کورد دەکا، لە نفووز و تواناکانی خۆی کەڵک وەربگرێ و گوشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنی کە ئاوڕ لە کێشەی کورد بداتەوە و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و زەبروەنگ بە دژی گەڵی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان رابگرێ. ئەم باسانە لە لایەن بەڕێز «ریتمان»ەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا و ناوبراو خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەو چاوپێکەوتنە دەربڕی و ، هیوای خواست کە لە داهاتوودا ئەو چاوپێکەوتن و بیروڕاگۆڕینەوانە بەردەوامی‌یان هەبێ.

## بەشداریی ئەندامانی حدک لە خۆپیشاندان بۆ پاڵپشتیی لە دەسبەسەرکراوانی «هەدەپە»، لە وڵاتی فینلاند

رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی ٢٣ی رەزبەر، بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری تۆرکۆی وڵاتی فینلاند لە کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربڕین لە کردەوەی نادێموکراتیکی پۆلیسی دەوڵەتی ئەردۆغان و هەرەها پاڵپشتی کردن لە رێبەران و نوێنەرانی دەسبەسەرکراوی هەدەپە، بەشدارییان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بە یەکگرتوویی و بە هەڵگرتنی تراکت و دروشمی پێوەندیدار و بەرزکردنەوەی وێنەی هاوسەرۆک و پارلەمانتارانی پارتی دێموکراتی گەلان «هەدەپە»، نارەزایەتیی توندی خۆیان دژ بە سەرکوت و گرتن و هێرشی پۆلیس و هێزە سەرکوتگەرەکانی رێژیمی تورکیە بۆ سەر رێکخراوە مەدەنی و خەڵکی‌یەکان، مەحکووم کرد.

پێویست بە ئاماژەیە کە نوێنەری زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ریکخراوە کوردستانی‌یەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون و پەیامی خۆیان پێشکەش کرد. لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانیشەوە، هاوڕێ رەحمان خالیدنژاد چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

## بەشداریی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە فستیڤاڵی کولتووری لە وڵاتی نورویژ

هەموو ساڵێ لە وڵاتی نۆروێژ و لە پارێزگای ئاکەشهووس، فێستیڤاڵی کولتووریی نەتەوە جیاوازەکان بە نمایشکردنی جلوبەرگ و پێڵاو و کڵاو و خواردن و کەلوپەلی کولتووری و موزیک و هەڵپەڕکی بەڕێوە دەچێت، کە بۆ ئەمساڵیش، رۆژی شەممە ٥ی نوامبەری ٢٠١٦، بە بەشداریی ٣٢ رێکخراو لە شاری «لیللەسترۆم» ی پارێزگای «ئاکەشهووس» ئەم فێستیڤاڵە بەڕێوەچوو و ئەمجاریش ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەستپێشخەری یەکێتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی کولتووریی کوردیی «رۆمەریکە»، دەورێکی بەرچاویان تێیدا هەبوو کە بە رازاندنەوەی ستاندی تایبەت بە کوردانی رۆژهەڵات و سازکردنی خواردنی خۆماڵی و پێشاندانی جلوبەرگی کوردی و موزیکی کوردی سەرنجی ئامادەبووانی ئەم فێستیڤاڵەیان بۆ لای خۆیان راکێشا.

# فراکسیۆن، پرسێک کە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس خۆ لە قەرەی نادەن



عەلی بداغی

کاتێک لە وڵاتێک حیزبە سیاسی‌یەکان ئازاد نەبن یان نەبن هەتا بە بەرنامە و پلانی دیاریکراوەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن و لە پارلماندا بەرنامە پێشوەختە ڕاگەیەندراوەکانی خۆیان بەرنە پێشێ و هەوڵی پەسەندکردنیانی بدەن، دروستبوونی فراکسیۆن دەتوانێ بە جۆرێک ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

لە ماوەی ١٠ دەورە کار و تەمەنی مەجلیس لە ئێران لە ٣٧ ساڵی ڕابردوودا نوێنەرانی کورد لە مەجلیس تەنیا یەکجار لە فۆڕمێکی سیاسی و گشتی‌دا ئەزموونی کاری بەکۆمەڵ و هاوبەشیان بووە کە ئەویش دروستکردنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی شەشەمە.

لەو ئەزموونەدا فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد کە لە هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک کراوەتر و لە سەردەمی گوتار و دەسەڵاتی ڕیفۆرمخوازەکان‌دا پێکهاتبوو، توانی بە هەندێ تابۆشکێنی ڕوخسارێکی جیاواز بە پێگەی نوێنەرانی کورد و تەنانەت بە خودی نوێنەرانی کورد لەو کات‌دا ببەخشێ.

قسە لەوە نییە کە فراکسیۆنی کورد دەیتوانی چەندی دیکەش بکا، یان ئەوەی کارکردنی ئەو فراکسیۆنە تەنیا خستنەبەرباسی پرس و داوا سیاسی و مەدەنی‌یەکانی کورد لە ئێران بوو و بە کردەوە پرسی کورد قەڵەمبازی نەدا؛ قسە لەوەیە کە بۆ یەکەمجار نوێنەرانی کورد توانیان لە یەکێک لە ناوەندەکانی دەسەڵات و چەقی بڕیار لە ئێران‌دا کۆمەڵێک بابەت بورووژێنن و تێچووی سیاسی بۆ بدەن. خستنەبەرباسی داوای سیاسی و نەتەوەیی، لەهەرادانی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی گەلی کورد لە ئێران، بە ئاشکرا باسکردن لەو جیاوازیخستن و هەڵاواردنانە کە کوردستانێکی دواکەوتوو و گەشەنەسەندووی لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران لێکەوتبۆوە، تۆخکردنەوەی پرسی زمان و فەرهەنگی کوردی بەشێک

> «قسە لەوە نییە کە فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی شەشەمدا دەیتوانی چەندی دیکەش بکا، یان ئەوەی کارکردنی ئەو فەراکسیۆنە تەنیا خستنەبەرباسی پرس و داوا سیاسی و مەدەنی‌یەکانی کورد لە ئێران بوو و بە کردەوە پرسی کورد قەڵەمبازی نەدا؛ قسە لەوەیە کە بۆ یەکەمجار نوێنەرانی کورد توانیان لە یەکێک لە ناوەندەکانی دەسەڵات و چەقی بڕیار لە ئێران‌دا کۆمەڵێک بابەت بورووژێنن و تێچووی سیاسی بۆ بدەن»

لەو کارانە بوون کە فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد دەیبردنە پێشێ. بەڵام ئەو ڕەوتە هەر لە سەرەتای گۆرانی‌دا و بە کۆتاییهێناتنی تەمەنی مەجلیسی شەشەم ڕاگیرا. ئێستا دەپرسین لەبەرچی وای لێهات؟ بۆ دوای ١٦ لەو ئەزموونە ساوایە هەوڵ نەدرا کە جارێکی دیکەش تاقی بکرێتەوە؟ کۆسپەکانی بەردەم پێکهاتنەوەی فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی ئێران کامانە بوون و لە ئێستاش‌دا چین؟ بێتوو فراکسیۆنێکی دیکەی لەو چەشنە دروست بێتەوە چی لە دەست دێ و چاوەڕوانی‌یەکان لەو پێوەندییەدا کامانەن؟

مەجلیسی شەشەم خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە هەر لەجێ‌دا خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و باڵی تەواوەتیخوازی نێو حاکمییەت لیبڕان کە ئیدی نەیەڵن شتی وا لە ئێران‌دا دروست بێتەوە. ئەو لیبڕاوییە بنەمای ساغبوونەوەی شووڕای نیگابان لەسەر دیاریکردنی سەڵاحییەتی پاڵێوراوەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی گۆڕی.

ئەوە بوو کە بینیمان لە دوای مەجلیسی شەشەمەوە زۆربەی ئەوانەی لە کوردستان ڕێیان دەکەوتە مەجلیس یان کەسانێکی بێ ناو و نیشان و بێ پێشینەی سیاسی و دەستڕۆیشتووی کۆمەڵایەتی بوون، یان باکگڕاندێکی ئەمنیەتی‌یان هەبوو کە دواتر لە مەجلیس‌دا هەم تێکەڵ بە ڕەوت و فراکسیۆنەکانی دیکە دەبوون و مەیلەوئەوان دەجووڵانەوە؛ یان نەیاندەتوانی «مەخرەج مشترک»یک لە نێوان خۆیان‌دا بۆ ئەزموونی کاری هاوبەش لەسەر بنەمای شوناس و پڕۆژەی سیاسی بدۆزنەوە، یان لە بنەڕەت‌دا هەر نەیانویستوە هەوڵێکی لەو چەشنە بدەن.

تەنانەت نەک لە فۆڕمی کۆمایەکی سیاسی و شوناسخوازی، بەڵکوو نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لە دەورەی ئێستا و لە سێ دەورەی پێشووش‌دا نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی دەستە و کۆڕێکی کارادا هەوڵ بۆ ڕاکێشانی بودجە و ئێعتباری زیاتر بۆ پڕۆژەکانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی لە کوردستان‌دا بدەن.

لە دەوری دەهەمی مەجلیسیش‌دا واقعەکە درێژکراوەی ئەم ڕەوتەیە کە لە دوای مەجلیسی شەشەمەوە دەستی پێکردوە، هەم لە ڕووی ئەو پێکهاتەیە لە ناردنی نوێنەران بۆ مەجلیس، هەم لە ڕووی ئەو فۆڕمە کە بەگشتی مەجلیس لە زەرفییەت و کارکردەکانی بەتاڵ کراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا چەند شت هەیە کە دەبێ تیشکیان بخەینە سەر.

یەکەم ئەوەی زۆربەی نوێنەرانی ئێستای کورد لە مەجلیس لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردن‌دا، لە ئیحسان عەلەوی لە سنەڕا بگرە هەتا دەگاتە قەسیم عوسمانی لە بۆکان و نوێنەرانی دیکە وادەی پێکهێنانی فراکسیۆنی کوردیان بە خەڵکەکەیان دابوو و ئەوەیان وەک بەرنامەی کاریی خۆیان لە مەجلیس‌دا هێنابوو، کەواتە ئەوەیان وەک بەجێگەیاندنی وادە و بەڵێن لەسەر ماڵە.

دووهەم ئەوەی کاتێ ئەوان خۆیان بە نوێنەری خەڵکەکەیان و ئەو جوغرافیایە دەزانن کە لەوێ هەڵبژێردراون، دەبێ تەعبیر لەو خواست و داوا و ئەو ئیرادە و چاوەڕوانی‌یەی خەڵکی کوردستان بکەن کە لەوانیان هەیە. بە تایبەت کە دەبینین

> «خەڵک دەپرسن چۆنە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لەسەر پرسێکی سیاسی لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان لەسەر هەستن و دێنە سەر خەت و کاردانەوەیان هەیە، بەڵام بۆ هەمان پرسی سیاسی و لەسەر هەمان ڕۆژەڤ و بابەت لە ئێران و کوردستانەکەی خۆیان قڕوقپ دانیشتوون؟»

فراکسیۆنێکی بەهێز بە ناوی فراکسیۆنی تورک زمانەکان لە مەجلیس پێکهاتووە کە دەتوانێ قورسایی زۆری لەسەر هاوکێشەکان لە مەجلیس، لە پرسی جێگە و پێگەڕا بگرە هەتا پرسی شوناس و نەتەوەیی و هەروەها ڕاکێشانی سەرمایە و ئێعتبار و بودجە بۆ ناوچە تورکنشینەکان هەبێ.

جیا لەوانە خەڵک دەپرسن چۆنە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لەسەر پرسێکی سیاسی لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان لەسەر هەستن و دێنە سەر خەت و کاردانەوەیان هەیە، بەڵام بۆ هەمان پرسی سیاسی و لەسەر هەمان ڕۆژەڤ و بابەت لە ئێران و کوردستانەکەی خۆیان قڕوقپ دانیشتوون؟

ئەوە چاوەڕوانی‌یەکی ڕەوایە و لەسەر نوێنەرانیش ئەرکە کە دەنگی ئەو داوا و داخوازەی خەڵکەکەیان بن لە مەجلیس‌دا و، بێ‌گومان ئەو دەنگانەش کاتێک دەتوانن قورسایی خۆیان هەبێ کە لە چوارچێوەی فۆڕمێکی سیاسی و کاری هاوبەش و بەکۆمەڵی وەک پێکهێنانی فراکسیۆنێک‌دا بکرێ و وەک پڕۆژە بخرێتە گەڕ و بەدواداچوونی بۆ بکرێ.

خەڵکی کورد لە ئێران کێشەی خوێندن بە زمانی خۆی هەیە، داوای سیاسی و مافی نەتەوایەتی هەیە، ناوچەکەی لەو ئێرانەدا لە دواکەوتوویی‌دا ڕاگیراوە، دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی سیاسەتێک بووە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی سیستماتیک لە کوردستان ڕەچاو کراوە، بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە هەم ستەمی نەتەوایەتی لەسەر بووە هەم ئایینی و، مافی بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆیانیان پێنەدراوە، لە سیاسەت و بەڕێوەبەریی وڵات‌دا بەشدار ناکرێن و ئەوانە بەشێک لەو بابەتانەن کە وەک ئەرکێک لەسەرشانی نوێنەرانی کورد زەروورەتی پێکهێنانی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد دەستنیشان دەکەن.

بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ ئەوان دەیانەوێ خۆ لە قەرەی کارێکی ئاوا بدەن؟ ئایا ئەوان دەیانەوێ تەواو بە لای خەڵکدا بشکێنەوە و بە شێوەیەکی لیبڕاو تەعبیر لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵک بکەن؟ ئایا ئەوان ئامادەن تێچووی ئەو کارە و ئەو بڕیارە سیاسی‌یە بدەن و ترسی ئەگەری ڕەدی سەڵاحییەت لە دەوری مەجلیسی داهاتوو ئەوان لە خستنەبەرباسی پرسە سیاسی‌یەکانی کوردستان و ئەرکەکانیان دوور ناخاتەوە؟

ئایا ئەوان لە بەرامبەر فشاری فراکسیۆنە بەهێزەکانی دیکەی وەک فراکسیۆنی ئومید و ویلایەت و ئەهلی سوننەت کە زۆربەیان لەوان‌دا ئەندامن، هەروەها فشاری وەزارەتی ئیتلاعات و شووڕای بەرزی ئەمنیەتی وڵات‌دا دەوەستنەوە کە دژی دروستبوونی فراکسیۆنێک بە ناوی فراکسیۆنی کوردن؟

ڕاستە کە بوونی فراکسیۆنێکی کوردی دەنگێکی بەرزترە بۆ هێنانەگۆڕی داوا و مافە سیاسی‌یەکان، هەروەها قورساییەکی زیاترە بۆ فشارهێنان بۆ دەوڵەت بۆ وەرگرتنی مافە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و مەدەنی‌یەکان؛ بەڵام قسە ئەوەیە کە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس ئاخرییەکەی خۆ لە قەرەی ئەو بابەتە دەدەن؟ باسێک کە تا ئێستا خۆیان لێ دزیوەتەوە...



© picture-alliance/dpa/H. Fahimi

## چەند هەواڵی کوردستان

### ئەگەری پێکهێنانی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیس‌دا

نوێنەری خەڵکی میاندواو، سائین‌قەڵا و تیکاب، لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران باسی لە پێکهێنانی فراکسیۆنی کوردزمانەکان لە مەجلیس کرد.

هومایوون هاشمی نوێنەری خەڵکی میاندواو، سائین‌قەڵا و تیکاب لەم پێوەندییەدا ڕایگەیاند نوێنەرانی شارەکانی کوردستان لە مەجلیس بۆ دەستەبەرکردنی مافی زمانی نەتەوەکانی دیکە خوازیاری پێکهێنانی فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردزمان لە مەجلیس دان؛ تا بتوانن لەم بارەوە بەشێوەی یاسایی پرسی زمانی کوردی لە مەجلیس تاوتوێی بکرێ.

هومایوون هاشمی بە ئاماژەدان بە کەونارایی زمانی کوردی لە ئێران و جێگەوپێگەی ئەدەبیات و زمانی کوردی لەم بارەوە وتی: «کوردستان چ لە باری ئەدەبیاتەوە و چ لە باری مێژووییەوە، لەسەر فەرهەنگی ئەمرۆکە کاریگەریی هەیە و دەبێ گرینگی زیاتری پێبدرێ».

ناوبراو هەروەها وتی: «بژاردەکانی فەرهەنگ و ئەدەب دەبێ بۆ گەشەی کوردستان ڕێگەیان پێبدرێ، چونکە گەشەی کوردستان پێویستی بە بژاردەکانی کوردە».

### ڕاپۆرتێک سەبارەت بە دوایین بارودۆخی مستەفا سەلیمی بەندکراوی سیاسیی مەحکوم بە ئێعدام

مستەفا سەلیمی بەندکراوی سیاسیی مەحکوم بە ئێعدام، بەم زووانە لە بەرەبەری ١٤مین ساڵی بەندکرانی‌دا، لە زیندانی سەقزەوە بۆ زیندانی سنە دوورخرایەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی هێرانا، مستەفا سەلیمی بەندکراوی سیاسیی مەحکوم بە ئێعدام، نزیک بە ٥ مانگ لەوەپێش بەهۆی درێژبوونی حوکمەکەی لە بەندیخانەی سەقز بۆ بەندیخانەی سنە دوورخرایەوە.

سەبارەت بە دوایین بارودۆخی پەروەندەی مستەفا سەلیمی، هەر ئێستا پەروەندەکەی لە جێگرایەتیی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران دایە و شیمانەی جێبەجێکردنی حوکمەکەی دەکرێ.

مستەفا سەلیمی لەدایکبووی ٤ی پووشپەڕی ١٣٤٦، خاوەنکاری شیرکەتی گاز، ڕۆژی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٢ بە تۆمەتگەلی وەک شەڕ لەگەڵ خودا لە ڕێگەی ئەندامبوونی یەکێک لە حیزبە کوردی‌یەکانی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی، لە لایەن قازی گودینی حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا.

شایانی باسە کە ئەم بەندکراوە سیاسی‌یە لە ماوەی ١٤ ساڵدا چەندین جار بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر ناعادڵانەبوونی حوکمەکەی مانی لە خواردن گرتووە.

### ڕازی نەبوون بە گواستنەوە و ئازادیی بەمەرجی بەندکراوێکی سیاسیی کورد، پاش زیاتر لە دوو دەیە

محەممەد نەزەری، بەندکراوی سیاسیی کورد لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج بە نەخۆشی ماوەی ٢٣ ساڵی تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی ئێران تێپەڕاندووە، بە دەستێوەردانی دامەزراوەکانی ئیتلاعات، لە گواستنەوە یان ئازادکرانی بەمەرج خۆیان بواردوە. نەزەری بە هۆی پڕۆسەی گوماناویی ئیداری تا ئێستا نە مەرەخەسی پێدراوە و نە بەمەرج ئازادیی پێدراوە. ناوبراو لە نامەیەکدا داوای کردووە بۆ بەندیخانەی شاری ورمێ بگوازرێتەوە، بەڵام بەهۆی ناعەداڵەتی و ناسەربەخۆیی دەزگای قەزایی ئێران هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ئیسنا، محەممەد نەزەری، بەندکراوی سیاسیی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج بە دەست دوو نەخۆشیی دڵ و دیسکی پشتەوە دەناڵێنێ و نزیک بە ٢٣ ساڵە بەبێ مەرەخسی و پێڕاگەیشتنی پزیشکی لە زیندانەکانی ئێران‌دا ڕاگیراوە و بە هۆی دەستێوەردانی دامودەزگا پێوەندیدارەکانی ئیدارەی ئیتلاعات ئێستاشی لەگەڵ بێ ئیزنی ئەوە نەداروە بۆ زیندانی شارەکەی لە ورمێ بگوازرێتەوە و تەنانەت بۆ جارێکیش بێ مەرەخەسیان پێنەداوە.

ناوبراو لە نامەیەکدا بۆ دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران داوای پێدانی مەرەخەسی و گواستنەوەی بۆ زیندانی ورمێ کردووە کە بە دەستێوەردانی ئیدارەی ئیتلاعات، دژایەتی لەگەڵ کراوە.

### پارتی دێموکراتیکی گەلان چالاکیی خۆیان لە پارلمانی تورکیە ڕاگرت

پارتی دێموکراتیکی گەلان لە تورکیە ڕایگەیاند کە هەر چەشنە چالاکی‌یەکانمان لە پارلمانی تورکیە ڕادەگرین.

ئەم پارتە ڕایگەیاندووە کە هەموو چالاکی‌یەکانی خۆمان لە پارلمانی تورکیە بەهۆی دەسبەسەرکرانی دوو ڕێبەر و چەند ئەندامی ئەم پارتە ڕادەگرین.

ئایهان بیلگێن، وتەبێژی پارتی دێموکراتیکی گەلان لە شاری ئامەد وێڕای ئاماژە بەم هەواڵە گوتی، پاش وتووێژ و گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامان بڕیارمان دا لە پارلمانی تورکیە هەموو چالاکی‌یەکانی خۆمان ڕابگرین و نوێنەرەکانمان بگەڕێنینەوە نێو خەڵک.

بە قسەی ناوبراو، ئەندامانی ئەم پارتە هەر ئەندامی پارلمانن و واز لە پۆستەکانیان ناهێنن، بەڵام بەشداریی کۆبوونەوەکان ناکەن. ئەم حیزبە لە پارلماندا ٥٩ کورسی هەیە.

دەسبەسەرکرانی فیگێن یوکسکداغ و سەلاحەدین دەمیرتاش، دوو ڕێبەری پارتی دێموکراتیکی گەلان و چەند ئەندامی دیکەی ئەم پارتە، کاردانەوەی توندی دژە بە ئەردۆغان لێکەوتۆتەوە.

بن عەلی بیلدریم، سەرۆک وەزیری تورکیە لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی ئەندامانی پارلمانی پارتی دێموکراتیکی گەلان دژکردەوەی نواند و گوتی: ئەگەر نوێنەرانی پارتی دێموکراتیکی گەلان بەشداریی کۆبوونەوەکان نەکەن و نەگەڕێنەوە پارلمان خیانەتیان لە خەڵکەکەیان کردوە.

هاوکات ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرکۆماری تورکیەش گوتی: گوێمە لەم ڕەخنانە نییە کە دژی سەرکوتی دژەبەرانم لێم دەگیردرێ و ئورووپاشی سەبارەت بە پشتیوانی کردن لە حیزبی کرێکارانی کوردستان تاوانبار کرد و گوتی هەر کەس بە دیکتاتۆرم دەزانێ، پێم گرینگ نییە.

# باکوور لە بەردەم هەڕەشەیەکی نوێدا



سۆران عەلیپوور

بە دوای کوودتایەکی پڕ دەسکەوت بۆ ئەردۆغان و ئاکپارتی لە ژوئیەی ئەمساڵدا ئیدی هیچ بەربەستێک لەپێش دەسەلاتی ئەو وڵاتەدا نەمایەوە تا بیباکانە بکەوێتە گیانی ئازادیخوازان، نارازییان و جودابیران لە سەرانسەری تورکیەدا. ئەگەر ئەو کوودتایە سیناریۆیەکی لەپێشدا ئامادەکراویش نەبووبێ ئەنجامەکانی پڕ بە ویستی ئەردۆغان و حکوومەتەکەی بوون و بیانوویەکی باشی کەوتە دەست تا لە ژێر ناوی لەنێوبردنی گولەنیەکان پانتایی سیاسیی تورکیە پاکسازی بکا و مەرامە دێرینەکانی پراکتیزە بکا. هەر لە سەرەتادا مانۆڕێکی فراوانی بۆ پێشاندانی هێزی جەماوەری ڕێکخست، ئەوە بە مەبەستی پێشاندانی مەشروعیەتی سیاسی و ناردنی پەیامێکی سەمبولیکیش بۆ ڕەوایەتیی دان بە کردەوەکانی داهاتووی. بەدوای ئەوەدا ڕەشبگیری لە نێو سوپا و دام ودەزگا

تەحەممول کردنی هەدەپە بۆ ئاکپارتی کارێکی سەخت بوو، بەتایبەت دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنە پارلەمانی‌یەکەی ساڵی رابردوو و ئەو گۆرانکارییە گەورەی هەدەپە لە مەیدانی سیاسیی تورکیەدا دروستی کرد، هۆکاریکی دیکە ئەوەیە کە کوردەکان توانیان کێشەی کورد لە قالبی کێشەیەکی ئێتنیکی بێننە دەرێ و بیکەن بەکێشەیەکی ئاکتوێلی سیاسی، ئەوەش لە ڕێگەی دەرفەت دان بە کەمینە و پێکهاتەکانی دیکەش کە بێنە ژێر سێبەری درەختەکەی هەدەپە. ئیدی ئەوجار ئانکارا بەتەنیا لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی کوردەکان بەرەوروو نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ کێشەیەک دەست و پەنجەی نەرم دەکرد کە هەم لە پارلەماندا بەرۆژەڤ بوو، هەم پشتیوانیی خەڵکی شارە کوردنشینەکان و کەمینەکانی دیکەشی لەگەڵ بوو. لە لایەکی دیکەشەوە هەدەپە بە ئاشکرا دژایەتیی روانگەی باوی دەوڵەتداری لە تورکیەدا دەکا کە لەسەر بنەمای نەتەوەی باڵا دامەزراوە. دەوڵەت لە ئاست ئەو بزووتنەوە زیندوو و رووڵەگەشەیەدا دەستەوەستان مابۆوە، کەواتە ئەردۆغان یا دەبوایە سیاسیانە مامەڵە بکا و لێگەڕێ ڕووداوکان ڕەوتی ئاسایی خۆیان

سوپا دەپارێزرێ. بۆ ئەو مەبەستە ماشێنی سەرکوتی نەتەوەی باڵا دژی کوردەکان کەوتە کار و بە درێژایی نزیکەی سەدەیەک سیاسەتی تواندنەوە و لە نێوبردنیان گرتە بەر. ئەردۆغان دەبوایە بە شێوەیەک وەفاداری خۆی بۆ ئەو بنەما کلاسیکیە لە دەوڵەتداری‌دا پێشان دابا، بە تایبەت کە وردە وردە لە سەدساڵەی دامەزرانی کۆماری تورکیە نزیک دەبێتەوە. ئەو دەیهەوێ تێکهەڵکێشیەک لە نێوان عەزەمەت و فەخامەتیی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە لایەک و کەمالیزم لە لایەکی دیکەوە بکا و سەرەنجام بەرگێکی ئیسلامی بەسەر لیبرالیزمەکەی‌دا بکا.

خەباتی کوردانی باکوور ئەو کۆنسێپتەی ئەردۆغان و ئاکپارتی تووشی قەیران کردووە، ئەوە ڕاستە کە تورکیە هەر لە سەرەتاوە بە سەر دوو تورکیەی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاوایی دابەش بووە، لە بەشە ڕۆژئاواییەکەی‌دا سێکولاریزم مۆدێلی باو بووە بەبێ ئەوەی مەبەست دێموکراسی بووبێ و لە بەشە ڕۆژهەلاتی‌یەکەشی بە میلیتاریزە کردن مێتۆدی باوی بەڕێوەبردن بووە، بەڵام ئێستا لە بەشە ڕۆژهەلاتی‌یەکەی‌دا میلیتاریزەکردنیش ناتوانێ ئەو یەکگرتوویيە زۆرەملی‌یە بپارێزێ.



„کوردەکان توانیان کێشەی کورد لە قالبی کێشەیەکی ئێتنیکی بێننە دەرێ و بیکەن بەکێشەیەکی ئاکتوێلی سیاسی، ئەوەش لە ڕێگەی دەرفەت دان بە کەمینە و پێکهاتەکانی دیکەش کە بێنە ژێر سێبەری درەختەکەی هەدەپە. ئیدی ئەوجار ئانکارا بەتەنیا لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی کوردەکان بەرەوروو نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ کێشەیەک دەست و پەنجەی نەرم دەکرد کە هەم لە پارلەماندا بەرۆژەڤ بوو، هەم پشتیوانیی خەڵکی شارە کوردنشینەکان و کەمینەکانی دیکەشی لەگەڵ بوو “

حکوومی‌یەکان و زانکۆکان دەست پێکرد و بازنەکانی دەوری کۆمەلگەی مەدەنی تەسکتر کردەوە تەنانەت خەڵکی ئاساییشی ڕەوانەی زیندانەکان کرد، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی داخست و جیابیران و ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی قۆڵبەست کرد، لە دوایین هەلوێستی‌دا هەردوو هاوسەرۆکی هەدەپە سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگن یوکسک و دەیان پارلەمەنتاری لە سەر لیستی ئەو پارتە و سەرۆکی چەند شارەوانی‌یەکی باکووری کوردستانی دەستگیر کرد.

لەوانەیە لە ڕوالەت‌دا شێوازی مامەڵکردنی ئەردۆغان و کەمالی‌یەکان لێک جیاواز بێ، سەرەرای ناکۆکی‌یەکانی لەگەڵ کەمالی‌یەکان بە یەک ئاراستەدا هەنگاو دەنێ، لە سەرەتاکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەدا کەم نەبوون ئەوانەی پێیان وابوو ئاکپارتی نیەتی خێری هەیە و دەیهەوێ لاپەرەیەکی تازە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا هەڵبداتەوە و هەم لەسەر ئاستی دەرەکی و هەم لە ئاستی نێوخۆدا گرێ‌کوێرەکانی سەد ساڵەی تورکیە بکاتەوە. بەڵام بە تێپەرینی کات ڕووی ڕاستەقینە دەرکەوت، ئەوە تەنیا تاکتیکێک بوو بۆ بەلاڕێ‌دا بردنی ڕای گشتی لە نێوخۆ و دەرەوی تورکیەدا، ئەگەر نا هێزێکی ئیسلامگەرا لە پشت ئەو ماسکەوە خۆی حەشار داوە کە زۆر زیرەکانە ناسیۆنالیزمی توندڕەوی مستەفا کەماڵ لەگەڵ ئیدۆلۆژی ئیسلامی‌دا تێکەڵ دەکا. بە گرتنی هاوسەرۆکی هەدەپە و ئەندامانی پەرلمان و سەرۆکی شارەوانی‌یەکان، ئەردۆغان پرۆسەی دژە کوودتای گەیاندە ئەوپەڕی خۆی، هەزم کردن و

بپێون و خەونی ئیمپراتۆریەتەکەی ژێر گۆڕ بنێ یان ئەوەی کە وەک خەسڵەتی هەمیشەیی پەنا بۆ چارەسەری سەربازی ببا و شەڕێکی ماڵوێرانکەر هەلگیرسێنێتەوە. ئەوە بێجگە لەوەی ئەردۆغان دەیهەوێ دەسەلاتەکانی پەرلەمان سنووردار بکاتەوە و پشکی زۆری هێز بۆ دەفتەری سەرۆک کۆمارییەکەی بگوازێتەوە. هەبوونی خەباتێکی پەرلەمانی کاراش بەربەست بوو لە بەرامبەر ئەو ویستە پاوانخوازییەی‌دا.

ئەردۆغان کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی‌دا کەوتبۆوە پەراوێزەوە و نەیتوانیبوو پشتیوانی ناتۆ بۆ هێرشکردنە سەر کوردەکانی ڕۆژئاوا بەدەست بێنێ، پیلانەکانی بۆ ڕووخانی ڕێژیمەکەی ئەسەد شکستی هێنابوو، لە دنیای دەرەوەدا بە پشتیوانی لە داعش تۆمەتبار دەکرا، ئاگری شەڕێکی دیکەی هەلایساند و پرۆسەی ئاشتی لەبار برد. حەسانەی پەرلەمانی پەرلەمانتارە کوردەکانی ڕاگرت و شارەکانی میلیتاریزە کرد و چەندین دێهات و ناوچەی کوردستانی وێران کرد و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێتاوانی کردە قوربانی.

پرۆسەی دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە تورکیەدا هاوکات بوو لەگەڵ سرینەوە و پەراوێزکردنی ئەوانی دیکە، بەردەوام بوون و پایەداربوونی ئەو دەوڵەتەش پێویستی بە چەند فاکتێک هەبوو کە تا ئێستاش نوخبەی سیاسیی تورکیە پێیەوە پابەندن، بۆ نموونە هەوڵدان بۆ یەکدەست کردن و یەکڕەنگ کردنی پێکهاتە جیاواەکان و دروست کردنی تاکە نەتەوەی تورک، هەروەها نێوەندگەراییەک کە بە پشتیوانی

هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هۆشیاری سیاسیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک چۆتە سەرێ و بازنەی خەبات فراوانتر بۆتەوە و لە شاخەکانەوە هاتۆتە نێو شارەکان و خەلکی ئاسایی خاوەندارێتی لە پرسی سیاسیی خۆیان دەکەن، ئەو مێتۆدە قورسایی دەوڵەت لە کوردستان دێنێتە خوارێ و دەیهەوێ لەگەڵ ساختاری مەدەنی‌دا رامی بکا. لەخۆرا نیە کە ئەردۆغان نووکی ڕمەکەی بەرەو سینگی ئەو کەسانە ڕاگرتووە کە پێشەنگی ئەو جۆرە خەباتەن. لە کۆتایی‌دا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە دەولەت- نەتەوەکەی ئەردۆغان لەمێژە ئیمتحانی خۆی داوە و ئێستا نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی تورکیەش بە دوای ڕەشبگیرییەکانی ئەو دواییەدا لەگەڵ کۆمەڵێک پرسی هەستیار بەرەوروو دەبێتەوە و هاوکات فشارێکی نێودەوڵەتیشی لەسەرە کە ناتوانێ تا کۆتایی لە ئاست ئەو فشارە جیهانی‌یەدا کەمتەرخەم بێ. ئەردۆغان هەر بەرگێکی دیکە بە سەر دەوڵەت ـ نەتەوە کەی‌دا بکا، لە کۆتایی‌دا ناچارە مل بە داخوازیی سیاسیی کوردەکان بدا، ئەویش لە کاتێک‌دا کە ماشێنی خەباتی مەدەنی و سیاسی لە باکوور وەرێکەوتووە و بێجگە لە فەرهەنگسازی و ئامادەکاری چەندین ساڵە، خاوەندارێتی لە پرسێکی ڕەوای سیاسی دەکا کە نەک هەر بە گرتنی ڕێبەرانی سیاسی بەڵکو هیچ هەنگاوێکی دوژمنکارانە ناتوانێ ڕایبگرێ یان پاشگەزی بکاتەوە.

## چەند هەواڵی ئێران

### دامەزراندنی نوێنەرایەتیی یەکیەتیی ئورووپا لە تاران ناکۆکی لێکەوتەوە

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەوەی کە یەکیەتیی ئورووپا دەیهەوێت لە شاری تاران نوێنەرایەتی دابمەزرێنێ ئەو هەواڵە لەگەڵ کۆمەڵێک هەڵویستی توندی بناژۆخوازەکان رووبەروو بوویەوە.

لە یەکەمین هەڵویستدا محەممەد جەواد لاریجانی بەرپرسی «ناوەندی مافی مرۆڤی دەزگای قەزایی ئێران» ئەوکارەی بە کردەوەیەکی سیاسی‌یانە و مەبەستدار ناوبرد و رایگەیاند کە ئامانجی وڵاتانی رۆژئاوایی دەستێوەردان و پێوەندی گرتنی زیاترە لەگەڵ چالاکانی مەدەنی لە ئێران. ناوبرا لە درێژەی قسەکانی‌دا بە ئاماژەدان بە راپۆرتەکانی ئەحمەد شەهێد ریپۆرتێری پێشووی رێکخراوی نێونەتەوەیی لە کاروباری مافی مرۆڤی ئێران، کۆی راپۆرتەکانی ناوبراوی رەت کردەوەو، لەم بارەوە گوتی: ئێمە هەموو ئەو راپۆرتانە بە سیاسەتی دوژمنانەی چەند وڵات دەزانین کە ئێستاش بە تەمان نوێنەرایەتی لە تاران دامەزرێنن.

هەروەها لەم پێوەندی‌یەدا رۆژنامە «کیهان» دامەزراندنی نوێنەرایەتی یەکیەتیی ئورووپای لە تاران بە شانۆگەریی سەرووبەندی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری داهاتوو لە قەڵەم دا.

شایانی باسە باڵی بناژۆخوازی نزیک بە خامنەیی رایانگەیاندوە کە رێگە نادەن نوێنەرایەتیی یەکیەتیی ئورووپا لە تاران هەبێ و، دەبێ دابخرێ.

### نوێنەرانی ئەمریکا دەیانەوێ گرێبەستی «بوئینگ» هەڵوەشێننەوە

مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا بەدوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستی فرۆشتنی فڕۆکەی بوئینگ بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئەوە لە حالێک دایە کە خەزێنەداریی ئرمریکا لەسەر فرۆشتنی بوئینگ بە ئێران تەئکیدی کردوە.

کوین مەککارتی، رێبەری زۆرینەی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا چەند رۆژ لەوەپێش گوتی: لەم حەوتوویەدا نوێنەران بە مەبەستی هەڵوەشانەوەی گرێبەستی فرۆشتنی فڕۆکە بە ئێران کۆدەبنەوە.

مەبەستی سەرەکیی ئەم کۆبوونەوەیە تاوتوێکردنی فرۆشتنی فڕۆکەی مسافیرهەڵگری بوئینگ بە کۆماری ئیسلامی بە بڕی ١٧ میلیارد دولارە. ئەم مامەڵەیە پاش رێکەوتنی ئێران و زلهێزەکان لە لایەن دەوڵەتی ئۆباماوە کراوە و کۆنگرەی ئەمریکا پێشتر دژایەتیی ئەم رێکەوتنەیان کردبوو.

کۆماریخوازەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فڕۆکەکانی بوئینگ، تیرۆریستەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگوازێتەوە و جێگۆڕکێیان پێدەکا. سەرۆکی کومیسیۆنی ماڵیی مەجلیسی نوێنەرانیش گوتبووی گەڵاڵەی راگرتن یان هەڵوەشانەوەی فرۆشتنی بوئینگ بە ئێران بۆ ئەوەیە کە فڕۆکەکانی ئەمریکا نابێ هیچکات دژی خەڵکی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە کار بێ.

### بانگەوازی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەسەر ئازاد کردنی ٨ زیندانی سیاسیی مانگرتوو

رۆژی سێشەممە، ٢٥ی خەزەڵوەر، رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە پاڵپشتی کردنی خۆی لەسەر دۆخی نالەباری ٨ زیندانی سیاسی کە دەستیان داوەتە مانگرتن بانگەوازێکی بڵاو کردوە.

لەو بانگەوازەدا هاتووە کە داموەزگای قەزایی ئێران نابەرپرسانە ٨ زیندانی سیاسیی مانگرتووی کە رووبەرووی مەرگ بوونەتەوە لە زیندان راگرتووە کە دەبێ لە زووترین کات بێ هیچ مەرجێک ئازاد و چارەسەریی پزیشکیان بۆ بکرێ.

شایانی باسە ٨ زیندانی کە داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و لە چالاکان و مامۆستای قوتانخانەکان لە ئێرانن کە ماوەیەکە بە تۆمەتی هەوڵدان بە دژی ئاسایشی نەتەوەیی دەسبەسەرکراون و ئێستاش دەستیان داوەتە مانگرتن.

رێکخراوەی لێبوردونی نێونەتەوەیی بە لەبەرچاو گرتنی کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی رێژیم داوای لە هەموو رێکخراوەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ کردووە کە بۆ ئازاد کردنی ئەم ٨ زیندانی‌یە مانگرتووە تێ‌بکۆشن.

### سەدی ١٤ای موعتادەکانی ئێران تەمەنیان لە نێوان ١٤ بۆ ١٩ ساڵ دایە

حەمید سەرامی، راوێژکاری سکرتێری گشتیی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە ئێران لە وتووێژێکدا گوتی، بەپێی ئامارەکان سەدی ٨٥ی موعتادانی ئێران تەمەنیان لە خوارووی ٣٤ ساڵ دایە و سەدی ١٤شیان تەمەنیان نێوان ١٤ بۆ ١٩ ساڵە. ئەوە بەو مانایەیە کە نەسڵی نوێی ئێران زیاتر هۆگرییان بە ماددەی هۆشبەر هەیە.

ناوبراو لە درێژەدا گوتی: نەبوونی زانیاری و زانستی پسپۆڕی لە هەمبەر رووداوەکان و بە تایبەت ئیعتیاد، بێ‌ئاگایی و خۆکۆنترۆڵنەکردن لە هەمبەر زیانەکان، چێژە کاتی‌یەکانی لاوان و باوەڕی هەڵە، لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی پەلکێش بوونی نەسڵی نوێ بەرەو ماددەی هۆشبەرە.

هەروەهال سەرامی دەڵێ تەنیا نیگەرانیی بنەماڵەکانی ئەمڕۆی ئێران تووشبوونی منداڵەکانیان بە ماددەی هۆشبەرە و هەر بۆیە دەبێ لەلایەن مامۆستاکانی قوتابخانە کە متمانەترین و خاوێنترین شوێنی کۆمەڵگەیە وانەی بەکارنەهێنان و تەنانەت رێگری کردن لەم ماددەیە بگوترێتەوە.

سەرەڕای هەستیاربوونی بنەماڵەکان بە تووشنەبوونی رۆڵەکانیان بە ماددەی هۆشبەر، بەڵام سەدی ٥٥یان پاش ٣ بۆ ٥ ساڵ دەزانن کە منداڵەکانیان تووشی ماددەی هۆشبەر بوون.

# هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا و پرسی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا

## (بەشی دووەم و کۆتایی)



عەزیز شێخانی

هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا تێپەڕین و دۆناڵد ترامپ بەربژێری کۆمارییەکان وەک سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا. سەرکەوتنی ترامپ لە نێوخۆ و دەرەوەی ئەمریکادا بە شێوەی جیاواز تەتەڵە دەکرێ. وتەکانی ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ پرسە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا هەڵلاسازکەر بوون و بە گیانی بەرژەوەندییە کورتماوەکان بارگاوی کرابوون. دۆناڵد ترامپ بە رستەی ساکار و دروشمی بزوێنەر هەستی بەشێک لە خەڵکی هەڵخراند و وەک ختۆکەدەری خەونی گەورە و ئارەزووی بەشێک لە ئەمریکاییەکان دەرکەوت. ناوبراو، ئۆگرانی گۆڕان و ئەوانەی لە سیاسەتی ئەمڕۆی ئەمریکا ماندوو و شەکەت بوون، لە دەوری چەند دروشمێک کۆکردەوە، کە بە ئاسانی نەبنە کردار.

پرسی کۆچبەران، فەزڵی پارە بە سەر ژینگە و سیاسەتی ژینگەپارێزی، باج و هەروەها ئاڵوگۆڕ لە دەزگای لەشساغی، لە پرسە نێوخۆییەکانی سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکان. ئاسایشی ئورووپا و ناتۆ، کەیسی ڕێکەوتنی ناوکیی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە لەگەڵ ئێران، پێداچوونەوە بە ڕێککەوتننامە بازرگانییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە و هەروەها قبوڵکردن و هەڵکردن لەگەڵ روسیە، خاڵە باسکراوەکانی تایبەت بە پرسە دەرەکییەکانی سەردەمی هەڵبژاردنن. دۆناڵد ترامپ شارەزا و پسپۆڕانی تووشی سەرسوڕمان کردوە و دۆخێکی نادڵنیایی خوڵقاندوە. لۆژیکی سیاسەت و ئیدارەی ئەو پیاوە، لە رەوتی تێپەڕینی کات و چوارچێوەی کردەوەدا دەردەکەوێ. سەرکەوتنی ناوبراو لە بەرنامەی ئیدارەکردنی ئەمریکادا بە چەندایەتی و چۆنایەتی هاوکارەکان، چۆنیەتی رەوتی هاوکاریی نێوان پارتی کۆمارییەکان و نوێنەرەکانیان لە کۆنگرێس و نوێنەران لەگەڵ ترامپ گرێدراوە.

سروشتی سیاسەتی بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تاران و قووڵایی نەخشەی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە فاکتەری سەرەکی لە گۆڕینی روخساری پێوەندییەکانی نێوان دوو وڵات دەژمێردرین. ئاخوندەکان بۆ پاراستنی بایەخی بە ناو «شۆڕشگێریی و ئیسلامی» (ئەگەر بە قسەش بێ) ناخوازن بە کراوەیی لەگەڵ ئەمریکادا بسازێن. ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان رەنگە بۆ قۆناخی دوای عەلی خامنەیی یان شڵەژانی زیاتری بارودۆخ و خواردنەوەی جامی ژەهری زیاتر ئەگەرێکی کراوەتره بێ. ئەو کات مۆرە دەمڕاستەکانی ڕێژیم راشکاوتر لەگەڵ رۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکادا دەدوێن و مامەڵە دەکەن. وانە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، کە هاوکێشەکان لە ئاڵوگۆڕدان و دوارۆژی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لەو هاوکێشەیە بەدەر نییە. لەژێر تیشکی ئەو خوێندنەوەیەدا دوارۆژی پێوەندییەکانی دوو وڵاتی ئاماژرپێکراو کراوەیە. ئەوە کۆی فاکتەرە دەرەکیی و نێوخۆییەکانن، کە پاڵنەری سەرەکی هەڵبژاردنی ڕێبازێکی تازە و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێی پێوەندییەکانن.

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران بە سەر سێ بژاردەدا دابەش دەکرێن. بە گوێرەی بژاردەی یەکەم، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەتوانێ ڕێککەوتننامەی تایبەت بە ناوکی لەگەڵ ئێران زیندوو رابگرێ و بە تەوژمی توندتر یان نەرمتر و لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا، لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مامەڵە بکا. ئێرانییەکان خوازیارن تامی سیاسەتی سەرکۆماری تازەهەڵبژێردراو بکەن و درێژە بە گەمەی ناسراو بە «بێنەوبەردە»ی سیاسی بدەن. پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتننامەی ناوکی بە مەرجی یەکلاکەرەوە بۆ درێژەدان بە دیالۆگ لەگەڵ ئێران دادەنرێ. سەرکۆماری هەڵبژێردراو لە قۆناخی بەربژێر بوونیدا روانینی جیاواز و توندی لەسەر ڕێککەوتننامەی ئاماژەپێکراو لەگەڵ ئێران دەربڕیوە. ئاشکرایە، کە دروشمەکانی هەڵبژاردن رەنگاوڕەنگن و بەشێکی زۆریان تەمەنیان کورتە. دۆناڵد ترامپ لە کۆشکی سپی ئەو دروشم و ڕێکلامانەی بە ئاسانی بۆ پراکتیزە ناکرێ و رەوتی بروکراسی دەسەڵات و سروشتی بەرژەوەندییەکانی وڵات چارەی ئەو پرسانە دەکا. شایانی ئاماژەپێکردنە، کە لە بازنەی سیاسەتی وڵاتێکی گەورەی وەک ئەمریکادا، گۆڕەپان و دەرفەتی جووڵەی سیاسی و بەکارهێنانی تاکتیک بۆ سەرکۆمار و داڕێژەرانی سیاسەت زۆرە. دۆناڵد ترامپ پێشینەی کاری دەوڵەتداری نییە و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بێگومان پشت بە راوێژکار و شارەزایانی ئەو بوارە دەبەستێ. زۆر ئاساییە، کە بۆ سەرکەوتنی کەیسی ئیدارەی ئەمریکا لە ماوەی ٤ ساڵی داهاتوودا، بڕیار و هەنگاوەکانیان لەگەڵ دروشمی هەڵبژاردن زۆر جیاواز بن. لە دۆخێکی ئەوتۆدا، کۆشکی سپی کشانەوەی تەواو لە ڕێککەوتننامەی ناوکیی ئێران ناکاتە بژاردەی یەکەم. ترامپ لە رۆژانی سەرەتای سەرۆکایەتیدا تێدەگات، کە سروشتی کاری بیزنێس و بازرگانی لەگەڵ ئیدارەی وڵاتێکی گەورە بە تەواوەتی لێکجیاوازن. لە ئاکامدا دوور نییە، کە کۆمارییەکان بە روخسارێکی گرژەوە لە بازنەی ڕێککەوتننامە ناوکییەکەدا بمێننەوە. بێجگە لەوە، رەنگە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەستێنی هاوکاریی نێوان ئەمریکا و ئێران زیاتر بکەن. بڕیار و هەڵوێستەکانی ترامپ بێگومان هەڵگری سروشت و تایبەتمەندی خۆی دەبن، بەڵام لە کۆتاییدا ناوبراو و هاوکارەکانی لە دەللاقەی کۆشکی سپی تەتەڵەی رووداوە ناوچەیی و جیهانییەکان دەکەن.

بە گوێرەی بژاردەی دووهەم، ڕێککەوتننامەی ئاماژەپێکراو هەڵپەسێردرێ و کاری پێنەکرێ. لە ئاکامدا پێوەندییەکانی دوو وڵات دەگەڕێنەوە سەر دۆخی جاران. ئەو بژاردەیە دەگونجێ بە دەستپێشخەری کۆشکی سپی یان وەک پەرچەکرداری ئەمریکا بەرامبەر بە پابەندنەبوونی ئێران بە خاڵ و بەندی ڕێککەوتننامەکە بێ. ترس و دڵەڕاوکە لە ئەگەرێکی ئەوتۆ زۆر بەهێز نییە، بەڵام بە هۆکاری جیاواز تەوژم و قورسایی خۆی هەیە. یەکەم، ڕێککەوتننامەی باسکراو لە لایەن دام و دەزگا فەرمییەکانی ئەمریکا واژۆ نەکراوە و تەنیا مۆری سەرکۆماریان لە سەرە. دووهەم، دۆناڵد ترامپ لە رابردوو رایگەیاندوە، کە خوازیاری دووبارە داڕشتنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە. سێهەم، کۆمارییەکان لە دوو مەجلیسی ئەمریکادا زۆرایەتین و بە ئاسانی مل بۆ ویست و سیاسەتی سەرکۆماری دێموکراتەکان نادەن. ئەگەر دۆناڵد ترامپ وەک سەرکۆماری ئەمریکا مل بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە نەدا، رەنگە تەنگژەی زیاتر بخوڵقێ. ئەگەر مەجلیسی سێنا و نوێنەران پشتگیری ئەو سیاسەتە بکەن، بڕیاری سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا هەڵدەپەسێردرێ. شایانی باسە، کە پرسی ئێران و زۆر بابەتی دیکەی تایبەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ریزی یەکەمی لیستی بەرنامەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نابێ. سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراو پێویستە لە نێوخۆدا و بە تایبەت لە پرسی کۆچبەر و بوژاندنەوەی ئابووریدا هەنگاو هەڵگرێ، کە بۆ دەنگدەرانی ترامپ شایانی ئاوڕلێدانەوەن. بێجگە لەوە، کۆی کایەی سیاسەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و رایەڵکەی تازەی پێوەندییەکانی ئەمریکا لەسەر هەڵوێست و سیاسەتی کۆشکی سپی بەرامبەر بە ئێران کاریگەر دەبێ. لۆژیکی سیاسەت لەگەڵ پلانی بردنەوەی هەڵبژاردنەکان جیاوازە و دەربڕینە ئاگرینەکانی ترامپ، لە هەڵبژاردنەکاندا کرۆکی سیاسەت و دیپلۆماسیی ئەمریکا داناپۆشن.

بژاردەی سێهەم، پەڕینەوە لە ڕێککەوتننامەی ناوکی و ئاسایی کردنەوەی پێوەندیی نێوان ئەمریکا و ئێرانە. جێبەجێکردنی ئەو بژاردەیە پێویستی بە کاتی زیاتر و کاری بنەڕەتی و هەروەها وەرچەرخانی گەورەیە. سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراو و تەنانەت بەربژێری دێموکراتەکانیش بۆ پۆستی سەرکۆماریی ئەمریکا پلان و بەرنامەیەکیان بۆ ئەو بژاردەیە نەبوو. شایانی ئاماژەپێکردنە، کە ڕێژەیەک سیاسەتکار و داڕێژەری سیاسەت لە ئێران و ئەمریکادا بەرچاودەکەون، کە ئۆگریان بۆ کۆتایی هێنان بە سیاسەتی توند و رەق بەرامبەر بە یەکتر هەیە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە خەڵکی ئەو دوو وڵاتە و هەروەها رابردووی کۆنی هاوکاری و پێوەندییەکانیان خاڵی ئەرێنی زۆری تێدایە. لە بەرامبەردا، دژبەرانی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان زۆرن و لە لوتکەی دەسەڵاتی ئێران و ئەمریکادا خاوەن بڕیارن. بەرەی کۆنەپارێزی ئێران و ڕێبەرەکەیان بە هەموو سیغەیەک ترسیان لە کرانەوەی زیاتر بەڕوی ئەمریکادا هەیە. ئەوان داخران و سەرشاخ بوون لەگەڵ ئەمریکا بە سیاسەتی گونجاو دەزانن و بە کردەوەش سوودیان لێوەرگرتوە. نیزامی ئێران، لە نێو داڕێژەرانی سیاسەت و ستراتیژیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هێشتا لە مەنزوومەی سیستمە بێزراوەکان دایە. کۆماری ئیسلامی بە یارمەتیدەری تێرۆریزم، هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئیسڕائیل و هاوپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەناسێندرێ. لە روانگەی بەرە جیاوازەکانی سیاسەت لە ئەمریکا ، نیزامی ئێران بەو فۆڕم و شێوازە، لەگەڵ بایەخ و چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکادا ناگونجێ.

سەرکەوتنی بەربژێری دێموکڕاتەکان لە ئەمریکا بۆ ئێران بژاردەیەکی گونجاو و ئەرێنی بوو، چونکە بەرامبەر بە نیزامی ئێران سیاسەتی ئارامتریان رەچاو کردوە. بێجگە لەوە، دەسەڵاتدارنی ئێران لە پرسی ڕێککەوتننامەی ناوکی لەگەڵ دێموکراتەکاندا چەند ساڵە دیالۆگ دەکەن و باشتر لە کۆدە کولتوری و دیپلۆماسییەکانی یەکتر دەگەن. کۆمارییەکان بۆ بەرپرسانی تاران و بە تایبەت کەسیکی وەک دۆناڵد ترامپ و ستافی داڕێژەرانی سیاسەتی کۆشکی سپی بابەتێکی رەقە، کە پێویستی بە کات و راهێنانە. ڕێژیمی تاران خوازیارە، کە کۆشکی سپی لە دوای هەڵبژاردن بە ڕێککەوتننامەی ناوکی پابەند بێ. ئاخوندەکان و داڕێژەرانی سیاسەت لە ئێران بە کردەوە بۆیان دەرکەوتوە، کە دژکردەوەی ناعەقڵانی بەرامبەر بە زلهێزە گەورە و رۆژئاواییەکان، ئێران زیاتر پەراوێز دەخا. ئەوان بۆ نێوخۆ و لە بەرەی میدیا و دیپلۆماسیدا دروشم و وتە کۆنەکان دووپات و چەندپات دەکەنەوە، بەڵام لە کردەوەدا بڕیار و سیاسەتەکانیان لەسەر کفوکوڵی تێپەڕ هەڵناچنن. بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە سروشت لەسەر بناخەی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی خۆیان سیاسەت دەکەن و ژێرخان و سەرخانی سیاسەتی دەرەوەیان هەڵسەنگێندراوە. سیاسەت و دیپلۆماسیی نێوان واشنگتۆن و تاران، لەگەڵ رایەڵکەی رووداوە خوازراو و نەخوازراوەکاندا هاوبەندە و رەنگە هاوکێشەی هێز لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دوو وڵات زیاتر کۆکاتەوە یان لە یەکتر دووریان کاتەوە.

ڕێبازی سیاسەتی نێوان دوو وڵات لە ماوەی نێزیک بە چوار دەیەدا، ماسولکەکانی بڕیار و سیاسەتی نەرم و خۆشکردوە و لە هەر دووک بەرەدا چاوەکان لەسەر یەکتر تیژ و کراوەن. ئەمریکا و رۆژئاواییەکان شارەزای سروشتی دەسەڵاتی ئێرانن و دەزانن، کە بڕیاردان لەو وڵاتە بە چ کاناڵێکدا تێدەپەڕێ و چ دزگایەک لە کۆتاییدا بڕیار دەدا. بێگومان دەزگای دیپلۆماسی و بڕیاردانی ئێران بۆ رۆژئاواییەکان سەرئێشەی زۆرە، چونکە سیاسەتکار و بڕیاردەرەکان بە کولتوری تەفرەدان و نەریتی خۆیان دەزگای دیپلۆماسی هەڵدەسووڕێنن. تێڕوانینی رۆژئاواییەکان بۆ سیستمی سیاسی و دەزگای بڕیار لە ئێراندا کامڵ و تەواو نییە و بە پێوانەی خۆیان دەزگای دەسەڵاتی ئێران هەڵدەسەنگێنن. بەشێکی زۆر لە سیاسەتمەدارە تازە کارە رۆژئاواییەکان، لە دوو رووی سیاسیی نیزامی ئاخوندەکان وەک پێویست تێناگەن. کۆنەکارەکانیش لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی وڵات و گەلەکانیان، لە زۆر راستیی نیزامی ئێران خۆیان دەبوێرن و راوی شیرینیەکان دەکەن.

بارودۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و هتد. لە جیرانەتی ئێران و تەوژمی ئاڵوگۆڕە نێوخۆییەکانی ئێران بە تێکڕا کاریگەریان لەسەر پێوەندیی نێوان ئەمریکا و نیزامی ئیسلامی لە تاران دەبێ. زۆربوونی ڕێژەی قەیرانەکان و پەلهاویشتنی ئێران لە ڕێگا و کاناڵی ئایینی و دەستە و گرووپی کرێگرتە، مەیدانی مانۆڕی ئاخوندەکانی زۆرتر کردوە. هاوکێشەکان گۆڕاون و بە تایبەت لاوازبوونی عێراقی کۆنەرقەبەری ئێران، زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و رۆژئاوا ناچار دەکا، کە ئێران لەسەر پرس و داهاتووی ناوچەکە پەراوێز نەخەن. وانەکانی سیاسەت دەیسەلمێنن، کە دەوڵەتەکان لەسەر ئەرزی واقع سیاسەت دەکەن و بەرژەوەندییەکانیان چرا و مەشخەڵی پێوەندییە دەرەکییەکانن. لە جیهانی سیاسەتدا دوژمنایەتی یان دۆستایەتی هەتا سەر نییە و پێوەندیی ئێران و ئەمریکاش لەو یاسا باوە بەدەر نییە. ئۆباما و دێموکراتەکان دەرگای ئەو پێوەندییانەیان لەگەڵ ئێران کردۆتەوە و گەشەپێدان و زیاترکردنی بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەر، کە پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتننامەی ناوکی بە کۆڵەکەی سەرەکیی ئەو پێوەندیانە پێناسە دەکرێ. پەرەگرتنی شەڕەدندوکەی هاوشێوەی شەڕی سارد لە نێوان ئەمریکا و روسیە و هەروەها بوونی قەیرانی ئۆکڕاین و سوریە بە گوێرەی پێویست دەرفەتی جووڵەکردنی زیاتریان بۆ ئێران خوڵقاندوە.

ئامانجی ئێران و بەرپرسانی ڕێژیم سووڕانەوە لە دەوری ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیدا نییە. ئامانجی بەڕێوەبەرانی ڕێژیم ئازادکردنی دراو و پارە بلۆککراوەکان، سووککردن و لابردنی ئابلۆقەی سەر ئێران و وەرگرتنی رۆڵی گەورەترە. ئێران لە بواری حەشیمەتەوە خەڵکێکی زۆری لێدەژی، کە بۆ شیرکەت و وڵاتە رۆژئاواییەکان بازاڕێکی گەورەیە. ڕێژیمی تاران بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و سووکتربوونی تەوژمی ئابلۆقەی سەر وڵات، سفرەیەکی پان و بەرینیان بۆ رۆژئاواییەکان راختسوە. ئەوان روحی بەرژەوەندیخوازیی رۆژئاوا دەناسن و دەخوازن مەیدانی کێبەرکێی نێوان دەوڵەت و شیرکەتە رۆژئاواییەکان خۆشتر بکەن. شایانی باسە، کە رۆژئاواش لە پرسی پەرەپێدانی زیاتری بازرگانی لەگەڵ ئێران و زۆر وڵاتی دیکەی هاوشێوەدا مەیلێکی کۆن و هەستێکی تێرنەبوویان هەیە. ئەمریکاش لەو نێوەدا سەرتۆپی وڵاتە رۆژئاواییەکانە و بە چەندان شێواز و کاناڵ هەوڵی پاراستنی و پەرەپێدانی رۆڵی زلهێزانە و بەرژەوەندییەکانی دەدا. تاقیکارییە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، کە قووڵایی ستراتیژی زلهێزێکی وەک ئەمریکا دابینکردنی سوود و بەرژەوەندیی وڵات و نیشتمانی خۆیانە. پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکاش رەچاوی ئەو یاسا باوەی سیاسەت دەکەن.

راستیی و حەقیقەت، لە کرۆکی سیاسەتدا جێگایان لەرزۆرکە. دابینکردنی بەرژەوەندییەکان، رازاندنەوەی ویست و داخوازەکان، هەوڵدان بۆ مانەوە و قۆستنەوەی دەرفەتەکان جەوهەری راستەقینەی سیاسەت پێکدێنن. سیاسییەکان و داڕێژەرانی بڕیار بە هەڵخڕاندنی هەستی مرۆڤەکان شەڕی باوەڕ و ئامانجەکانی خۆیان دەکەن. مرۆڤەکان بە کردەوە لە جیهانی پێشکەوتوو و داواکەوتوودا دەرفەتی قوتبوونەوەی سیاسەتکارەکان دەڕەخسێنن و لەو پرۆسەیەدا لۆژیک و بیرکردنەوە دەرەقەتی هەست و کفوکوڵی تێپەڕ نایەت. چاوەڕوانی کات دەبین و بزانین، کە دۆناڵد ترامپ دەتوانێ بە ستایلی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی و هەروەها هات و هاواری هەڵبژاردن، ئەسپی هەوەسی سیاسەت تاوبدا؟ ئاشکرایە، کە لە کۆشکی سپیدا دۆناڵد ترامپ بە ستایل و شێوازی خۆی تێدەکۆشی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی بپارێزێ و ئەو کۆشکە بە ئاسانی ناکرێتە کلوبی بازرگانەکان. ترامپ لە کۆشکی سپی ناچارە رۆڵی سیاسەتکارێک یاری بکا و لەو گۆڕەپانەدا زۆر مێشک و دەست یارمەتی دەدەن. لە بیرمان بێ، کە باڕاک ئۆباما بە دروشمە گەورەکانی زۆری نەگۆڕی و دۆناڵدیش بە دروشمە ناتەباکانی زیاتری بۆ ناگۆڕێ. سروشتی سیاسەت گۆڕاوە و رەنگە قەیرانی چۆنایەتی دەنگدانی تاک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا توانای هەڵگرتنی خەمەکانی ئەمڕۆی نەبێ. بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ و بایەخ بۆ دەنگدان و دەنگوەرگرتنی تاک، پێویستە لۆژیک و بیرکردنەوە جڵەوی کفوکوڵ و هەستە تێپەڕەکان بگرنەوە.



«ترامپ لە رۆژانی سەرەتای سەرۆکایەتیدا تێدەگات، کە سروشتی کاری بیزنێس و بازرگانی لەگەڵ ئیدارەی وڵاتێکی گەورە بە تەواوەتی لێکجیاوازن. لە ئاکامدا دوور نییە، کە کۆمارییەکان بە روخسارێکی گرژەوە لە بازنەی ڕێککەوتننامە ناوکییەکەدا بمێننەوە. بێجگە لەوە، رەنگە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەستێنی هاوکاریی نێوان ئەمریکا و ئێران زیاتر بکەن. بڕیار و هەڵوێستەکانی ترامپ بێگومان هەڵگری سروشت و تایبەتمەندی خۆی دەبن، بەڵام لە کۆتاییدا ناوبراو و هاوکارەکانی لە دەللاقەی کۆشکی سپی تەتەڵەی رووداوە ناوچەیی و جیهانییەکان دەکەن»

# ڕەوشی میدیا لە حکوومەتی ویلایەتی فەقیهی ئێران‌دا



ئێحسان فەتاحی
و: تەهای ڕەحیمی

بەبێ ئامرازی بەهێزی میدیایی و ڕاگەیاندن کە بەجۆرێک لە جۆران کۆنترۆڵی چالاکی‌یەکانی کۆمەڵگە دەکەن، وڵات ناتوانێ ژیانی دروست و بێ گرێوگۆڵی خۆی درێژە پێ بدا. پاش هاتنە سەرکاری حکوومەتە سەرەڕۆ و ئایدیۆلۆژیستەکان کە دەست دەخەنە هەموو یاسا و ڕێساکان و ئایدیۆلۆژی وەک ئامراز و خەڵک وەک کۆیلە بۆ مانی سیاسیی خۆیان بە کار دێنن، ژیانی میدیا و ڕاگەیەنەکان و سڵامەتی ئاشکراکردن و لەقاودرانی زانیارییەکانیش دەکەونە بەر مەترسی و دەتوانین بڵێین ڕاگەیەنەکان لەو چەشنە حکوومەتانەدا یەکێک لە سەرەتاییترین ئامانجەکانن کە حکوومەتەکان هەوڵی لەباربردن و دەستەمۆکردنیان دەدەن.

لە ئێرانیش‌دا ئەو دەستەمۆکردنە بەهۆی نەبوونی پارت و لایەنی ئازاد و ڕێکخراوە کۆنترۆڵکەرەکان خێرا گۆڕێکی توندوتیژ بەخۆوە دەگرن و لە قۆناخە جۆراوجۆرە مێژووییەکانی ئەو وڵاتەدا، ئێمە بینەری داخرانی ڕۆژنامەکان و دەسبەسەرکران و کوژرانی ڕۆژنامەنووسە چالاک و داکۆکیکارانی ماقی مرۆڤین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە دوو ماددەدا لە بەشی سێیەمی قانوونی ڕاگەیاندنی ئێران‌دا ڕوون کراوەتەوە «لە ئێراندا ڕاگەیەنەکان دەتوانن بیروبۆچوون، ڕەخنەی بنیاتنەر، پێشنیار، شیکردنەوەکانی خەڵک و بەرپرسان بە لەبەر چاوگرتنی چوارچێوەی ڕێساکانی ئیسلام و بەرژەوەندیی کۆمەڵگە بڵاو بکەنەوە و بیخەنە بەر دید و ڕای گشتی و، هەروەها هیچ پلەدارێکی دەوڵەت و لە دەرەوەی دەوڵەتیش مافی ئەوەی نیە بۆ چاپی بابەت و یان وتارێک گوشار بخاتە سەر میدیاکان یان ئەوەی بیەوێ سانسۆڕ و کۆنترۆڵی ڕاگەیەنەکان بکا»

ڕەوشی میدیا لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە هەواڵنێر و سینەما و کتێب و زانکۆکانەوە بگرە هەتا دامودەزگە پێوەندیدارە جیاوازەکانی دیکەوە زۆر کارەساتبارە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی سەرچاوە هەواڵی‌یە دەرەکی‌یەکان، ئێران لە نێو ١٧٩ وڵاتی جیهان‌دا، خوارتر لە ئۆزبەکستان، سومالی و گینەی ئوستوایی، دەکەوێتە پلەی ١٦٩ەوە.

هەواڵنێرانی بێسنوور هەروەها دەڵێن سەرەڕای باشبوونی ڕێژەیی پێوەندییە دەرەکی‌یەکانی ئێران، ئەو وڵاتە هێشتاش «یەکێکە لە سەرکوتکەرترین وڵاتانی بواری ئازادی ڕاگەیاندن». لە ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردوودا، ئێران کەوتبووە پلەی ١٧١ەوە کە ئەمساڵ دوو پلە بەرزتر بۆتەوە.

ڕاپۆرتی ئیسنا بەبێ ئاماژە بە پلەی ئێران

ڕەوشی ئازادی ڕاگەیاندن خراپتر بووە

ئیسنا لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلدا

و، بەبێ هێنانی ناوی ئێران دەنووسێ: ڕەوشی ئازادی ڕاگەیاندن و میدیاکان لە جیهان‌دا بۆ ساڵی ٢٠١٥ خراپتر بووە. چین، سووریە، تورکەمەنستان، کورەی باکوور و ئێریتێرە لە پلەبەندی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنووردا، لە نێو ١٨٠ وڵات‌دا، دەکەونە دوایین پلەکانەوە.

«کاتێک باسی پارەی نەوت یان پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگە دەکرێ و ڕەخنە لە دەوڵەت دەگیرێ، تۆمەتی سیخۆری و پیلانگێڕی بۆ ڕۆژنامەنووسان هەڵدەبەسترێ. هێزە ئەمنییەتی‌یەکان، چ ئەوانەی لە بەشی میدیا و چ ئەوانەی لە دادگادا کار دەکەن، هەر بەپێی ئەو تۆمەتانە ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکان دەسبەر و زیندانی دەکەن و بە سەرکوتکردن لە ئاستەکانی خواروی کۆمەڵگەدا بە چەشنێک درێژە بە شەڕی دەسەڵات لە ئاستەکانی سەروو دەدەن.»

لە لایەکی دیکەوە حەسەن ڕوحانی لە ڕۆژی میدیادا وتبووی: «قەڵەمی شکاو و زاری بەستراو چی پێدەکرێ؟ بە بیانووی پڕوپووچەوە قەڵەمەکان نەشکێنین، بە بیانووی سووک و بێبایەخەوە زارەکان گرێ نەدەین. لێگەڕێین ئەو کۆمەڵگەیە ئازادی هەبێ و لێگەڕێین ئازادیش بەرپرسانە بێ. ئەمڕۆ تەناهی و ئەمنییەت سەرەکیترین شتە بۆ ئێمە، بەڵام پێتان وانەبێ تەنیا بە چەک تەناهی بەدی دێ و، یان دەپارێزرێ، دیارە لە جێی خۆی‌دا چەکیش پێویستە. بەڵام قەلەم چی؟ بەڵام ڕادەربڕین چی؟ بەڵام فەرهەنگ؟»

لە لایەکی دیکەشەوە لاریجانی ئاشکرا ئاماژە بە ڕوحانی دەکا و دەڵێ: «برای بەڕێز تۆ، بۆخۆت زارەکی و بەنووسین و لە ڕێگەی خەڵکی دیکەوە یان ڕاستەوخۆ چەندین جارتان وتوە بۆ فلانە ڕۆژنامەنووس یان فلانە سایت وشیار ناکەنەوە، یان لای ڕێبەری گلەیی دەکەن بۆچی دەزگەی دادوەری فلانە ڕۆژنامەی وریا نەکردۆتەوە.

بەڵام کاتێ دەگەنە لای خەڵکی ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، دەنگ بۆ ئازادی میدیاکان هەڵدەبڕن و دەڵێن قەڵەمەکان مەشکێنن و زارەکان مەبەستن!»

ئەوە لێدوانە دووڕوویانانەی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نیشاندەری ناکارامەیی و پاکانەکردنی ئەوانە لە کۆڕ و کۆمەڵە گشتی‌یەکان‌دا.

سەرەڕای ئەوەی ڕوحانی لە کاتی هەڵبژاردنەکان‌دا بەڵێنی دا بە خەڵک کە من سەرهەنگ نیم، بەڵکوو مافناسم، بەڵام بەگوێرەی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زیاترین ئامار و ڕێژەی ئیعدام و گرتنی هەواڵنێران و باشنەبوونی میدیاکان لە سەردەمی سەرکۆماری ڕوحانی‌دا ڕووی داوە.

ئەوانەی دەڵێن ئازادی ڕادەربڕین ئاستی تەناهی نەتەوەیی دادەبەزێنێ، هیچ وا نیە. هەر کاتێ بینەری «بەهاری تاران» بووین، دیتوومانە سەرپێچی و گەندەڵی ئابووری و... کەم بۆتەوە، بەڵام هەر کاتێ کەشی میدیاکان، هەوایەکی تاڵ دایدەگرێ، گەندەڵیش پەرە دەگرێ.

بەناوبانگە کە دەڵێن: «ئەزموونی مرۆیی نیشانی داوە کە چەمکی ئازادی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەک‌دا بەگوێرەی دۆخی دژبەران و ڕەخنەگرانەوە پێناسە دەکرێ. بە چەشنێک دەتوانین بڵێین ئازادی واتا ئازادیی دژبەران».

بەپێی ئەو تێگەیشتنە، پرسیارێک لای هەموومان سەرهەڵدەدا کە «ئازادیی ڕاگەیاندن» لە کۆمەڵگەی هەنووکەیی ئێمەدا چ بارودۆخێکی هەیە؟ کە هەمان ئەو پرسیارەیە نووسەری ئەو وتارە خۆی لە وڵامەکەی دەپارێزێ!

> ❝ سەرەڕای ئەوەی ڕوحانی لە کاتی هەڵبژاردنەکان‌دا بەڵێنی دا بە خەڵک کە من سەرهەنگ نیم، بەڵکوو مافناسم، بەڵام بەگوێرەی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زیاترین ئامار و ڕێژەی ئیعدام و گرتنی هەواڵنێران و باشنەبوونی میدیاکان لە سەردەمی سەرکۆماری ڕوحانی‌دا ڕووی داوە ❞



> ❝ ئەزموونی مرۆیی نیشانی داوە کە چەمکی ئازادی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەک‌دا بەگوێرەی دۆخی دژبەران و ڕەخنەگرانەوە پێناسە دەکرێ. بە چەشنێک دەتوانین بڵێین ئازادی واتا ئازادیی دژبەران ❞

## ڕۆژەڤی ئێران

# سەرکەوتنی ترامپ و ڕوانینە جیاوازەکان لە ئێران‌دا



حەسەن شێخانی

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە ڕاگەیەنە ڕەسمی و ناڕەسمی‌یەکانی‌دا زۆر باسی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا کرا و پێش و پاش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەو وڵاتە، قەبارەیەکی گەورە لە بابەت و شرۆڤە و هەڵسەنگاندن و لێدوانی بۆ تەرخان کرا. یەکەم لەبەر ئەوەی کە ئەمریکا وڵاتێکە کە لە سەرووی هەیکەلبەندیی سیستمی نێونەتەوەیی‌دا جێ دەگرێ و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا و لە تەنیشت سنوورەکانی ئێران حزوورێکی کاریگەری هەیە. دووەمین هۆکار ئەوەیە کە ئێران و ئەمریکا پێشینەیەکی دووروودرێژی دوژمنایەتی‌یان لەگەڵ یەکتر هەیە و هەرکام لەو دوو وڵاتە یەکتر بە مەترسی و دوژمنی سەرەکیی خۆیان دەزانن؛ هەر ئەمەش وایکرد کە بەشێکی بەرچاوی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی دوو ڕکەبەری دێموکرات و کۆماریخواز بۆ پرسی ئێران تەرخان بکرێ. هەروەها لەم یەک دوو ساڵەی دواییش‌دا ئێران ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ٦ وڵاتی بەهێزی دنیا واژۆ کردووە کە لە نێو ئەوان‌دا ئەمریکا کاریگەرترین وڵات لە بەسەرنجام گەیاندنی ئەو ڕێککەوتنەدا بوو، هەروەها لایەنی سەرەکیی ئێران بوو لەو دانوستانانەی کە «بەرجام»یان لێکەوتەوە. بەم هۆیانە لە ئێران‌دا سەرنجی تایبەت خرابۆوە سەر هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا و، بەدواداچوونی ئەوە دەکرا کە کام یەک لە کاندیداکان سەردەکەون و دەبێتە ٤٥ەمین سەرکۆماری ئەمریکا و دۆسیەی پێوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە چی لێدێتەوە و سەرکۆماری داهاتوو چ مامەڵەیەک لەگەڵ بەرجام دەکا.

هەرچەند بەشێک لەو ڕوانین و شرۆڤە جیاوازانەی کە لە ڕاگەیەنە ناڕەسمی‌یەکانی ئێران‌دا لە مەڕ ئەو پرسە هاتوونە ئارا، لە ڕاگەیەنە ڕەسمی‌یەکانیش‌دا ڕەنگیان داوەتەوە و وەک یەک دەچن، بەڵام لەم وتارەدا ڕوانین و شرۆڤە جیاوازەکانی نێو ڕاگەیەنە ناڕەسمی‌یەکان دەکرێنە بنەمای لێکدانەوە و، لەم سۆنگەوە دەکرێ ٣ جۆر ڕوانین لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا و سەرکەوتنی ترامپ دەستیشان بکرێ. شایانی باسە لەم پۆلێن‌بەندی‌یەدا چەشنێک ڕێکاری سادەسازی و گشتاندن ڕەچاو کراوە؛ چونکە لە نێو هەر تەیفەی کە لە خوارەوە باسیان دەکرێ، ڕوانین و بۆچوونی جیاواز بەرچاو دەکەوێ و، وا نییە کە هەر تەیفەی ڕوانین و بۆچوونێکی یەکسانی لە قالبدروایان هەبێ.

**ڕوانینی یەکەم:**

ئەگەر سەیری ڕۆژنامەکانی سەربە بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخوازتان لەو ماوەیەدا کردبێ، هەر لە مانشێتی ڕۆژنامەکانیان بۆتان دەردەکەوت کە تەیفی میانەڕۆ و ریفۆرمخواز بە زۆری(عمدتا) سەرکۆماریی هیلاری کلینتۆنیان زیاتر بە مەسڵەحەت و بەرژەوەندیی ئێران دەزانی. لە ڕوانگەی وانەوە سەردەمی سەرکۆماریی باراک ئۆباما دەورانێکی کەموێنە بوو لە مێژووی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکادا؛ ئۆباما ڕویکەردێکی نەرمتری بە نیسبەت ئێران هەبوو و لە دەورانی ویش‌دا ڕێککەوتنی ناوکی واژۆ کرا. تەنانەت لە نێو شرۆڤەکارانی ریفۆرمخوازدا کەسانێک هەبوون کە دەیانگوت ڕۆژێک دادێ کە ئێران ئاخ بۆ دەورانی ئۆباما هەڵدەکێشێ. ئەوانە هیلاری کلینتۆنیان بە درێژەدەری ڕویکردی ئۆباما دەزانی و هەرچەند دەیانگوت لەوانەیە ڕیتمێکی توندتر و سەختگیرانەتر لەمەڕ ئێران بگرێتە بەر.

ئەم گرووپە بە سەرنجدان بە مێژینەی مامەڵەی توند و ڕەقی سەرکۆمارە کۆماریخوازەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و، لێدوانە توند و هەڕەشەئامێزەکانی دۆناڵد ترامپ سەبارەت بە ئێران و بردنە ژێر پرسیاری ڕێککەوتنی ناوکی و، ناڕوونی پلان و بەرنامەکانی، نیگەرانی هاتنە سەرکاری ترامپ بوون و بە هاتنە سەرکاری خۆشحاڵ نین. بە تایبەت لەبەر ئەوەی کە شیمانە دەکرێ لە کابینەکەی‌دا و بە تایبەت لە تیمی سیاسەتی دەرەوەدا لە کەسانی توندڕۆی کۆماریخواز، کە هەڵوێستی توندیان لە هەمبەر ئێران هەیە، کەڵک وەرگرێ.

**ڕوانینی دووەم:**

ڕوانینی دووەم پێی وایە کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دێموکرات و کۆماریخوازەکان بە نیسبەت ئێران نیە و هەردووک ئۆردووگا لە دوژمنایەتی و هەوڵدان بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئێران هاوبەشن و تەنیا لە تاکتیک ومیتۆدەکان‌دا جیاوازییان هەیە. هەڵگرانی ئەم ڕوانینە بە زۆری ئوسوولگەراکانن کە وێکچوویی زۆریان لەگەڵ بۆچوونی فەرمی بنیاتە حاکمییەتەکان هەیە. ئەوان وا دەنوێنن کە بەلایانەوە فەرق ناکا کە کام یەک لە کاندیداکان دەبنە سەرکۆمار.

ئوسوولگەرا توندئاژۆکان هەر مەلێک کە جیاوازییەک لە نێوان دێموکرات و کۆماریخوازەکان بە نیسبەت ئێران قایل بێ، بە توندی سەرکۆنە دەکەن و تەنانەت نیگەرانی ریفۆرمخوازەکان لە سەرکۆماریی ترامپ بە «ترسی دەستکرد» بۆ کەڵک وەرگرتن لە هاوکێشە سیاسی‌یە نێوخۆییەکان‌دا ناوزەد دەکەن.

ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر تەیفی ئوسوولگەرا پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵ بکەین: ١)لە قووڵایی لێدوان و لێکدانەوەکانی ئەوانیش‌دا نیگەرانی‌یەک بە نیسبەت ڕویکەرد و سیاسەتەکانی ترامپ لە هەمبەر ئێران بەدی دەکرێ. ٢)ڕەوتە توندڕەوەکان لە دنیادا بە هاتنە سەرکاری یەکتر خۆشحاڵن. سەیری ڕەوتە ڕاسیستەکانی ئورووپا بکەن کە چۆن بە بردنەوەی ترامپ شاگەشکە بوون. لە ئێرانیش‌دا ئوسوولگەرا توندڕەوەکان سەرکۆماریی ترامپ لە بەرژەوەندیی خۆیان‌دا دەبینن. بەتایبەت ئەوانەی کە موخالیفی بەرجام بوون و بەم پێیە دروست کردنی هەرچەشنە کۆسپێک لە لایەن ئەمریکا لەسەر ڕێی جێبەجێکردنی بەرجام، وەک بەڵگەیەک بۆ بێ‌متمانەیی بە ئەمریکا لەقەڵەم دەدەن. بە گشتی هەرچەشنە سەختگیری و هەنگاوی دژبەرانەی ئەمریکا لە هەمبەر ئێران، وەک بیانوویەک بۆ هێرش بۆ سەر بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخواز دەقۆزنەوە.

**ڕوانینی سێهەم:**

خاوەنانی ئەم ڕوانینەش پێیان وایە دەبێ چاوەڕوان بن و لە هەر چەشنە هەڵوێستێکی بەپەلە لە هەمبەر ترامپ خۆ پارێزن؛ چونکە ترامپی سەرکۆمار جیاوازە دەبێ لەگەڵ ترامپی سەردەمی بانگەشەکانی هەڵبژرادن. یەکەم: سیستمی حاکمییەتی ئەمریکا ئیجازەی پێ نادا کە ترامپ بە کەیفی خۆی بجووڵێتەوە و مەیدانی لێ بەرتەسک دەکاتەوە. دووەم: ئەوەندەی کە لە بەرنامەکانی ترامپ دەخوێندرێتەوە، ترامپ تەرکیز دەخاتە بواری نێوخۆیی ئەمریکا و پرسەکانی دەرەکی لە ئەولەوییەتی دواتردا جێ دەگرن. سێهەم: ڕێککەوتنی ناوکی لە قازانجی دەوڵەتی ئەمریکاشە و کۆی سیستمی ئەمریکا لەم بارەوە بڕیاری داوە و پەیمان‌شکێنی ئەمریکا زیان لە پرێستیژی ئەمریکا دەدا. لە لایەکی دیکەش ئێران بە نیسبەت دەورانی بووشی کوڕ، بەهێزتر بووە و ئەمریکاش ئەو تاکە زلهێزەی کە لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست‌دا یەکلایەنە دەجووڵایەوە، نەماوە. ئەگەر ئێران هەروا پابەندیی بەرجام بێ، هەرچەشنە کردەوەیەکی پێچەوانەی ئەمریکا، دروست کردنی کۆدەنگی لە دژی ئێران سەختتر دەکا. بەم شیکردنەوەیە کە هەندێک شرۆڤەکار سەرکەوتنی ترامپ بە قازانجی ئێران دەزانن.

## خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات



**سمایل شەرەفی**

**پێشەکی:**

لەگەڵ ئەوەیکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە رووی کار و تێکۆشانی سیاسی و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی‌یەوە مێژوویەکی تەژی لە دەوڵەمەندی هەیە، بەڵام لە رووی کار و چالاکیی مەدەنی‌یەوە، تازەکارە. ئەو ڕاستی‌یە نابێ وا لێک بدرێتەوە کە خەباتی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوور بووە لە «مەدەنییەت». لە حەقیقەت‌دا پەیامی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت لە حەفتا ساڵی رابردوودا، بە دامەزرانی کۆماری کوردستان و بە پێشەنگایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەردەوام و هەمیشە ئاشتیخوازی و چارەسەری لە ڕێگای دانوستان و وتوێژەوە بووە و تائێستایش درێژەی هەیە. بەڵام ئەمە تەنیا لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسی – حیزبی‌دا بووە و، ماهییەتی نیزامە دەسەڵاتدارەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی کە لەسەر بنەمای سەرکوت و داپڵۆسین بنیات نراوە، ئیزنی بە شۆڕبوونەوەی ئەم تێڕوانینە مەدەنی‌یەی بۆ نێو کۆمەڵگە و گەشەسەندنی نەداوە.

**خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات:**

دوای ئەوەیکە وڵامی داخوازی‌یە ئاشتیخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە سەرکوت و پشتگوێخستن درایەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێشەنگایەتی داخوازی‌یەکانی خەڵکی دەکرد، شەڕێکی نابەرانبەر و خوێناوی بەسەردا تەحمیل کرا کە تائێستایش بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. حاشایش لەوە ناکرێ کە شان‌بەشانی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، شاهیدی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی نێوخۆی وڵاتیش بووین کە زۆر جار بە پێناسەی «مەدەنی»یەوە ناوی هێنراوە و باسی لەسەر کراوە.

جموجۆڵی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆناغی جۆراوجۆری بە خۆوە بینیەوە کە ئامانجی باسەکەی ئێرەمان نیە و ئەوە لێرەدا باسی لێوە دەکەین تەنیا یەکێک لە قۆناغە هەستیارەکانی ئەم بزووتنەوەیە کە ئەویش بریتی‌یە لە قۆناغی «دەربازبوون لە بێ‌تەفاوەتی».

زۆر لەو ساڵانە دوور نەکەوتووینەتەوە کە هەرکات باس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرا، دەسبەجێ باس لە واقعیەتێکی تاڵ بە ناوی «کپ بوون و لە پەراوێزدا بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» دەکرا کە باسکردن لە هۆکارەکانی بۆخۆی باسێکی تایبەتە. لەم قۆناغەدا هەرچەند چالاکی‌یەکان وەک ئەمڕۆژانە هەمەگیر و جەماوەری نەبوون، بەڵام کۆمەڵە جموجۆڵێکی پچڕپچڕ هەر لە ئارادا بووە کە لەگەڵ ئەوەیکە تەنیا و تەنیا پشتی بە ئازایەتیی کۆمەڵە چالاکوانێکی ئازا و نەترس بەستبوو، بەڵام زۆر دیار و بەرچاو نەبوو.

لەم قۆناغەدا جیا لەوەیکە فەزای سیاسیی ئێران بۆ ئەم جۆرە جموجۆڵانە لەبار نەبوو، لە ئاستی خودی کوردستان و هێز و سیاسی‌یەکانیش‌دا نەتەنیا پشتیوانی لێ نەدەکرا، بەڵکوو بە چاوی گومان و تەهدیدەوە سەیر دەکرا و هەر ئەمەیش وای کردبوو کە دەرک بە گرینگیی ئەم چەشنە لە خەبات نەکرێ. زاڵبوونی ئەم جۆرە لە ڕەفتار و خوێندنەوانە بۆ چالاکیی چالاکانی نێوخۆ لە لایەن هێزە سیاسی‌یەکان و کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی لە لایەک و، قەدەغە و قۆرغکاری ڕێژیم لەسەر گشتگیربوونی ئەم حەرەکەتانە، جۆرێک لە«ترس» و «بێ‌تەفاوەتی» پێک هێنابوو.

گۆڕانکاری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و وردە گۆڕانکاری‌یەک لە فەزای سیاسیی ئێران لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی‌دا بە جۆرێک بوونە هۆکارێکی لەبار کە چالاکانی مەدەنیی کوردستان کە سەرەتا لە ئەنجومەنە ئەدەبی‌یەکان و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە لە زانکۆکان دەستیان پێ کردبوو، گوڕ و تینێکی دیکە بە کارەکانیان بدەن. لەم قۆناغەدا لە زۆرێک لە شار و ناوچەکانی کوردستان ڕێکخراو و ئین جی ئۆی مەدەنی و فەرهەنگی لە شکڵ و شێوەی «مەحفل»دا هاتنە ئاراوە. ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکانی ئەم قۆناغە تەنیا لە چوارچێوەی مەحفلگەلی چەند کەسی‌دا چالاکی‌یان دەنواند و خاوەنی پشتیوانی‌یەکی جەماوەری نەبوون، بەڵام بەو حاڵەش هەر لە زیادبوون و پەرەئەستاندن‌دا بوون.

**هەڵوێستی حیزبی دیموکرات لەسەر خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات:**

لەم قۆناغەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرکێکی دروست لە واقعیاتی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تێگەیشتن لە گرینگیی خەباتی مەدەنی و کارکردن بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە «بێ‌تەفاوەتی» و بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەتی «لە پەراوێزخستنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان» لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، زۆر ڕاشکاوانە پشتیوانی خۆی لە چالاکیی چالاکانی نێوخۆی وڵات و بزووتنەوەی مەدەنی دەربڕی و دواتر لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی تایبەت‌دا کە بە «ڕۆژهەڵات‌مێحوەری» ناوی دەرکرد، ئەرک و وەزیفەکانی دیاری کرد.

پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کار و چالاکیی تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات و هاندانیان بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان کە تەنانەت زۆر ڕەخنە و ئینتقادیشی هاتەوە سەر، لە ماوەی چەند ساڵ‌دا توانی شوێندانەر و یارمەتیدەری خەباتی مەدەنی بێت. ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جورئەت و جەسارەتی خەڵک و چالاکانی نێوخۆی بەهێزتر کرد و ئەو ترس و خۆفەی ڕەواندەوە کە لە ڕابردوودا بە چاوی گومانەوە لەم جۆرە جموجۆڵانە و چالاکانی ئەم بواریان دەڕوانی.

ئێستا دەبینین چیدیکە چالاکی‌یەکان مەحفلی نین و شەقام و شوێنە گشتی‌یەکان بوونەتە گۆڕەپانی وەدەنگ هاتن و خۆبەخاوەندار زانینی ئەم خاک و نیشتمانە. چیدیکە ئەدیبان و هونەرمەندان و شاعیران لە کۆڕە بچووک و بەرتەسکەکان‌دا بەتەنیا گوێ لە یەکتری ناگرن، بەڵکوو لە کارنەڤاڵە نەورۆزی‌یەکان و فستیڤاڵە گەورەکان‌دا ڕوو بە هەزاران کەس بەرهەمەکانیان پێشکەش دەکەن. ئێستا شانۆکاران و ژینگەپارێزان لەسەر شەقام و دارستانەکان و پانتاییەکی دیکەدا چالاکی دەنوێنن. ئێستا ئیدی خەبات و جموجۆڵی مەدەنی تەنیا تایبەت بە چین و توێژێکی تایبەت نیە. ئێستا جەماوەری خەڵکی کوردستان بە پشتیوانی کردن و ڕەگەڵکەوتن، کۆمەڵگەی کوردستانیان لە «بێ‌تەفاوەتی» دەرباز کردوە.




دووچەوتوانەی ڕۆژهەڵات

## هەڵوێستەیەک لەسەر گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**سەعید بێگزادە**

سیاسەت، هەڵوێست و گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و پرسی نەتەوایەتیی کورد، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردووی چالاکی‌یەکانمان، شێوەی سیاسەتکردنمان و جۆری خەبات و گوتارمان، جیاوازی هەبووە. لەو ماوەیەدا هەوڵمان داوە خۆمان لە سیاسەتی پاسیڤ و ناکارای ڕابردوو دەرباز بکەین. ئاسانترین شێوەی سیاسەتکردن ئەو سیاسەتە کلێشەیە داڕێژراوە بووە کە لە ٢٠ – ٣٠ ساڵی ڕابردوودا کارمان پێ کردوە و بە داخەوە هیچ دەرەنجامێکیشی نەبووە. ئامانجی سیاسەت و گوتاری حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە سیاسەتێکی چالاکتر و کاراتر لە جاران بێنینە کایەوە و هەوڵ بدەین مەیدانی خەبات و چالاکیی نەتەوایەتیمان بەرینتر بکەینەوە. نە ماف و ئازادیی کورد تەنیا بۆ ئەو ژمارە خەباتکارەیە کە خەباتی ئاشکرا دەکەن و نە کوردی ڕزگاریخواز و خەباتکاریش تەنیا ئەو ژمارەیەن کە لە سنوورەکان و لە دەرەوەی وڵاتن. خەباتی نەتەوەیی ئەرکێکی نیشتمانی و گشتی‌یە و حزبێک کە خەباتی نەتەوەیی دەکا دەبێ هەوڵ بدا مەیدان بۆ بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی خۆی خۆش بکا. ڕزگاریخوازی ئامانجێکی هەمەلایەنە و ڕزگاریش بۆ هەموانە. کەوابوو خەبات وەک ئەرکیش، ئەرکی هەموانە. بەڵام هەلومەرج و دۆخی ژیانی هەموو خەڵک وەک یەک نییە. شوێن و هەلومەرجی ژیانی خەڵک، شێوە و چۆنیەتیی خەبات دیاری دەکا. ئەوەش ئەرکی حزبی سیاسی‌یە کە ئەو مەیدانە بۆ هەموان بە شێوەی گونجاوی خۆیان هەموار بکات. هەوڵی ئێمە ئەوە بووە و هەرواش دەمێنێ کە ئەوەندەی دەرەتان دەبێ مەیدان بۆ چالاکانی‌تریش کە هەلومەرجی ژیانیان وەک هێزی ئاشکرای حزبەکان نییە، پێک بێ. ئەوانیش بە پێی شەرایەت و توانا، بتوانن لەم خەباتەدا بەشدار بن تەنانەت ئەگەر خواستەکانیشیان لانیکەمی مافەکانی خەڵکی کوردستان لە خۆ بگرێ.

لەم نێوەدا هێندێک لایەن بە مەبەستی تایبەتی خۆیان، دەستیان بە چەواشەکاری کردوە و هەوڵیان داوە ئەم سیاسەت و ڕوانگانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لاگری لە ڕیفۆرمخوازانی دەسەڵات لە قەڵەم بدەن. ڕوونە کە خەباتی ئێمە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی میللەتەکەمانە. هەر بۆیەش هەموو هەڵوێست و ڕوانگەو کردەوەیەکیشمان لەو ڕاستایەدا دادەڕێژین. ئەو خەباتەش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان بە هەموو شێوەکانی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجەکان، بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو نیاز و ئامانج و ویستە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی دەگات. دۆستایەتی و پشتیوانیشمان لە هەر لایەنێک بە ڕادەی پشتیوانیی ئەو لایەنە لە مافە نەتەوایەتیەکانمان بەستراوەتەوە. ئەوەش تا ئیستا نە لە بەرنامەی باڵی ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم‌دا بووە، نە قەتیش خۆی لێ داوە و نە بڕواشی پێی هەیە. بەڵام هەموو ڕووداوەکانی ئەو وڵاتە لە کورتخایەن و درێژخایەن‌دا لەسەر چارەنووسی ئێمە، کاریگەری خۆیان هەیە. هیچ وشیارانە نییە کە لە ئاستیان‌دا سیاسەتێکی مونفەعیل و پاسیڤمان هەبێ. لاباڵێک لە ڕێژیم خۆی ئیدعای ئاڵوگۆڕ لە وڵات و وڵاتداری‌دا دەکا. جا چەندەی بۆ جێبەجێ دەبێ کەیفی خۆیەتی. لاباڵەکەی دیکە دروشم و قسە و کردار و تەنانەت هەرەشەکانیشی هەروەک ڕابردوو و بگرە توندتریشە. ئەگەر هێندێک جار لە ململانێی باڵەکانی ڕێژیم‌دا دژایەتی زیاترمان ڕوو لە باڵی پاوانخواز بووە، لەو ڕوانگەوە بووە کە پێمان وایە هەتا پاوانخوازی و دەسەڵاتی توندوتیژ زیاتر پاشەکشە بکات، دیکتاتۆری هەنگاوێک زیاتر پاشەکشەی کردوە و مەیدان بۆ خۆ دەرخستنی ئۆپۆزسیۆن و ئازادیخوازانیش هەنگاوێک کراوەتر و دەرفەتی مانۆڕیان زیاتر بووە.

لە پاڵ پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی و هێمنانەی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو شێوازەکانی دیکەی خەبات و لەوانەش خەباتی پێشمەرگانە و خۆسازماندانی چەکداری غافڵ نییە. ڕەنگە کەسانێک پێیان وا بێ ئەم دوو گوتارە پارادۆکس دروست دەکەن. بەڵام سیاسەت عیلمی شیمی و ماتماتیک نییە کە تەنیا یەک ڕێگاحەل و یەک دەرەنجامی هەبێ. ئێمە حیزبی میللەتێکی ماف زەوتکراوین و بۆ مافی نەتەوایەتیی خۆمان خەبات دەکەین. ڕەنگە بۆ حیزبێک کە بە ئامانجی دەستەبەرکردنی زیاتری ئازادی لە وڵاتەکەی‌دا خەبات دەکا و داخوازییەکانی زیاتر ئازادییە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە خۆ دەگرێ، وەک ئازادیی ژنان، حەقدەستی زیاتر، ئازادیی بەیان و فەرهەنگ و... کەڵک وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات دروست و پێویست نەبێ بەڵام بۆحیزبی نەتەوەیەک کە گەلەکەی هەمیشە هەوڵی فەوتانی دراوە و دەدرێ، ئەو قەید و بەندە نایگرێتەوە. بۆ ئێمە هەموو شیوە خەباتێک، چ بە جیا و چ بەیەکەوە، تەواو مەشروع و دروستە و هیچیشیان نابێ پشتگوێ بخرێن. ئیرادەی بەربەرەکانی، چەک و پێشمەرگە و چیاکانی کوردستان، هەتا ئێستا ئەو میللەتەیان ڕاگرتووە و پێشیان لە فەوتان و توانەوەی گرتووە. لە ناوچەی ئێمەدا نەتەوە و دەسەڵاتی زۆر گەورە هەبوون کە ئێستا تەنیا ئاسەوارە مێژوییەکانیان ماون. ئەوەی ئێمەی پاراستووە ئیرادە و چیاکانی کوردستان و خەبات و قارەمانیەتی پێشمەرگە بووە. ئیستاش بوونی پێشمەرگە و خەباتی چەکداری بۆ ئێمەی کورد وەک یەکێک لە شێوە گرینگەکانی خەبات هەر پێویستە و نابێ هیچ گومانێکمان لەم بارەوە هەبێ. بەڵام مەیدانی خەباتی پێشمەرگە بەرتەسکە و پێشمەرگە بەشێک لە خەڵکە و دەتوانێ بەشێک لە خەباتە نەتەوەییەکە ئەنجام بدا. مەیدانی خەبات بەرفراوانە و خەڵکێکی زۆری دیکەش هەن کە بەجۆری دیکە ئەمڕۆ پێشمەرگەن. بۆ ئێمە دروست و زۆریش ڕەوایە کە ئەو مەیدانە بکەینەوە. چاوپۆشی و کەمتەرخەمی لەم بوارەدا تەنیا زیانەکەی بۆخۆمانە و بەدەستی خۆمان هێزێکی زۆری هەروای خەڵک لە مەیدانی خەبات دوور دەخەینەوە. قازانجی سیاسەتی پێشگرتن و کەڵک وەرنەگرتن لە کۆی هێز و پۆتانسیەلی کۆمەڵگە بۆ خەباتی نەتەوەیی و بەرگری لە کردنەوەی ئەو مەیدانە بەرینەی خەبات، لە بەرژەوەندیی کورددا نییە. ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین لە هەموو هێز و توانای نەتەوەییمان کەڵک وەربگرین و هەموو مەیدانەکانی خەبات ئاوەدان ڕابگرین، تێچووی خەباتمان کەمتر، ئاکامی خەباتمان باشتر و ڕێگای سەرکەوتنمان نزیکتر دەکەینەوە.

بیروڕای ئازاد

# مێژوویەکی پڕ لە گومان و ئوستوورەیەکی ئەفسانەیی!



تەهای ڕەحیمی

پێوەندی ئوستوورە، ناسیونالیزم و دواجار نەتەوە و پاشان دەولەوت ـ نەتەوە، پێوەندییەکی چڕوپڕ و بەرانبەرە، واتە ناسیونالیزم ناتوانێ بەبێ ئوستوورەیەکی ئەفسانەیی و بانئاسایی، ناسیونالیزمێکی راوەستاو و خۆبەزلزان بی، چونکی دەبێ ئەو چەمکە بە توخمی بەهێزی نێو ژیان و سەربوردەی پێکهاتەیەکی دیاریکراو و بەتایبەت ئوستوورەیەکی ئەفسانەیی کە هەمیشە نەوەکانی دوای خۆی، ئاواتی بۆ بخوازنەوە گیپ پشتئەستوور بکرێ. هەروەها ئەوە ناسیونالیزمێکی بەبڕشتە کە دەتوانێ چین و گرووپە جیاوازەکانی نەتەوەیەک لێک کۆبکاتەوە و لەگەڵ کەمڕەنگ کردنەوەی جیاوازییە وردەکان، هاوبەشی و خەیاڵ و خولیای گەورەتر و هاوبەش دروست بکا. کە نەتەوە بە گرێیەکی قایم و قوڵی ناسیونالیزمێکی وەها لێک قایم کرا، ئیدی فکر و بیری خەمخۆرانی نەتەوە دیاریکراوەکە ئاسوودە دەبێ.

لە ڕۆژمێری خەڵکی ئێران و بەتایبەت قەومی فارس‌دا ڕۆژی حەوتی خەزەڵوەر بە ناوی ڕۆژی کورووش ناو نراوە، کە دەوترێ بەرانبەرە بە ڕێکەوتی داگیرکردنی بابیل بە دەستی کورووش. کورووش ئەو کەسایەتی‌یەی کە ڕەزاشای پەهلەوی لە پێناو دروستی کردنی وڵاتێکی تاک نەتەوەیی و یەکدەست کردن و، بەکورتی بە فارسکردنی هەموو پێکهاتەکانی سنووری «ممالک محروسە» لە ژێر تەپۆتۆزی هەزاران ساڵی رابردووی نادیاردا دۆزییەوە و، بە چاولێکەریی ئیمپراتۆرەکانی سەدەکانی پێشوو هەم بناخەی پاشایەتی خۆی پێوە بەستەوە و هەمیش درێژە و مانەوەی دەسەڵاتی خۆی بە دەسەڵاتە رازاوە و جوانکاری‌کراوەکەی ئەو لە قەڵەم دا و، هەمیش لە ڕێگەی سیستمی پەروەردە و تیۆریسێنەکانی خۆیەوە کە ئورووپادیتوو بوون و لە نێو ڕووداوەکانی پاش شەڕە جیهانی‌یەکان و هەڵخڕانی کەفوکوڵە نەتەوەییەکان‌دا قاڵ ببوونەوە و دڵیان بۆ یەکدەستکردن و تواندنەوەی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دیکە لە پێناس و فەرهەنگ و زمانی فارس‌دا لەفڕین بوو کە لەو کات و ساتەدا چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوە کاریان بۆ دامەزراندنی بناخەی دەوڵەتێکی تاک نەتەوەیی دەکرد، لە ڕێگەی چەند بڵاوکراوەیەکەوە کورووشیان وەک کەسایەتی‌یەکی ئەفسانەیی، پاڵەوان و ڕزگاریدەری قۆناخە تاریکەکانی سەردەمی ئیمپراتۆرییە کۆنەکان ناساند و بەتایبەت سەردەمی کورووشیان کە تەنیا چەند بەردەنووسێکی لێ بەجێ ماوە وەک قۆناخی زێڕین و سەردەمی ژیانی بەرزی ژیانی مرۆڤ لەو دەڤەرە ڕەنگاند، کە هەتا دەگاتە ئەمڕۆ چ دەزگەی پاشایەتی و چ دامودەزگەی کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر لە گەورەکردنەوە و خەون دیتن بەو سەردەمەوە نەوەستاون. شای پەهلەوی و دەزگای چاپ و پەخشی دەسەڵاتە ناوەندییەکان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی دەیان و سەدان وتار و هەروەها ڕاسپێردراوان دەستیان کرد بە نووسینەوەی مێژوو و وەرگێڕانی دەیان کتێبی مێژوویی، وەک بەرهەمی مێژوونووسە مەزنەکانی یونانی کۆن. هێڵی سیاسیی هەموو ئەو چالاکی‌یانە تەنیا شتێک بوون، ئەویش بەلاڕێدا بردنی مێژووی ڕاستەقینەی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی شایەنشای پەهڵەوی و، کەمڕەنگ کردن و لە بایەخ خستنی ئوستوورە و شانازییەکانی نەتەوەکانی دیکە و تۆماری هەموو سەرکەوتن و پێشکەوتن و داهێنانەکان

بەناوی نەتەوەی فارس و، ئاراستەی بیری خەڵک بۆ نۆستالۆژی دەسەڵاتی هەخامنشی‌یەکان کە کورووش دامەزرێنەری بووە. پرۆژەی بەفارسکردنی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی دەسەڵاتی پادشایەتی، تەنیا بە فەوتاندن و تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە بەئاکام دەگەیشت، بۆیە ڕەزاشا لە شۆڕشی بەناو فەرهەنگی‌دا تەنانەت جلوبەرگی خەڵکی دیکەی غیرەفارسی قەدەخە کرد، کە کوردستان لەم بارەشەوە خاوەن داستان و چیرۆکی خۆڕاگرییە. کەسایەتی کورووش لە دەقە فارسی‌یەکان‌دا هێند گەورە کرایەوە و دەکرێتەوە، تەنانەت خۆ لە ئاستی پێغەمبەرانیش دەدا. پرۆژەی گەورەکردنەوەی کورووش و سڕینەوەی پاڵەوان و ئوستوورە نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی دیکە بەبێ پسانەوە سەرەڕای بانگەشەی کۆماری ئیسلامی بۆ شووناسی ئیسلامی خەڵکی چوارچیوەی ئێران، درێژەی کێشا. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەپێی بارودۆخ توانیویەتی زۆرباش وزە و پوتانسییەلە شاراوەکانی هەناوی کۆمەڵگە بە ئاراستەی دابینکردنی ئامانجەکانی خۆی بخاتەگەڕ. لە حاڵێک‌دا هەتا ئێستاش سیاسەتی ڕێژیم هەناردەی شۆڕشی بەناوی ئیسلامی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ قووڵبوونەوە و ئاڵۆزبوون و سەرهەڵدانی قەیرانەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەرچی زیاتر لێکدژبوونی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت هاوپەیمانانی عەرەبستان، لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵ دەدرێ کاراکتێرە زەینی‌یە مێژووییەکان دە بیر و هزری خەڵک‌دا، بەتایبەت چینی هێژمۆنگەرادا گەشە بکا و هەروەها هەستی نیشتمانپارێزی خەڵک بۆ درێژەدان بە کردەوەکانی لە ناوچەکەدا زیاتر هەڵخڕێنێ. بەتایبەتیش کە ماوەیەکە لە نێو خودی بەدەنەی ڕێژیم‌دا ڕەخنە لە سیاسەتی سیستم لە سوریە و یەمەن و عێراق و... دەبیسترێ، بەو ڕادەیەش مەیدان بۆ پەرەگرتنی هێژمۆنگەرایی ئاوەڵا دەکرێ. دیارە خودی کۆمەڵگەش لە هەناوی خۆی‌دا هەڵگری ئەو توخمە هێژمۆنگەرایانەیە. ئەگەر چاوێک بە هەواڵ و ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی رابردووی کۆمەڵگە و تەنانەت کۆمەڵگەی ڕووناکبیری ئێرانیش‌دا لەمبارەیەوە بخشێنین، کەم نین ئەو سووکایەتی‌یانەی بە نەتەوە نافارسەکان کراوە و هەروەها بەشێکی زۆری تۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکانی نێوخۆ بە ڕوونی دەرخەری بەرزبوونەوەی هەستی خۆبەزلزانیی خەڵکی ئێرانە لە ژێر توخمە ناسیۆناڵیستی‌یەکانی نەتەوەی فارس‌دا.

حەوتی خەزەڵوەری ئەمساڵ شایەدی کۆبوونەوەیەکی بەرینی خەڵکێک بووین کە دوو دەسەڵاتی لێک دژ، کاریان بۆ سازکردنی کردوە، خەڵکێک کە دروشمە هێژمۆنیخوازەکانیان نیشاندەری هزر و بیری خاوەن پرۆژەکانی دوێنێ و ئێستای ئەو ئوستوورەیەن. لە حاڵێک‌دا بە دەبدەبە و کەبکەبەکەیکی زۆرەوە ناوی کورووش و یادەکەی دەخرێتە بیر و هزری ئەو نەتەوەیەی سیستمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی هەوڵی دروستکردنی دەدا، دروشمەکانی ئامادەبووانی سەر گۆڕی کورووش، پڕن لە نادادپەروەری، سووکایەتی، خۆبەزلزانی و پێکهەڵنەکەری و...

لە نێو ئەو ئاپۆرایەدا بینەری چەند تاکێکی سەر بە نەتەوە نافارسەکانیش بووین، بەتایبەت چەند کوردێک بووین کە بە جلوبەرگی کوردییەوە ئامادە بوون، کە لەوانەیە بکرێ ئەو چەند کەسە وەک بەرهەمی شۆرانەوەی هزری و تێخزاندنی تیۆری بەفارس کردن ناوزەد بکرێن.

ئەو وتارانەی لە بیروڕای ئازاددا بڵاو دەبنەوە، تەنیا دەربڕی بیروبۆچوونی نووسەرەکانیانە.



"پرۆژەی بەفارسکردنی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی دەسەڵاتی پادشایەتی، تەنیا بە فەوتاندن و تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە بەئاکام دەگەیشت، بۆیە ڕەزاشا لە شۆڕشی بەناو فەرهەنگی‌دا تەنانەت جلوبەرگی خەڵکی دیکەی غیرەفارسی قەدەخە کرد، کە کوردستان لەم بارەشەوە خاوەن داستان و چیرۆکی خۆڕاگرییە"

ئیسلامی سیاسی
[و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ڕێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران‌دا(بەشی یازدەیەم)



حەسەن حاتەمی

### دوکتور عەلیی شەریعەتی ٤

تەقی ڕەحمانی- ئەندامی شووڕای چالاکانی میللی – مەزهەبی و هاوسەری خانمی نێرگسی محەممەدی، کە ئێستا یەکێک لە ڕێبەرانی ژنی بزووتنەوەی مەدەنی و زیندانی سیاسی و جیاوازی بیروڕایە، کە بەداخەوە لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دایە-، لە درێژی باسەکەی پێشووی دا، دەڵێ: پڕۆتستانتیزم سەیتەرەیەکی مانایی هەیە، کە شەریعەتی ناتوانێ لەژێر باری دەرچێ. کاتێک ئەو باسی ئیسلامی خۆی دەکا، بۆ ئەو مەبەستە کتێب و ڕەوتێک لە کۆمەڵگەدا، بوونی هەیە. بەڵام سەبارەت بە پڕۆتستانتیزم بەو جۆرە نییە. ئەو تەنانەت هەوڵ دەدا بڵێ کە پڕۆتێست لە ئیسلام‌دا هەیە و لە مەسیحییەت‌دا نییە و بە ڕوونی دەڵێ: کە پڕۆتێست بەو ئاکامە گەیشت کە دین خۆی بکێشتە قەراغێ و جێ بۆ زانست(علم) بکاتەوە، هەتا عیلم بتوانێ بە تێکەڵاو لەگەڵ سەرمایەداری، دنیایەکی نوێ بەرهەم بێنێ. بەڵام ئایا ئیسلام بۆ خۆی ئەو پێوانەیەی هەیە کە ئەو ڕێنسانسە درێژە بدا و هەنگاوێک نەیەتە دواوە؟

پڕۆتستانتیزم دەزگایەکی بەهێزی فیکری‌یە کە ناتوانی گوڵبژێری کەی. ئەو ماڕاتۆنە سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و هەمەلایەنە، دەگەڕێتەوە بۆ خولێکی ٤٠٠ ساڵە لە ئورووپا کە پڕۆتستانتیزمی پێ وترا. ئەو دیاردەیە، بەشێک لە مێژووی ئورووپا و دەستکەوتێکی گرینگی مرۆڤایەتی‌یە.

سڤێن ئێریک لیدمانی سوئێدی کتێبێکی هەیە بە ناوی «لە سێبەری داهاتوودا»(در سایەی آیندە)، کە لەوێ‌دا دەڵێ: مۆدێرنیتە بە هەموو ڕێگە سەختەکانی، لە هەموو وڵاتان چێ نابێ. مۆدێرنیتە بەرهەمی دێموکراسی و مافی مرۆڤە. بۆیە هەر وڵاتێک کە بە ژیاری و بیری خۆی چۆن و چەندی دێموکراسی و مافی مرۆڤی قبووڵ کرد، دەبێ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ.

شەریعەتی بۆ خۆی لە قەولی جۆرج گورویچ- مامۆستای زانستگای سۆربۆنی فەڕانسە و ڕێنوێنی ئەو و پوورانی شەریعەتی ڕەزەوەی- هاوسەری-، بۆ تێزی دوکتوراکانیان-، دەڵێ: ئێمە کۆمەڵ‌مان نییە، کۆمەڵگەکانمان هەیە، و ڕەوتی کۆمەڵگەکان جیاوازن. بەڵام پڕۆتستانتیزم سەیتەرەیەکی مانایی دروست دەکا، تۆ دەتوانی ئیلهامی لێ وەرگری، نەک ئیدەکەی بۆ نێوخۆت بێنی.

پێویستە ئەوەش زیاد کرێ کە، دوکتور شەریعەتی هەوڵی بۆ چاکسازی دینی دا، بە پێی زەمان و هەلومەجی خەڵکانی بەرایی لە ئێران‌دا، کە زۆربەیان شیعەی دوازە ئیمامین.

تەقی ڕەحمانی لە درێژەی باسەکەی دا، دەڵێ: «بە یارمەتی تەواوی بیرمەندان و تێکۆشەرانی ئەو وڵاتە- بە هەر بیر و باوەڕێکەوە-، ئێمە لە «ئێرانی سالی سیفر»دا، ناژین. ئێمە مێژوویەکی ١٨٠ ساڵەمان لە چەمک و کردەوەکانی ئاڵوگۆڕخوازی و سەرەڕۆیی‌دا هەیە کە تێیدا ئیدئۆلۆژی‌گەلێکی جیاواز دروست بوون و کردەوەی خۆشیان هەبوە. کەوابوو پڕۆتستانتیزم لە ئورووپا دوورەدیمەنی ئێمە دەبێ. لە ماوەی – ئەو ١٨٠ ساڵەش‌دا-، دوو شۆڕش لە ئێران ڕوویان دا، بە بوونی هەموو ڕەوتەکان، بە میللی و چەپ و مەزهەبی‌یەکانەوە. لەو ماوەیەدا تەنیا لە مەفهوومی تەوحید لە بەرهەمی ڕووناکبیران‌دا، ٣ هەزار لاپەڕە کتێب نووسراوە.

ئەوەی کە لێکۆلەران و بیرمەندان و موفەسیرانی ڕۆژئاوا چ دەڵێن گرینگە. بەڵام ئەوە هەموو ڕووداوەکە نییە. ئێمەش قسەگەلێکمان هەیە کە لەوانەیە بە پێوانەی ئەوان پلە دوو بێ. بەڵام چونکە لە ئێمە نزیکترن و لەگەڵ ڕابردووەکانمان پێوەندیان هەیە، کاریگەرترن و پێویستە سەرنجیان بدەینێ. لە ئێران‌دا، کەسانێک کە لە بیروبۆچوونەکانی ناوچەیی نزیکتر بوون، کاریگەریان پتر بووە. بۆ وێنە: موتەهەری، بازرگان، موسەدیق، شەریعەتی و... کەسانێک کە میللی بوون و لانیکەم دینیان وەک فەرهەنگی کۆمەڵگە قبووڵ کردوە کاریگەریان پتر بووە، هەتا کەسانێکی ویستیان چاوی خۆیان بنووقێنن و بڵێن: مەسەلەیەک بە ناوی دین لە کۆمەڵگەکەمان‌دا، بوونی نییە.

ڕەخنەی من لێرە لە شەریعەتی نییە، بەڵکوو لە خۆمانە. ئێمە هەموو میراتێکمان هەیە؛ بۆ وێنە: میللی- مەزهەبی‌یەکان وەک گرووپێک، ستراتێژی و تاکتیکگەلێکیان هەبوە کە جێی ڕەخنەیە. من ناتوانم بەدوای تەجرەبەی حیزبەکانی فەڕانسەدا بڕۆم. ئەڵبەتە دەتوانم ئیلهامیان لێوەرگرم. بەڵام ئەو تەجرەبەیە لە ئێران وەبەر هاتووە. ئێمە لە بۆچوونی ئەمڕۆمان‌دا، میراتێکی فیکریمان هەیە. مەزهەبی‌یەکان، چەپەکان و سێکۆلارەکانیش میراتی خۆیان لەو مەملەکەتەدا هەیە. یەکێک لە میراتەکان، شەریعەتی‌یە. ئێمە پێویستیمان بەوە نییە پڕۆتستانتیزم بە لووتێرەوە دەست پێبکەین، لەبەر ئەوەی شەریعەتی بەشێک لە ڕێگاکەی پێواوە، دەبێ سەرتا باس لە شەریعەتی بکەین. ئەو کارە سەبارەت بە تەواوی جەریانە فیکری‌یەکان دەبێ ئەنجام بدرێ. ئەوان دەبێ ڕابردووی فیکری خۆیان لەو وڵاتەدا شی کەنەوە. ئەوە ڕەخنەیەکە کە ئێمە لەسەرمانە. لەبیرمان نەچێ مرۆڤەکانی لە سیفرەوە دەست پێدەکەن، شتێکی پتر لە پێشنیانی خۆیان، ناچنە پێش. بەپێی ئەو شتانەی کە گوتم، ئیسلامی بێ ڕوحانییەت هەڵە بوو، ڕێکخراوی دینی لە ئێران‌دا لاناچێ.»

– پروتستانتیسم و فهم شریعتی از آن، ٢ ، ١٣٥٩، بنیاد فرهنگی دکتر علی شریعتی، چشم انداز ایران، شمارە ٦٥، دی و بهمن ١٣٨٩، گفتگوی سوسن شریعتی و تقی رحمانی–

هەروەها لە دیکۆمێنتێک‌دا، باسی «بنی سەدر و شەریعەتی خومەینی‌یان پەروەردە کرد» کراوە. لەوێدا ئاغای بنی سەدر هەم باسی چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ ئاغای شەریعەتی و هەم خوێندنەوەیەکی جیاواز لە شۆڕشی ئیسلامی دەکا.

بنی سەدر دەڵێ: «پێش هەموو شتێک بۆچوونێکی ئێمە سەبارەت بە ئاغای خومەینی- وەک مەرجەعی تەقلید، کە جێی متمانەمان بوو- ئەوە بوو کە، مەعسوومە، هەڵە ناکا، سەوداسەری دەسەڵات نییە و زۆر شتی لەو بابەتانە. بەتایبەتی مامۆستای ئەخلاق بوو، مەیلی عیرفانیشی هەبوو لە ڕوانگەی ئێمەمانانەوە. بەڵام پاشان هێڵەکانمان لێک جیا بۆوە.

ئێمە لەسەر هێڵی ئازادی، سەربەخۆیی و شۆڕشی ئیسلامی بووین. شۆڕشی ئیسلامی بەو مانایە کە یانی شۆڕش لە ئیسلام‌دا. وەک: بەهێزبونی ئیسلام بە شێوەی بوونی ئازادی‌یەکان. یانی گێڕانەوەی ئەو خوێندنەوە لە ئیسلام کە دەتوانێ لە کۆمەڵگەدا چاودێر بێ لە پێوەندی‌یەکانی ئازاد لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا.

بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی ١٣٤٢(١٩٦٣)، کە من هاتم بۆ فەڕانسە، شەوێکی لەگەڵ ئاغای شەریعەتی دانیشتین و ئەو مەسەلەیەمان تاوتوێ کرد کە یا ئیسلام هەر ئەوەیە کە بەشێوەی کۆن(سنتی) بە هۆی ڕوحانییەکان باسی دەکرێ و کاری پێدەکرێ، یا شتی دیکە جگە لەوەش هەیە. بۆیە با بەدوای‌دا بچێن و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین. ئەگەر شتێکی نوێمان لێ نەدیتەوە، ئەوەندەمان بوێری هەبێ کە بڵێن: ئیسلام هەر ئەوەیە و ناتوانێ وڵامدەری مەسەلەکانی ڕۆژ بێ. بڕیار بوو شەریعەتی ڕەخنە لە ئیسلامی کۆن بکاتە ڕۆژەڤ و منیش گەڕان بەدوای ئیسلامێکی دیکەدا. ئێمە ئیسلاممان وەک گوتاری ئازاد لە کۆمەڵگەی ئازاددا دیتەوە. بەڵام ئاغای خومەینی کردەوەیەکی جگە لەو ڕوانگەیەی ئێمەی ئەنجام دا.»

– یوتیوب، بنی صدر و شریعتی خمینی را پروراندند–

بە قەولی ئاغای مێهدی بازرگان، کە لە پووشپەڕی ١٣٦٥(١٩٨٦) لە پێشەکیی کتێبی «کەسایەتی و بیر و هزری دوکتور شەریعەتی»دا، دەڵێ: شۆڕشی ئێران سێ ڕێبەری هەبوو، ڕێبەری ئەرێنی(خومەینی)، ڕێبەری نەرێنی(شا) و ڕێبەری فەرهەنگی- فیکری، بیروڕایی – هەستیاری، زانستی- تداروکاتی، (شەریعەتی).

– نقد اکبر گنجی بر شریعتی(١)، یوتوپیای لنینیستی شریعتی–

# شەڕی موسڵ: دوورەدیمەنی داهاتووی نزیک

نووسینی : رانجیت گۆپتا
وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: ئاسۆی حەسەنزادە

رۆژی ١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیری عیراق دەستپێکی شەڕی ئازادکردنی موسڵی راگەیاند. ئەو هەروەها گوتی کە جگە لە سوپای عیراقی و پۆلیس و هێزەکانی ئەمنی «هیچ هێزێکی دیکە رێگەی نادرێ بچێتە نێو موسڵ». هێزە عیراقییەکان رازی بوون بەوە کە لە دەرەوەی سەرزەمینە کوردییەکان بمێننەوە و پێشمەرگەش بەڵێنی داوە کە نەچێتە نێو موسڵ. کێشە ئەوەیە کە حکوومەتی عیراقی دەستڕۆیشتوویی سیاسی و توانای سەربازیی ئەوەندە نیە کە گرووپە چەکدارەکانی دەرەوەی سوپای عیراق ناچار بکا ئەم هەنگاوەی خۆسنووردارکردنی لایەنەکان جێبەجێ بکەن. لەگەڵ ئەوەدا کە شەڕکەرەکانی داعش بە سەختی لەو شەڕەدا خۆڕاگری دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ئۆپەراسیۆنی موسڵ بەخێرایی و سەرکەوتوویی دەچێتە پێش. ئێستا هەموو لایەک لەوە دڵنیان کە داعش تێک دەشکێندرێ و موسڵ و دەڤەرەکانی دیکەی نەینەوا لە دەست داعش دەردەهێندرێنەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم سەرکەوتنە دەبێتە خاڵی کۆتایی دەورەیەکی پڕ لە وەحشیگەری و خوێنمژیی داعش، بەڵام هیچ دوور نیە ئەمە دەسپێکی دەورەیەکی دیکە و درێژخایەنتر لە ناخۆشی و نائارامی بۆ ئەم ناوچانەی باکووری عیراق بێ.

هێرشی سەر موسڵ لە لایەن سوپا و پۆلیس و هێزە تایبەتی‌یەکانی عیراق و بە یارمەتی و پشتیوانیی هێزی پێشمەرگەی کورد و هێرشە ئاسمانی‌یەکانی هاوپەیمانیی ژێر سەرکردایەتیی ئەمریکا و هێزە تایبەتی‌یەکانیان بەڕێوە دەچێ. لە لایەکی دیکەوە، میلیشیا سوننەکان کە زۆریان لە لایەن تورکیە و هێزە داردەستەکانی‌یەوە راهێندراون و هەروەها حەشدی شەعبی کە لە چل گرووپی شیعەی نزیک لە ئێران پێکهاتووە، لەو ئۆپەراسیۆنەدا دەوریان هەیە بەڵام هێشتا لە دەرەوەی موسڵن. هەر کاتێک دژمنی هاوبەش واتە داعش لە مەیدان وەدەرنرا، بەشێوەیەکی پێشپێنەگیراو هێزە رکابەر و دژە ناوەندەکانی سێکتاریسم و جیابوونەوە دێنە پێش. شتێک کە دەکرێ پێش تەواو بوونی شەڕ و هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکەدا روو بدا، تەنانەت ئەگەر ئەمە بە قیمەتی ریسکی لەباربردنی سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکەش تەواو بێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ناوبانگی خراپی حەشدی شەعبی لە بواری هێرش و تۆڵەئەستاندنەوە لە خەڵکی سوننەی ئەو ناوچانەی پێشتر لەژێر دەستی داعش رزگار کرابوون، موعجیزە دەبێ ئەگەر پێکدادان لە نێوان ئەوان و لایەنەکانی دیکەی بەشدار لە ئۆپەراسیۆنەکەدا روو نەدا. لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەردا ئەوان کۆنترۆڵی خاڵە سەرەکی‌یەکانی گەورەڕێی نێوان موسڵ و پێتەختی داعش لە سوریە واتە رەقەیان گرتە دەست. ئەوان هەروەها لە هەوڵدان بۆ ئەوەی شاری ستراتژیکی تەلەعفەر لە نزیک سنووری سوریا کە زۆربەی خەڵکەکەی تورکمانی سوننەیە کۆنترۆڵ بکەن. ئەوەش دەتوانێ ببێتە هۆی خێراکردنی هاتنە مەیدانی تورکیە بەدژی وان. سەرکۆماری تورکیە رەجەب تەیب ئەردۆغان و بەرپرسانی باڵای دیکەی تورکیە تا ئێستا چەندین جار بەڕوونی رایانگەیاندووە کە لە هەر شوێنێک پێویست بێ، ئەوان تورکمەنەکان و خەڵکە سوننەکانی دیکە لەنێو تیئاتری ئەم شەڕەدا دەپارێزن.

نیازی ئاشکرای تورکیە بۆ دەستێوەردانی بەکردەوە لەو قەیرانەدا دوورەدیمەنێکی مایەی نیگەرانیمان دەخاتە ڕوو. سەرەڕای دژایەتیی بنەڕەتی حکوومەتی عیراق، ئەردۆغان نەک هەر بە ئاشکرا داوا دووبارەکانی حکوومەتی عیراقی بۆ کشانەوەی هێزەکانی تورکیە لە خاکی عیراقی بەپانەوە رەت کردۆتەوە، بەڵکوو رایگەیاندووە کە تورکیە دەبێ و بەنیازە کە بەپشتبەستن بەو هێزە باش راهێنراو و تەیارە دوو هەزار کەسییەی لە ٨ کیلۆمیتری باکووری رۆژهەڵاتی



> ‘‘ وێدەچێ یەک سەدە خەباتی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی گەیشتبێتە خاڵێکی وەرچەرخان. ئەوان کە ماوەیەکی زۆر خاوەنی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی خۆیان بوون، بە لەبەرچاوگرتنی رۆڵی گرینگیان لە شەڕ لەدژی داعش ئێستا بە ئاسانی ئەو دەرفەتە لە کیس خۆیان نادەن. ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر کوردەکانی عیراق بە توانای خۆیان دەزانن و هەستی متمانەبەخۆبوونیان چۆتە سەر ’’

موسڵ و لەنزیک بەعشیقە جێگیر کراون و هەروەها زۆر هێز و چەکوچۆڵی دیکە کە تورکیە لە ناوچە سنوورییەکان و لەسەر سنوورەکانی داناوە، لە شەڕی موسڵدا دەرگیر بێ. بە باوەڕی ئەردۆغان تورکیە ئەو مافەشی هەیە کە لەسەر مێزی گفتگۆ لەسەر داهاتووی موسڵ قسەی خۆی بکا، چونکە بە وتەی ئەردۆغان موسڵ و کەرکووک و سەرجەم پارێزگای نەینەوا بەشێکن لە روحی تورکیە (ئەم ناوچانە تەنیا لەپاش دامەزرانی عیراق لە ساڵی ١٩٢٠ و لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٣ و ١٩٢٦دا خراونەتە سەر عیراق). ئەردۆغان کە سەدەیەک دواتر گەرەکیەتی ئەم فایلە سەرلەنوێ بکاتەوە، رایگەیاند :»پێداگری لەسەر سنوورەکانی ساڵی ١٩٢٣ گەورەترین ناعەدالەتی‌یە کە دەرهەق بە دەوڵەت و نەتەوەی ئێمە دەکرێ... ئەگەر قەرار بێ هەموو شتێک لە دنیای ئەمڕۆدا گۆڕانی بەسەر بێ، لانیکەم شتێک کە دەبێ بیڵێین ئەوەیە کە قبووڵکردنی پەیمانی ١٩٢٣ کارێکی دروست و سەرکەوتوو نەبوو».

رۆژی ٧ ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦، هێزەکانی پێشمەرگە بەعشیقەیان لە کۆنترۆڵی داعش دەرهێنایەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە تورکیە پێوەندیی سیاسیی دۆستانە و بەتایبەتی پێوەندیی ئابووریی بەهێزی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، وەزیری دەرەوەی تورکیە لەم دواییانەدا گوتی «ئەگەر هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر تورکیە لە عیراقەوە سەرچاوە بگرێ، ئێمە هەموو ئامراز و مافەکانی خۆمان لەدژی بەکار دەبەین، بە دەستێوەردانی سەربازی و مەیدانیشەوە... ئێمە ئەوە هەر بە عیراقییەکان ناڵێین، بەڵکوو دەبێ ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمان و حکوومەتی باکووری عیراقیش (واتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان) ئەوە بزانن».

وێدەچێ یەک سەدە خەباتی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی گەیشتبێتە خاڵێکی وەرچەرخان. ئەوان کە ماوەیەکی زۆر خاوەنی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی خۆیان بوون، بە لەبەرچاوگرتنی رۆڵی گرینگیان لە شەڕ لەدژی داعش ئێستا بە ئاسانی ئەو دەرفەتە لە کیس خۆیان نادەن. ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر کوردەکانی عیراق بە توانای خۆیان دەزانن و هەستی متمانەبەخۆبوونیان چۆتە سەر. مانگی فێوریەی ٢٠١٦ سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی لە وتووێژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی ئاڵمانی «بیلد» رایگەیاند کە کوردەکان رۆژگارێکی درێژ چاوەڕوانی سەربەخۆیی بوون. ئەو هەروەها گوتی:»ئێمە عەرەب نین. ئێمە نەتەوەی کوردین. ئەگەر گەلی کورد چاوەڕوانی ئەوە بێ کە کەسێکی دیکە مافی دیاریکردنی چارەنووسی وەکوو دیارییەک پێشکەش بکا، سەربەخۆیی کوردستان هەرگیز وەدی نایە. ئێمە ئەو مافەمان هەیە و پێویستە گەلی کوردستان جێبەجێی بکا. ئێستا کاتەکەی گەیشتووە، ئەگەرچی جارێ تەرکیزمان لەسەر شەڕی داعشە. لەگەڵ ئازاد بوونی موسڵ، کورد لەگەڵ «هاوبەشەکانی لە بەغدا» کۆ دەبێتەوە و لەبارەی سەربەخۆیی خۆمان گفتگۆیان لەگەڵ دەکەین». کێشەکە ئەوەیە ئەگەر کورد لەڕادەبەدەر پێداگرانە و شێلگیرانە بیهەوێ هەر ئێستا ئەو داواکارییەی خۆی جێبەجێ بێ، رەنگە کێشە و ناکۆکیی نوێ [لەنێو عیراقدا] سەرهەڵبدەن.

پرسیارێک کە یەکسەر پاش گرتنەوەی موسڵ دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئایا پاش شەڕ کێ موسڵ کۆنترۆڵ دەکا و بەڕێوەی دەبا؟ تا ئێستا هیچ پلانێک لەو بارەوە رانەگەیەنراوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەمە دەتوانێ لەبەریەکهەڵوەشانی ئەو هاوپەیمانی‌یەی لێ بکەوێتەوە کە ئێستا بۆ ئازادکردنی موسڵ دروست بووە. گرژیی نێوان سوننە و شیعە و توندوتیژی لەگەڵ کەمینە جۆراوجۆرەکانی ئەم ناوچەیە شتێکی تەواو چاوەڕوانکراوە. ئەودەم بەدڵنیاییەوە حەشدی شەعبی و هێزە سوننیە راهێنراوەکانی تورکیە دێنە نێو کێشەکە و لە کانتێکستی شەڕ و ماڵوێرانیی زیاتردا، دەستێوەردانی راستەوخۆی تورکیە تەواو رێی تێ دەچێ. ئەوەش دەتوانێ دەستێوەردانی راستەوخۆی دەوڵەتانی دیکەی لێ بکەوێتەوە بۆ ئەوەی پێش بە باڵادەستی و نفووزی تورکیە بگرن.

دەیان ساڵە کە کوردەکان و حکوومەتی عیراقی بە توندی لەسەر کەرکووک کە شارێکی بە نەوت دەوڵەمەندە کێشەیانە. شکستی داعش بۆ جارێکی دیکە پرسی کۆنترۆڵی کەرکووک لەلایەن کوردەکانەوە زیندوو دەکاتەوە، چونکە لەدوای ١٢ی ژووئەنی ٢٠١٤ەوە و پاش ئەوە کە یەکەکانی سوپای عیراقی لە بەرامبەر هێرشی سەرکەوتووی داعش بۆ باکووری عیراق رایان کرد، کۆنترۆڵی سەربازیی ئەو شارە کەوتۆتە دەست هێزی پێشمەرگەی کورد. لەگەڵ نیشتنەوەی تەپوتۆزی شەڕی موسڵ، حکوومەتی ناوەندی هەوڵ دەدا داوای ناوچە کێشە لەسەرەکان و ئەو ناوچانەش بکاتەوە کە بەم دواییانە کەوتوونەتە دەست کوردەکان، بە کەرکووکیشەوە. بەڵام بەتایبەتی لەمەیاندا سەرکردایەتیی کوردبە هیچ جۆر بەنیاز نیە رازی بێ هێزەکانی لەوێ بکشێنێتەوە و کۆنترۆڵی ئەو شارە رادەستی حکوومەتی عیراقی بکاتەوە. بەمجۆرە کێشەیەکی تر خەریکە دروست دەبێ.هیچ پێ ناچێ لەگەڵ شکستی داعش، نەهامەتی‌یەکانی عیراق کۆتاییان پێ بێ.

سەرچاوە : وێبسایتی ئەنستیتۆی توێژینەوە لە ئاشتی و کێشەکان

# بردنەوەی ترامپ چی بۆ خۆرهەڵاتی ناوین لەگەڵ خۆیدا دێنێ

ئەلجەزیرە - گیلبەرت ئاچکار
وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتی ئیمپراتوریەتیی گرتە بەر تا ئێستا، لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە بە گشتی و خۆرهەڵاتی ناوین بەتایبەتی، وێدەچێ دۆنالد ترامپ وەک سەرکۆماری تازەی ئەو وڵاتە، پێشبینی نەکراوترین پیاو بێ کە ئەو پلەی بەدەست هێناوە.

لە ماوەی پێشبڕکێی هەڵبژاردن‌دا ترامپ جار لە دوای جار قسەی دژ بە یەکی کردوون و هەڵوێست و بۆچوونی لە بارەی چەندین بابەت‌دا گۆڕیون. سەرەڕای ئەوە ئەگەر چەند بابەتێک بکەینە بنەما کە ئەو لە ساڵی رابردوودا لێبڕاوانە دووپاتی کردوونەوە، ئەوە ئەو شتانەن کە گریمانە دەکرێ لە ماوەی سەرکۆماریی ناوبراو کاریگەرییان لەسەر خۆرهەڵاتی ناوین هەبێ:

خەڵکی سوریە یەکەم قوربانیانی هەڵبژێرانی ناوبراون. دەرگای ویلایەتە یەکگرتووەکان بە رووی پەناخوازانی سوریەیی دادەخرێ، ئەوە رەنگبێ پەناخوازە کریستیانەکان نەگرێتەوە چونکە پڕۆپاگەندەکانی ترامپ لە دژی پەناخوازانی سوریەیی هەمیشە جەختی لەسەر ترس لە ئیسلام (ئیسلامۆفۆبیا) کردۆتەوە.

بۆ پێشگرتن لە هاتنە دەرەوەی پەناخوازانی سوریەیی، ترامپ پێشنیاری دروست کردنی «ناوچەیەکی پارێزراو» لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا دەکا، تا ئاوارە سوریەییەکان لە جیاتی چوونە دەرەوە وەک پەناخواز لەوێ جێگیر بکرێن. ئەو خۆی هەڵناوەتەوە و وتوویەتی کە وڵاتەکانی خەلیجی عەرەبی ناچار دەکا پارەی ئەو کارە دابین بکەن هەر وەک چۆن مەکزیک ناچار دەکا پارەی ئەو دیوارە دابین بکا کە قەرارە لە سنووری هەروو وڵات‌دا دروست بکرێ.

دووهەم: ترامپ سیاسەتێکی تازەی دۆستایەتی و هاوکاری لەسەر بنەمای بەرژەوەندی‌یەکانی روسیە لەگەڵ سەرکۆماری ئەو وڵاتە ڤلادیمیر پوتین دەست پێدەکا. ئەوە بە واتای قبووڵ کردنی دەوری روسیە لە سوریە وەک شتێکی ئەرێنی و پشتگیریی بەشار ئەلئەسەد وەک بژاردەیەکی کەمتر خراپ.

> ‘‘بۆ پێشگرتن لە هاتنە دەرەوەی پەناخوازانی سوریەیی، ترامپ پێشنیاری دروست کردنی «ناوچەیەکی پارێزراو» لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا دەکا، تا ئاوارە سوریەییەکان لە جیاتی چوونە دەرەوە وەک پەناخواز لەوێ جێگیر بکرێن. ئەو خۆی هەڵناوەتەوە و وتوویەتی کە وڵاتەکانی خەلیجی عەرەبی ناچار دەکا پارەی ئەو کارە دابین بکەن ’’

ئەوە شتێکی لۆژیکییانەیە کە داوا لە هاوپەیمانە نەریتی‌یەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا بکرێ کە دەست لە پشتیوانی کردنی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری سوریە هەڵبگرن. ئەوکات واشینگتۆن لەگەڵ مۆسکۆ پشتیوانی لە «دەوڵەتی هاوپەیمانی» بە بەشداریی ئەندامانی ئاشتیخوازی «ئۆپۆزیسیۆن» دەکەن. ئەوە رێخۆشکەر دەبێ بۆ هاوپەیمانییەتی ئەمریکا لەگەڵ رێژیمی ئەسەد بە ناوی «شەڕ دژی تێرۆر».

وەک رەچاوکردنی سیاسەتی پشتیوانی کردنی «پیاوانی بەهێز» لە دەسەڵات‌دا، کە ئەو لەو بارەوە لەگەڵ پوتین هاوڕایە، ترامپ دەیهەوەێ پەیوەندی‌یەکانی واشینگتۆن لەگەڵ سەرکۆماری میسر عەبدولفەتاح ئەلسیسی و سەرکۆماری تورکیە رەجەب تەییب ئەردۆغان باشتر بکا.

ئەو لەوانەیە هەوڵ بدا پەیوەندیی نێوان ئەو دوو پیاوە بۆ رێکخستنی هەوڵەکانیان بە دژی «تێرۆریزم» باشتر بکا، بە شێوەیەک کە هەرکام لە سەرکۆمارەکان پێناسەی تێرۆریزم لە وڵاتی خۆی‌دا لە لایەن ئەوی‌تر قبووڵ بکا.

بە لەبەر چاو گرتنی ویستی ترامپ بۆ بەرهەڵستکاریی ئێران لە رێگای هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی ناوکی کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما پەسەندی کردبوو، ئەو لەوانەیە عەرەبستانی سعودی هان بدا بۆ پێکهێنانی سێ‌کوچکەی سوننی پێکهاتوو لە ئانکارا، قاهیرە و ریاز بە پشتیوانیی واشینگتۆن.

ناتەبایی سەرەکی لە رۆیای ترامپ بۆ خۆرهەڵاتی ناوین لێرە دایە (هەروەک هەڵوێستی نەیارانەی بە دژی چین ناتەبایی سەرەکیی لە رۆیای جیهانیی ناوبراوە): گەیشتن بەو ئامانجە دەخوازێ کە هەم مۆسکۆ و هەم رێژیمی ئەسەد قەناعەتیان پێ بێندرێ کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تاران بپچڕێنن.

لە کۆتایی‌دا «پیاوێکی بەهێزی» تری ناوچە کە لە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ‌دا پەیوەندییەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ واشینگتۆن باشتر دەبێ بێنیامین ناتانیاهوویە. بۆیە، قوربانی‌یەکی راستەوخۆی‌تری سەرکەوتنی ترامپ، خەڵکی فەلەستین دەبێ چونکە نەتانیاهوو پاش ئارییل شارۆن بە دوای رووداوی ١١ی سیپتامبری ٢٠١١، دەستی لە گشت سەرۆک وەزیرەکانی‌تری ئیسرائیل بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوان ئاواڵەتر دەبێ.

ئەدەبی

# بێدەنگ! قسە مەکە...

**وەرگێڕانی لە یونانی‌یەوە:**
**عەلی فەتحی**

بێدەنگ! قسە مەکە، شەرمە
زۆری لێ‌مەڵێ!
لە کۆتایی‌دا بێدەنگ بوو.
بێدەنگی ئاڵتوونە و قسە زیوە.
یەکەم وێژەکانی لە منالی‌یەوە گوێم لێبوون
هەرکات گریابام، پێکەنیبام، کایەم کردبا
خێرا دەیانگوت: «بێدەنگ»
لە قوتابخانە، لەوێش نیوەی راستی‌یەکانیان لێم شاردەوە.
پێیان گوتم: بە تۆ چی، بێدەنگ بە!
یەکەم کچ کە ماچم کرد، ئەوەی عاشقی ببووم،
بۆ ئەویش، پێیان دەگوتم:
وشیار بە لای کەس باسی نەکەی، و سسسسس...
بێدەنگ بە!
بێدەنگ بە، قسە مەکە، وا بزانە لاڵی...
ئەوە حاڵی من بوو، تا تەمەنی بیست ساڵی.
ئەرێ... قسە بۆ گەورانە
بێدەنگی بۆ منالانە.
خوێنم لەسەر پیادەڕۆی شەقام دەدی
«بە تۆ چی؟» پێیان دەگوتم،
«کێشە بۆ خۆت ساز مەکە»
دواتر جێگر بەرپرسی قوتابخانەکان، ئەوانیش هاواریان دەکرد:
«لووت لە هەموو شتێ وەرمەدە، وا بنوێنە لە هیچ تێناگەی، بێدەنگ بە»
زەماوەندم کرد. بوومە خاوەن کۆشێک منالْ.
هاوژینەکەم خاتوونی ماڵ، ژنێکی گەلێک ڕێزدار بوو، دەیزانی بێدەنگ بێ، عاشقی کار بوو
دایکەکەی ئافرەتێکی تێگەیشتوو بوو، بەردەوام پێی دەگوت: بێدەنگ، کڕ بە.
ساڵانی کەبیسەش، دایک و باوکم، دراوسێکان، گشتیان ئامۆژگارییان کردم:



«خۆت لە هیچ شتێ هەڵمەقووتێنە، هیچت نەدیوە، وا بنوێنە، هیچ... بێدەنگ بە»
ڕەنگە لەگەڵ ئەوان شتێ کە مایەی بەغیلی بێ لە گۆڕێ‌دا نەبوو،
لەگەڵ دراوسێکان، ئەوەی ئێمەی یەکگرتوو کردبوو، بێدەنگی، کڕ بە بوو.
تۆ بێدەنگ، ئەو بێدەنگ، سەرێ بێدەنگ، خوارێ بێدەنگ
بێدەنگی تەواوی ماڵەکان، لە بینا چوارگۆشەکان
بێدەنگی شەقامە قائیمەکان
بێدەنگی ڕێگا و کۆڵانە هاوتەریبەکان
هەر هەموومان زمانی خۆمان قووت دابوو.
گشتمان زمانمان هەبوو، دەنگمان لێبڕابوو
بۆیە، کۆمەڵەی «خامۆشەکان»یشمان تۆمار کرد
پۆلێک، زۆرێک کۆ بووینەوە

تەواوی شار، هێزێکی مەزنی تەیار، بەڵام کەڕ و لاڵی بێ‌دەمار!
هەڵبەت ژمارەیەکیش سەرکەوتنمان مسۆگەر کرد
گەیشتینە ئامانج
بە میداڵ خەڵات کراین
هەموو شتێک، زۆر لەوە زیاتر.
فرە هاسان، تەنیا بە بێدەنگی
ئاخ، هونەرێکی سەیرە بێدەنگی
بۆیە، ژنەکەت فێربکە، بێدەنگ بێ، منالەکەت، خەسووت
ئەگەر کاتێکیش هەستت کرد پێویستە قسە بکەی، زمانت لە بنەوەڕا ببڕە
ئەویش بێدەنگ بکە
بیبڕە لە ریشە و رەگەوە
بیهاوێ بەر دەمی سەگەوە.
یەکەم ئەندامی بێ‌کەڵکی جەستەی تۆیە، لەو وەختەوە ناتوانی کەڵکی پێویستی لێوەرگری
ئەگەر ئەو کارە بکەی، تووشی خەونی ترسناک نابی، شک و گومانەکان، خەمەکانت دەڕەونەوە،
ئیتر شەرم لە منالەکەت ناکەی، رزگاریت دێت لە دەست بوغزێ کە قسە بکەی.
بێ ئەوەی قسەیەکت کردبێ، بڵێی: «هەقتانە، منیش وەکوو ئێوە بیردەکەمەوە»
ئاخ! چەندە حەزم دەکرد هەی قورمساغ.
گوتبێتت تاکە قسەیەک
بوویەتە زۆربڵەیەک
بەدرۆ دواندن بۆ فریودان، لەجیات گوتنی قسەیەک،
زمانت ببڕە. هەرچی خێراتر بیبڕە.
کاتێکی زۆرت بەدەستەوە نییە
ببە بە لاڵێک.
وەختێک هیچ ناوێژی، باشترە بوێر بی و زمانت ببڕی و دەری‌هاوێژی.
بۆوەی لە پلانەکان‌دا، لە خەون و خەیاڵەکان‌دا، کارچاک بم
زمانم لەنێوان هەنیسک‌دان و رقئەستووری‌دا رادەگرم
چونکە پێموایە، ساتێ دادێ، ئیتر خۆم ناگرم
دەتەقم، ترسم نامێنی، هومێدوار دەبم و هەر چرکەیەک گەرووم پڕ دەبێ لە پیت، سرتە، بوغز، گریان و هەنیسک کە پێم‌دەڵێ:
قسەبکە!...

شێعری عەزیز نەسین، یانیس ریچۆس لە تورکی‌یەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر یونانی.

مێژووی زیندوو

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر حەسەن غەمبار



**هەیاس کاردۆ**

پارسەنگی تەرازووی زەمان بەلای شەودا دەشکایەوە. رواڵەتی شار هەرچەند ئارام، بەڵام شڵەژانێک چاوەڕوان دەکرا. خەبەر وەک تەزووی کارەبا لە چەند چرکەدا وەنێو خەڵک گەڕابوو. کەس نەیدەزانی کێ بڵاوی کردۆتەوە و چۆن بڵاو بۆتەوە. هێند لەپڕتاو بوو جێگای پرسیارانی نەهێشتبۆوە. هەر ئەوەندە دیترا لەم سەری کۆلانڕا هەتا ئەو سەری، بەر دەرگای هیچ ماڵێکت نەدەدی شۆخە کچێکی ناسک و نازدار یان کوڕە لاوێکی چاونەترسی لێ رانەوەستا بێ. هەر نەبێ دایکێکی بە تاسەی دیداری کوڕ، یان باوکێکی چاوەڕوان تامەزرۆیانە راوەستابوون و چاوی چاوەڕوانیان دەگێڕا. هەمووی ئەوانە بێ زیاد و کەم لقە گوڵێکی جوان بەدەستەوە و تونگەی شەربەت و کەشەفی شیرینی ئامادە کراو لەپەنا، چاوەڕوانی وەدەرکەوتنی یەکەم دەستەی «هەڵۆکانی شاخ» بوون. ئەو شەوە نەک هەر کۆڵان، بەڵکوو گەڕەک و لەویش زیاتر هەموو شار وەخۆ کەوتبوو. خۆشی لەوە زیاتر کە «پێشمەرگە« دەنێو شار دایە؟

پیرۆزیی ناوی پێشمەرگە و گرینگیی خەباتی پێشمەرگە و پێویستیی بوونی پێشمەرگە ئەو کاتانە زیاتر دەردەکەوێ کە تاریکەسەلاتی بێ‌دەنگی و شەوەزەنگی ترس باڵی بەسەر «وڵات»دا کیشاوە. بۆ بەرەنگاری لەگەڵ سوپای ترسهێنەر و لەشکری داپڵۆسێنەر جگە لە هەیبەتی پێشمەرگە و توانای خۆڕاگریی پێشمەرگە ڕێگایەکی دیکە نیە. خۆ دیارە ئەو دایک و باوکانەش کە کیژ و کوڕی خۆیان دەنێرنە ریزی پێشمەرگە و لە کاتی پێویست‌دا سفرەی دڵیانی بۆ رادەخەن، چی وایان لە پێشمەرگە کەمتر نیە، بەڵام ئەوە کێوی ورەی پێشمەرگەیە کە مێژووی بەرەنگاری دروست دەکا. هەر بۆیە لە وەسفی ئازایەتی و چاونەترسی و بەتوانایی هێزی پێشمەرگەدا هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین با بمێنێ پێشمەرگە.



تێکۆشەر حەسەن غەمبار

ئێستاش بۆم ساغ نەبۆتەوە بۆ هەتا ناوی «حەسەن غەمبار» دەبیسم «حەمەدۆک»م وەبیر دێتەوە. ڕەنگە جگە لە کورتە باڵایی هەر دووکیان کە زۆر وێک دەچن، تایبەتمەندیی دیکەش لێکیان نزیک کاتەوە وەک ئەوە کە هەردووکیان لە قووڵیی ناعەداڵەتی‌یەکانی کۆمەڵ گەیشتن و هەر دووکیشیان بۆ بنبڕکردنی ئەو ناعەداڵەتی‌یانە ڕاپەڕین. ئەگەر باسی وێکچوونی دیکەش بکەین جگە لە چاونەترسی و ئازایەتیی لەڕادەبەدەر کە هەردووکیان لێی بەهرەمەند بوون هیچی دیکەمان پێ نامێنێ.

حەسەن غەمبار خەڵکی ناوچەی ڕەبەتە. ئەو ناوچەیە مەکۆی تێکۆشان و خەباتە. ئازاترین پێشمەرگەی لێ هەڵکەوتوە و پڕکارترین هێزی پێشمەرگەی وەخۆ گرتوە. خەڵکی ڕەبەت و دەوروبەری لەدوای کۆماری کوردستانەوە بەدایم سەرقاڵی پێشمەرگە بەخێوکردن و پێشمەرگە حاواندنەوە و پیشمەرگە پێگەیاندن بوون. هەر بۆیە هیچکام لەو لاوە بەجەرگانەی دواتر هاتوونەتە ریزەکانی پێشمەرگە بۆیان نامۆ نەبوە و لەبەریان زەحمەت نەبوە. حەسەن غەمبار پێش خۆی دوو برای گەورەتری لە ریزی گیانبازانی گەل‌دا بوون و هەردووکیان فیدای ئازادی بوون.

ئەزموونی خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئازادی زۆر جالبە. هێندێک دێن و مێژوو دروست دەکەن. ئەوانە پیشتر قاڵبووی دەوران و دەرس وەرگرتوو لە هەوراز و لێژی ژیانن. لە هەمان کات‌دا بەشێک دێن و خۆ بە دەریایەک‌دا دەکەن کە دەبێ خۆی تێدا فێرکەن. لە ڕاستی‌دا ڕەوتی خەبات ئەوانە دروست دەکا و بۆ دروست کردنی مێژوی دیکە لە قالبیان دەدا. حەسەن غەمبار یەک لەو کەسانەیە کە بێ ئەوەی مەلە بزانێ لە دەراوی دا و پێش ئەوەی ئەلف و بێی خەبات فێر بێ خۆی دەجەرگی دوژمن ڕۆ کرد. ئەو بە وشیاری، چاونەترسی، خۆبارهێنان، سەرسەختی وئیمانی قایم توانی قۆناغە سەختەکان ببڕێ و لە کاری نیزامی و دواتر سیاسی و تەشکیلاتیش‌دا کەسیکی نموونەی لێ دەرچێ.

حەسەن غەمبار زۆربەی دەورانی پێشمەرگایەتیی خۆی هەر لە ناوچەی ڕەبەت تێپەڕاندوە و مەگەر بۆ مەئمووریەتی کاتی دەنا شوێنی دیکە نەگەڕاوە. بەڵام لە ناوچەی جێگای خزمەتی خۆی‌دا وەک هەلووک هەڵسووڕاوە و خۆی گوتەنی وەک هاچەر فەڕانسە لە هەر شوێنێک بە پێویست زانرابێ و بۆ هەر کارێک داوا کرابێ بێ سێ و دوو خۆی تێ کردوە و بە باشی ڕاپەڕاندوە. یەکەمجار ساڵی ٦١ کە هێشتا منداڵکار بوو دوای ئەوەی سەرپەلەکەیان بریندار دەبێ لە جێی ئەوی دادەنێن. ساڵی ٦٣ کراوەتە سەردەستەی «شەهیدانی خالاباد». لەساڵی ٦٥ڕا وەک فەرماندەری لک و ئەندامی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت کاری کردوە. جارێک کراوەتە فەرماندەری دەستەی کۆماندۆ کە ماوەی ساڵێک لەو بەرپرسایەتی‌یەدا ماوەتەوە. جارێکیش داوای لێ کراوە بۆ فەرماندەریی هێزی ٢ی ڕێبەندان لە ناوچەی سەقز، بەڵام وەری نەگرتوە. کاک حەسەن لە ماوەی ژیانی خەباتکارانەی‌دا ٧ جار بریندار بوە کە لە تەپڵی سەریڕا هەتا بەری پێی گرتۆتەوە. شتێکی خۆش و ناخۆش: لە نۆڕویژ بە مەبەستی چارەسەری برینەکانی هاتوچۆی دوکتۆران دەکا. جارێک داوا دەکا عەکسێک لەسەری هەڵگرن چونکە هەست دەکا پڕیشکەیەکی تێدایە. دوایە دەردەکەوێ زیاتر لە ٢٠ پڕیشکە لە سەری‌دا هەیە. هەروەها بۆ سینگی ئەو کارە دەکرێ کە لەوێش ٢٠،٣٠ پڕیشکە دەدۆزرێنەوە. حەسەن غەمبار نموونەی ئینسانی باوەڕبەخۆ و خۆڕاگر و پشوودرێژە. ئەو لە خەبات‌دا شێلگیر، لە خزمەت‌دا سادق، لە هەڵمەت‌دا چالاک، لە کاری تیمی‌دا حاواوە و لە دۆستایەتی‌دا دڵپاک و خۆش‌مەشرەبە.

تێکۆشەر غەمبار بە سۆزەوە لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەدوێ و بە حەسرەتەوە ناویان دێنێ. ئەو کە ناو و ڕێکەوتی هەموو ئەو شەهیدانەی تۆمار کردوون کە لەگەڵی بوون و ناسیونی کە خۆ لە ١٧٨ شەهید دەدەن، بەم جۆرە باسیان دەکا: «لەو ماویەدا کە من لە هێزی زمزیران بووم و لە یادداشتەکانم‌دا کۆم کردوونەتەوە، زیاتر لە ٣٠٠ عەمەلیات کراوە. نیزیکەی ٤٠٠٠ کەس لە ڕێژیم کوژراون و کوژراوی ١٠٠ عەمەلیاتیش دیار نین. نزیک بە ١٨٠ کادر و پێشمەرگە شەهید بوون. ناوی هەر شەهیدێک بێنم بیرەوەریی زۆرم لەگەڵیان هەیە.

دوای دەیان ساڵ کار و تێکۆشانی بەردەوام، ئازایەتی نواندن و خۆڕاگری نیشاندان، دوای وەسەریەک نانی دەریایەک ئەزموونی تاڵ و شیرین و پاش بڕینی هەوراز و لێژی زۆر و خۆ دەمەترسی هاویشتنی بێ‌ژمار، سەرئەنجام کاک حەسەن بە لەشێکی هەڵدڕدادڕ و کون کون کراوەوە، بڕیاری دا ماوەی ژیانی لەگەڵ ماڵ و منداڵی بەرێتە سەر و بۆ عیلاجی برینەکانی چارەیەک بدۆزێتەوە. هەر بۆیە بارگەی تێکەوە پێچا و ڕێگای تورکیەی گرتە بەر. ئەو کە پێی وا بوو بە وەڕێ کەوتنی بۆ دەرەوە داهاتوویەکی ڕوونی لەپێشە، مخابن تووشی چارەنووسێکی زۆر ناخۆش هات و لەگەڵ دەیان مەترسی ڕووبەڕوو بوو. ٦ ساڵ مانەوە لە تورکیە بێ ئەوەی هیوایەک بە دەرباز بوون هەبێ هەموو توانا و وزەی خۆی و ماڵ و منداڵی بە هەڕاج برد و بەجارێک لەپێی خستن. دواتریش کە بۆ خۆ دەرباز کردن ڕێگای دەریایان گرتە بەر هەتا خۆ بگەیەننە یونان، دیسان تووشی بەڵای لابەلا هاتن و ئەگەر پۆلیس نەیدۆزیبانەوە و نەیگرتبان هەموویان تێدا دەچوون چونکە گەمی‌یەکەیان لەنێو دەریادا بێنزینی لێبڕا. سەرەنجام کاری بەردەوام و خۆڕاگریی زۆری خۆی وبنەماڵەکەی وایان کرد لەو کۆسپانە سڵ نەکەن و بۆ گەیشتن بە بەندەری حەسانەوە وچان نەدەن. ئێستا تێکۆشەری ساڵە سەختەکانی خەبات بەخۆی و هاوسەر ومنداڵەکانی‌یەوە نیشتەجێی وڵاتی نۆڕویژە و چاوەڕوانە هەم عیلاجی لەشی زامداری بکا و هەم لە ئەزموونەکانی دنیای پێشکەوتوو شتێک وەدەست بێنی کە بە ئاواتم ئاواتی وەدی بێ.

کە ئاوڕ لە ڕابردووی خەباتکارانی مەیدانی ئازادی دەدەمەوە دڵم بە داهاتوو خۆش دەبێ. لە بەرە خۆمەوە دەڵێم تۆ بڵێی کەسانێک کە ئاوا قورس و قایم سەنگەریان لە دوژمن گرت و مەتەرێزیان چۆڵ نەکرد هەروا بە ئاسانی گەل وخەباتەکەیان لەبیر بکەن؟ بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارە «نا» یە و من دڵنیام تا کورد ڕۆڵەی ئاوا هەڵکەوتەی هەبێ خەبات بۆ ئازادی بەردەوام دەبێ. ئەگەر دوێنێ غەمبارەکان لە سەنگەری بەرگری‌دا تەنگیان بە سوپای دوژمن هەڵچنیبوو، ئەمڕۆ خوێندکارانی کورد لە تاران هەمان دروشم بەرز دەکەنەوە و «ئیحسان»ەکانیش ئازایانە بۆی دەچنە پێی سێدارە. من پێم وایە تۆوی ئازایەتی کە گوڕوتینی پێشمەرگە ناشتوویەتی زەوی و زاری کوردستانی وا داگرتوە تازە خەڵاس بوونی نیە. ئەمڕۆ ترس لە فەرهەنگی کوردی‌دا خەریکە بارگەی تێکەوە دەپێچێ.

# شەرعییەتدان و شەرعییەت لێ ستاندنەوە لە بەشداریی سیاسیدا



ڕەسووڵ سێڵەکە

لە سیستەمی دەوڵەتدا کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتدار و ژێردەسەڵات دامەزراوە، بەشداریی سیاسی تایبەتە بە سیستەمێکی دێموکراتیک کە ئامانجەکەی بەشدارکردنی زۆرترین کەسە لە دەسەڵاتدا. لە سیستەمێکی دێموکراتیکدا خەڵکانی ژێر دەسەڵات ئیتر پاسیڤ نین و وەکوو سووژەی دەسەڵات سەیر ناکرێن، بەڵکوو دەبێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان بە سەر دەسەڵاتەوە هەبێ، هەر بۆیەش چەندین هەلی هەڵبژاردن و بەشداریکردنیان بۆ ڕەخسێندراوە، وەکوو هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمان، سەرکۆمار، شارەوانی وهتد. لە ڕاستیدا دەنگدان و بەشداریی لە دەسەڵات بە تەنیا بە بەشداریی سیاسی نایەتە ئەژمار، بەڵکوو دەنگ نەدان و نارەزایەتی دەربڕین و باسکردن لە سیاسەتیش بە بەشداریی سیاسی ئەژمار دەکرێ، واتە هەر کردەوەیەک کە کاریگەریی لەسەر بڕیار و کردەوەکانی دەسەڵات دابنێ.

جۆرەکانی بەشداریی سیاسی لە بواری ڕادەی شەرعییەتەوە بە شێوەی هیرارشی(سلسلە مراتب) ڕیز کراون، هەموویان یەک جۆر شەرعییەتیان پێ نەدراوە و هەندێکیان بە شەرعیتر لەوانیتر سەیر دەکرێن. پرۆسەی بە شەرعیکردنی بەشداریی سیاسی بریتییە لە پێدانی شەرعییەت بە گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی و قبووڵکردنی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە. هەروەها زۆر جار ئەو شەرعییەتە لەو گرووپانە دەستێندرێتەوە کە ئەویش زیاتر لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە جێبەجێ دەکرێ.

سیستەمی دەنگدان نین. ئەو شێوازانە زیاتر دژ بە دەسەڵاتی سیاسین و لە دەرەوەی دەسەڵاتەوە هەوڵی کاریگەریی خستنە سەر دەسەڵات دەدەن. هەندێکیان یاسایین وەکوو ڕێپێوان، کەمپەینی ئیمزا کۆ کردنەوە، بایکۆت و هتد. هەندێکیش نایاساییین وەکوو شەڕی چەکداری، شۆڕشی نێو شەقامەکان و گرتنی شوێنی گشتی. بەڵام لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە ئەو شێوازانە نوێنەرایەتیی ڕای هەموو جەماوەر ناکەن و تەنیا نوێنەرایەتیی گرووپی تایبەتن. ئەو شێوازانە لە بەشداریی سیاسی پشتگیریی دەسەڵاتیان لە پشتەوە نیە و وەک کەمینەیەکی هەڵنەبژێردراو ئەژمار دەکرێن کە دژی زۆرینەی هەڵبژێردراون. لە زۆر وڵاتدا دەبینرێ کە گرووپێکی دژبەر لە ڕێگای ڕێپێوان و شۆڕش هەوڵی گەیشتنە دەسەڵات دەدا و خۆی وەک نوێنەری گشتیی خەڵک لە دژی حکوومەت دەناسێنێ و پێی وایە کە شەرعییەتی خۆی لە خەڵکی سەر شەقام وەردەگرێ، بەڵام دوای ئەوەی دەسەڵاتەکەی گرتە دەست، گرووپی دیکەی سەر شەقام بە کەمینە و ناشەرعی وەسف دەکا و تەنیا حکوومەت بە نوێنەری تەواوی خەڵک دەزانێ.

دەسەڵاتی سیاسی بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدا لە ڕێگای پرۆسەیەکەوە شەرعییەت لە شێوازەکانی بەشداری دەستەی دووهەم کە لای دەسەڵات باو نین بستێنێتەوە. پرۆسەی لێ ستاندنەوەی شەرعییەت سەرەتا بە گوتاری سیاسی دژ بەو شێوازانە دەست پێ دەکا، وەک بە کەمینە ناساندن و بە نایاسایی لە قەڵەمدان، هەروەها ناساندنیان بە دژایەتیکردنی دەنگی جەماوەر و تێکدانی ئاسایشی خەڵک. دیارە یەکەمجار بە تەواوی قەدەغەیان ناکەن، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە خۆیان بخەنە نێو شەڕی چەکداری

> ❝ لە ڕاستیدا دەنگدان و بەشداریی لە دەسەڵات بە تەنیا بە بەشداریی سیاسی نایەتە ئەژمار، بەڵکوو دەنگ نەدان و نارەزایەتی دەربڕین و باسکردن لە سیاسەتیش بە بەشداریی سیاسی ئەژمار دەکرێ، واتە هەر کردەوەیەک کە کاریگەریی لەسەر بڕیار و کردەوەکانی دەسەڵات دابنێ ❞

پرسیار ئەوەیە، چلۆن و تا چ ئاستێک بەشداریی سیاسی دەبێتە ئامرازێکی پرۆسەی شەرعییەت پێدان و شەرعیەت لێ ستاندنەوە؟

سیستەمی نوێنەرایەتی لە دێموکراسیی هاوچەرخدا شێوازەکانی بەشداریی سیاسی بە سەر دوو دەستەدا دابەش کردوون؛ دەستەیەک کە شەرعییەتی تەواوی پێدراوە و لە لایەن دەسەڵاتەوە پەسند کراوە و زیاتر پەیوەندیی بە هەڵبژاردن و دەنگدانەوە هەیە. دەستەیەکیش کە شەرعییەتی کەمتری پێدراوە و زیاتر خۆی لە دژایەتی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە.

شێوازی باو: دەستەی یەکەم لە شێوازەکانی بەشداریی سیاسی، ئەوانەن کە یاسایین و هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لەسەر شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی دروست ناکەن، ئەویش تەنیا هەڵبژاردن و دەنگدانە کە شەرعییەتی یاسایییان هەیە و وەک دەربڕینی ڕاستەقینەی جەماوەر ئەژمار دەکرێن و لە شێوازەکانیتری بەشداری، ئاساییتر سەیر دەکرێن. ئەو شێوازانە پشتگیریی دەسەڵاتی سیاسی لە پشتەوەیە، واتە هەر شێوازێکی بەشداریی سیاسی کە گرێدراوی دەنگدان بێ، لە لای دەسەڵاتی نوێنەرایەتیی دێموکراتیکدا شەرعییەتی زیاترە. دیارە دەنگدان لە لای جەماوەریش لە شێوازەکانیتر پەسندترە و وەک ئیجبارێکی کۆمەڵایەتی دەبیندرێ و زۆرینەی جەماوەر پێیان وایە کە بەشداری و کاریگەری خستنە سەر دەسەڵات بە دەنگدان باشترە لە بەشداری و کاریگەری بە دەنگ نەدان.

شێوازی ناباو: کۆی ئەو شێوازانەیە لە بەشداریی سیاسی کە لە لۆژیکی دەسەڵاتی نوێنەرایەتیدا جێ ناگرن و بە نیسبەت دەستەی یەکەم شەرعییەتی کەمتریان هەیە یان هەر نیانە، چونکە گرێدراوی

لە دژی دەسەڵاتەوە، هەر بۆیە دەسەڵات هەوڵ دەدا لە لۆژیکی «کۆنترۆڵ لە جیاتی قەدەغە» کەڵک وەگرێ. زۆر جار دەسەڵاتی یاسادانان بۆ کۆنترۆڵ کردنیان کەڵکی لێ وەردەگرێ، ئەویش لە ڕێگای یاسای تایبەت بە خۆپیشاندان. هەروەها حکوومەت هەوڵی ڕێکخستنیان لە سەندیکاکاندا دەدا و زۆر جار دەکەوێتە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرەکانیان یان دیاریکردنی کات و شوێنی خۆپیشاندانیان. هەوڵی دەسەڵات ئەوەیە کە کاریگەرییان بە سەر دەسەڵاتەوە کەم بێتەوە.

لە سیستەمێکی نوێنەرایەتیدا، دابەشکردنی شێوازەکانی بەشداریکردنی سیاسی بە سەر دوو دەستەی شەرعی و ناشەرعیدا، ڕەخنەیە و پرسیاری زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە، چونکە کاتێک دەسەڵاتی سیاسی دەستەیەک بە شەرعی دەناسێنێ و پشتیوانی لێ دەکا و هەوڵی بە ناشەرعیکردنی دەستەکەی دیکە دەدا، واتە ئەو دەسەڵاتە بێ لایەن نیە و نوێنەرایەتی هەموو جەماوەر ناکا. چونکە ڕێگە لە بەشداریکردنی بەشێکی کۆمەڵگە دەگرێ. هەر لە بەر ئەو هۆیەشەوە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە چەمکێک هاتۆتە ئاراوە بە ناوی «دێموکراتیزە کردنی دێموکراسی»، پرۆسەیەک کە هەوڵی ئەوە دەدا هەموو شێوازەکانی بەشداری لە سیستەمێکی دێموکراتیکدا بگونجێنێ و هەر تاک و گرووپێک بتوانێ بەشداری دەسەڵاتی سیاسی بێ. ئامانجی سەرەکی دێموکراسی بەشداری پێکردنی زۆرینەی خەڵکە، هەر بۆیەش لە ڕێگای مێکانیزمی جیاوازەوە هەوڵ دەدا خەڵک ڕاکێشی نێو دەسەڵات بکا و لە هەموو کار و کردەوە و بڕیارێکی دەسەڵات بەشداریان بکا کە پەیوەندی بە خۆیان و کۆمەڵگەوە هەیە.

# وێنەکانی ناسیونالیزمی کورد لە غیابی وێنەیەکی مرۆییدا



ناسر قادرپوور

لە سەرەتای سەرەتاکانەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی یان ناسیۆنالیزمی کوردی، پرۆژەیەک بووە لەسەر دوو وێنەی سەرەکی کاری کردوە.

دۆخی قوربانیبوونە نیشان دەدا کە ناسیۆنالیزمی کوردی کاری لەسەر کردوە و پاراستویەتی و بڵاوی کردۆتەوە. ئەم دوو وێنەیە، واتە وێنەی کورد وەک پاڵەوان و وەک قوربانی لە یەک کاتدا، گەرچی لە ڕووی لۆژیکییەوە دوو وێنەی ناکۆکن بەیەک، بەڵام کۆکردنەوەیان لەنێو لۆژیکی ناسیۆنالیزمدا کارێکی زەحمەت نیە. چونکە عەقڵیەت و خەیاڵگەی ناسیۆنالیستی، عەقڵیەت و خەیاڵگەیەکە ئەفسانانە ناتوانن تاسەر نەتەوەیەک بە نەتەوەیی بهێڵنەوە.

**ئاکام:**

دروستکردنی هاووڵاتییەکی هاوچەرخ کە بتوانێ ببێ بە بەشێکی چالاک و گرینگی ئەو کۆمەڵگە و دنیایەی تێیدا دەژی، داواکارییەکی گرینگی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە ڕاستەقینەکانی دنیان. بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە مەحاڵە، ئەگەر ئینسانەکان نەبنە ئینسانی چالاکی نێو




## ئەلف: وێنەی خەباتگێڕ و ئازایەتیی کورد

یەکەمیان وێنەی کوردە وەک نەتەوەیەکی ئازا و خەباتگێڕ و پاڵەوان کە نامرێ و ناتوێتەوە و نابەزێ. نەتەوەیەک کە ڕۆڵەکانی هەمیشە و هەردەم ئامادە بوون و ئامادەن بە خوێن بەرگری لێ بکەن و ژیانی تاکەکەسیی خۆیان لەپێناوی ژیانی «کۆمەڵگەدا» ببەخشن. میللەتێک کە هەموویان کاوەی ئاسنگەر و ڕۆستەمی زاڵن. ئەم وێنە پۆزەتیڤە کە بەدەگمەن شاعیر و ڕۆشنبیرێکی کورد لە سەد و پەنجا ساڵی ڕابردوودا دەدۆزینەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەکاری نەهێنابێ و دووبارەی نەکردبێتەوە، وێنەیەکە لەسەر پیاهەڵدانێکی بێئەندازەی کوردبوون دروستبووە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی ئێمەدا. تەنانەت لەو سەردەمە مێژوویانەشدا کە کوردبوون بەو مانا ناسیۆنالیستییەی کە ئەدەبی سەدە و نیوی ڕابردووی ئێمە باسی دەکا بوونی نەبووە و لە ئارادا نەبووە. سەرەڕای ئەمە ناسیۆنالیزمی کوردی ئەم وێنەیەی وا نمایشکردوە گوایە وێنەیەکە هەموو دونیا پێی ئاشنایە و حیسابی بۆ کردوە. ڕەنگە ئەو دێڕە شیعرەی ئەحمەد موختار جاف کە باس لەوە دەکات «هەموو تەئریخی عالەم شاهدی فەزل و هونەری کوردە»، باشترین نموونەی بەرجەستەکەری ئەم وێنەیە بێ.

## ب: وێنەی قوربانی بوونی کورد

وینەی دووهەم کە ناسیۆنالیزمی کوردی کاری لەسەر کردوە وێنەی کوردە وەک قوربانی نێو دنیایەکی جەنگەڵئاسا، پڕ لە هەڕەشە و پەلامار و مەترسیی لەنێو بردن. دنیایەک بێڕەحمانە کورد بەدار و بەردی مێژوویەکی خوێناوی پڕ کوشتن و برینەدا دەدا. دیارترین وێنەیەکی ئەم دۆخەش دیسانەوە هەم لە شیعرێکی ئەحمەد موختار جافدا دەدۆزینەوە کە دەڵێ: حاڵی کورد لەنێوان «تورک و ئێران و عەرەبدا» وەک «بێچوە تەیرێکە» کەوتبێتە «داوی منداڵانەوە«. وێنەی کورد وەک بێچوە تەیری نێو داوی منداڵان وێنەی قوربانییەکی بێگوناحە لەنێو تۆڕی کۆمەڵێک هێزی بێڕەحم و بێویژدان و بکوژدا کە چێژێکی تایبەتی لە گرتن و ئازاردان و کوشتنی قوربانییەکەیان وەربگرن. لەپاڵ ئەم وێنەیەدا وێنەی کورد وەک نەتەوە، یان وێنەی کوردستان وەک دایکێکی بیمار کە لەسەرەمەرگ دایە و هاوار لە منداڵەکانی دەکا بیپارێزن، وێنەیەکی دیکەی ئەو

باز بەسەر ناکۆکییە لۆژیکییەکاندا دەدا و بێ هیچ کێشەیەک لەپاڵ یەکدا کۆیان دەکاتەوە. دەڵێم ئەو دوو وێنەیە لە ڕووی لۆژیکییەوە تەواو بەیەکدی ناکۆن، چونکە میللەتێک گەر هەموو ئەندامەکانی کاوەی ئاسنگەر و ڕۆستەمی زاڵ بن، کە هەموو تەئریخی عالەم شایەتی فەزڵ و هونەریان بێ، چۆن دەبێتە بێچوە تەیری نێو داوی منداڵان و چۆن دەبێتە دایکێکی بیمار کە لە ساتەوەختی مردن و لەنێوچوونی یەکجاریدا بێ. ئەوەی ئەم سیاسەتی بەرهەمهێنانی وێنەیە لە هەناوی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بەڕێوە دەبا، تێکەڵبوونی ڕوحیەتێکی نارسیستیی گەورەیە بە ڕوحیەتی هەستکردن بە تەنیاکەوتن و بەجێهێشتن و بەقوربانیکردن. بێگومان زەحمەت نیە هاوشێوەی ئەم وێنانە لای زۆر میللەتی دیکەی دنیا بدۆزینەوە، بەڵام ئەمە ئەو خاڵە نیە کە من دەمەوێ لەسەری ڕاوەستم و بدوێم. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت باسی بکەم نالۆژیکیی ئەو وێنانە نیە کە زۆربەی هەرەزۆری ناسیۆنالیزمەکانی دنیا، بە ناسیۆنالیزمی کوردیشەوە، لەسەر خۆیان دروستی دەکەن.

## پ: وێنەی ئینسانی

ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم غیابی ئەو وێنە گرینگەیە لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا کە دەشێ بە هەر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی لانیکەمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ببەخشێ. ئەو وێنەیەش وێنەی ئینسانی کوردە وەک هاووڵاتییەکی خاوەن ماف. وێنەی کەسێک کە ناسیۆنالیزم تەنها داوای گیانفیدایی لێ نەکا، بەڵکوو وەک بوونەوەرێکی خاوەن ماف و خاوەن ڕێزیش مامەڵەی لەگەڵ بکا. وێنەی ئینسان وەک هاووڵاتی، وێنەی تاکەکەسێکە کە نە پاڵەوانە نە قوربانی، نە موعجیزە دەنوێنێ و نە باز بەسەر سنوورە سادەکانی ئینسانبوونی خۆشیدا دەدا. هەر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی و هەر پرۆژەیەک کە بە دەوری دروستکردن یان ژیان لەنێو دەوڵەتێکی نەتەوەییدا بسوڕێتەوە، پێویستییەکی گەورەی بە چەمکی هاووڵاتی هەیە. گۆڕانی گرووپێکی ئەتنی یان دینی بۆ نەتەوەو گۆڕانی دەسەڵات لە دەسەڵاتێکی حیزبی و ناوچەییەوە بۆ دەسەڵاتێکی نەتەوەیی ناکرێ لە گۆڕانی ئینسانەکان لە «ڕەعیەتەوە« بۆ هاووڵاتی جیا بکرێتەوە. کە ئەمە دەڵێم ئەوەش دەزانم هەموو نەتەوەیەک پێویستی بە کۆمەڵێک حیکایەت و ئەفسانەی قارەمانێتی و کۆست و شادیی گشتی هەیە، بەڵام ئەو

کۆمەڵگە و واقیعێکی سیاسیی کراوە، بە لانیکەمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە. ئەمەش نەک تەنها پێویستی بە ناوەندێکی سیاسیی جێگەی متمانە و خاوەن بەها و سیاسەتی یەکسانخواز و دادپەروەرانە هەیە، بەڵکوو پێویستی بە دروستکردنی ئەو هەستەش لای ئینسان هەیە کە لە وڵات و سەرزەمین و نیشتیمانی ڕاستەقینەی خۆیدا دەژی. لە شوێنێکدا کە ڕێز لە ئینسانبوونی دەگیرێ و ئەگەری گەشەکردنی بەردەوامیش لە بەردەم ئەو ئینسانبوونەدا دەکاتەوە. ئەوەی ئەمڕۆکە لە بارودۆخ و شێوازی بیرکردنەوە و جووڵانەوەی بڕێکی بەرچاوی گەنجان لە کوردستاندا ڕامێنێ، لەو ڕاستییە تێدەگا کە ناسیۆنالیزمی کوردی نەیتوانیوە بە گەنجانی ئێمە هەستی خۆ بە هاوڵاتیزان ببەخشێ و ئەوە لە وشیاری و خەیاڵیاندا بچەسپێنێ کە کەسانێکن خاوەن ماف و خاوەن ڕێز و خاوەن ئایندە. کێشەکەش لەوەدایە ئەم ناسیۆنالیزمە لە کاتێکدا نەیتوانیوە وێنەی هاووڵاتی بکاتە یەکێک لە وێنە سەرەکییەکانی خۆی، لە هەمانکاتدا هەردوو وێنە سوونەتییەکەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەشێوەیەکی بەردەوام و فووتێکراو بەکار دەهێنێ. لە دۆخێکدا ئەمڕۆکە ئەو دوو وێنەیە نەک تەنها نالۆژیکیبوونیان بە تەواوەتی ئاشکرا بووە، بەڵکوو ئەو هەلومەرجەشی لە دەست داوە کە نالۆژیکیبوونیانی دەشاردەوە. ئەو دوو وێنەیەی ناسیۆنالیزمی کوردی، وێنەی پاڵەوان و وێنەی قوربانی، بوونەتە دوو وێنەی دەرەوەی واقیع، لە ڕاستیدا بوونەتە دوو باری گەورە بەسەر واقیع و دنیای ئەمڕۆکەی کوردەوە. ئەم دوو وێنەیە وا دەکەن ناسیۆنالیزمی کوردی بەدوای دنیایەکدا بگەڕێ لە واقیعدا بوونی نەماوە، چونکە واقیعی ئەمڕۆکەی کوردستان واقیعی ڕۆستەمی زاڵ و بەچکە چۆلەکەی نێو داوی منداڵان نییە، بەڵکو واقیعی دەسەڵاتێکی کوردییە کە بە فەرسەخ لەو کۆمەڵگەیە دوور کەوتۆتەوە کە حوکمی دەکا. بۆیە ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بێت نەوەی نوێ ژیانی خۆی لەپاڵ دوو وێنە سوونەتییەکەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا ڕێکبخات، نەک تەنها لەگەڵ جمهورێکی خەیاڵیدا مامەڵە دەکات، بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵێک سێبەردا دەرگیرە کە لە ڕاستیدا سێبەری خەیاڵی خۆیەتی، نەک تەنانەت سێبەری ئەو دنیا واقیعییەش کە ئەمڕۆ لە ئارا دایە.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 692 20 November 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# هەواکە دەگۆڕدرێ؟


ناسر باباخانی

(١)

دۆناڵد ترامپ بوو بە ٤٥ەمین سەرکۆماری ئەمریکا.
(خاڵێک دابنێ و برۆ سەرەتای رستە)

ئەگەرچی زۆربەی هەرەزۆری چاوەدێرانی سیاسی، ڕۆژنامەنووسان، ئاکادێمیسیەنەکان، ناوەندەکانی راپرسی، ناوەندەکانی توێژینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی ئەمریکا و لە دەرەوە پێیان وابوو ترامپ وەک کەسایەتییەکی بێ‌ئەزموونی سیاسی، بێ‌پلان و بێ‌بەرنامە، بە بێ‌ڕێزی بەردەوامی بەموبەو، هەبوونی گرفتی جیددی لەگەڵ پرسی پەنابەرێتی، بە ئەدەبیاتێکی پۆپۆلیستی کە هەردەم لێرە شتێک دەڵێ و لەوێ شتێکی‌تر و دەیان خاڵی لەم چەشنە ناتوانێ براوەی ماراتۆنی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا بێ، کەچی توانی بە تاقی‌تەنیا جەخت دەکەمەوە بە تاقی تەنیا دێموکراتەکان، تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزبەکەی خۆی کە دژایەتیان دەکرد وەلابنێ و ببێتە سەرۆکی ئەم وڵاتە. تەنانەت رای گشتیی دنیا لە ئاستی باڵای سیاسی‌دا زمانی بەخێری پێدانەدەهێنا و زیاتر مەیلەوە هیلاری بوون. بگرە پوتین و دوومای روسیەش لە دوایین رۆژەکان‌دا لەسەر بنەمای نەناسینی ترامپ وەک کەسایەتی‌یەکی پێش‌بینی‌نەکراو، بۆ لای هیلاری بایاندابۆوە!

بەڵام چ رووی دا؟

ئەوە کە بۆچی زۆربەی پێش‌بینی‌یەکان بەپێچەوانە دەرچوون رەنگە بگەڕێتەوە سەر دۆخی نێوخۆیی ئەمریکا، واتە ئەوەی رووی دا جۆرێ دەنگ‌هەڵبڕین بوو بە دژی «سیستم». ئانالیزە سەرەتایی‌یەکان نیشان دەدەن کە بەشێکی بەرچاوی دەنگدەرانی ترامپ ئەو سپی‌پێستە لادێییانە و چینی کرێکاری ئەم وڵاتە بوون کە بە سازکردنی ئەم شەپۆلە بەدژی سیستم (لێرەدا دەسەڵاتی سیاسی کە بە دەست دێموکراتەکانەوە بوو) رق و تووڕەیی خۆیان لە هەمبەر ئەم سیستمە بەتایبەتی لە باری ئابوورییەوە دەربڕی. ئەم رقە تا ئەو ئاستە دەڕواتە پێش کە چینی کرێکارەکە کە زاتەن لەگەڵ سەرمایەداری کێشەی هەیە، ئەم جیاوازییە مێژوویی‌یە وەلادەنێ و بە دژی سیستمی هەنووکەیی دەنگ دەدا بە سەرمایەدارە تۆخەکە!

رەنگە هۆکاریکی تریش ئەوە بێ کە ئەم خەڵکە زیاتر خوازیاری ئەوە بوون کە سیستم دەبێ زیاتر ئاوڕ وە ناوخۆی وڵات بداتەوە. لە راستی‌دا دێموکراتەکان دەمێک ساڵە بەدووی ئەوەوەن کە بەرنامەی Pax Americana وەک مەبەستی سەرەکی لە سیاسەتەکانی دەرەوەیان‌دا بۆ برەوپێدانی دێموکراسی لە وڵاتانی دیکتاتۆری‌دا بخەنە واری جێبەجێ کردنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش تیۆری جۆزێف نای واتە Smart Powerیان کردە کەرەسەی گەیشتن بەم ئامانجە بۆ دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان. بەڵام ترامپ لەسەر بنەمای دروشمی America First جۆرێ سیاسەتی تەریک خستنەوەی ئەمریکای لە لا مەبەستە واتە Isolation. کۆماریخوازەکان -هەرچەند هەموویان کۆک نین- دەیانەوێ بەم خۆ دوور خستنەوەیە چیتر تێچوو بۆ وڵاتانی تر سەرف نەکەن. بۆیە پێداگری ترامپ لەسەر نێوخۆی وڵات بە نیسبەت دەرەوە، خەڵکی ئەم وڵاتەی بەم قەناعەتە گەیاند کە وا باشترە سەرۆکەکەیان هەر سەرۆکی ئەمریکا بێ نەک سەرۆکی جیهان! تەنانەت هەندێ پێیانوایە ئەوانەی دەنگیان بە ترامپ داوە، لە راستی‌دا دەنگیان بە کۆمایخوازەکانیش نەداوە، بەڵکوو دەنگیان داوە بە کەسێک کە دەبێ لە دەرەوی ئەم حیزبەش سەیری بکە. دژایەتی هەندێ سیمای ناسراوی کۆماریخوازەکان لەگەڵ ترامپ سەلمێنەری جۆچوونی ئەوانە.

(٢)

دوو رووداوی برگزیت Brexit چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا) و ئێستاش سیاسەتی تەریک‌کەوتنەوە و ئایزۆلێشێنی ئەمریکا وەک هەرەگرینگترین دوو وڵاتی جیهان لە ئاستی سیاسی و ئابووری زەنگێکی مەترسیدارن بۆ زۆر پرسی جیهانی و ناوچەیی.

چون لە راستی‌دا ئەوەی زۆر بۆتە جێگای مشتومڕ ئەمەیە کە سیاسەتەکانی ترامپ بە نیسبەت دەرەوەی وڵات چۆناوچۆن دەبێ؟ ترامپێک کە ئێستا کۆنگرەشی – بە سێنا و ئەنجومەنی نوێنەرانەوە کە کەوتۆتە دەست کۆماریخوازەکانەوە – لە پشتە، شتێک کە لە ساڵی ١٩٢٩وە بێ‌وێنە بووە، چۆن دەتوانێ ئەم بەڵێنانەی لە کاتی هەڵبژاردن‌دا بە هاندەرانی دابوو جێبەجێ بکا و لەمانە گرینگتر لە ئەگەری جێبەجێ کردنیان‌دا دنیا بەرەو چ ئاقارێک‌دا دەڕوا؟

– ئایا رێکەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران و و لاتانی رۆژئاوا (ناسراو بە برجام) دەدڕێنێ؟

– ئایا سنوورەکانی دادەخا و دیوارە بەناوبانگەکەی لە نێوان ئەمریکا و مێکزیک سازدەکا؟

– ئایا لە توانای‌دا دەبێ «Obama care insurance» هەڵوەشێنێ؟

– ئایا دەتوانێ لە عەرەبستان و وڵاتانی تری کەنداو پارە بستێنێ چون هێزەکانی ئەمریکا پارێزگارییان لێدەکەن؟

– ئایا دەتوانێ رێکەوتنە ئابوورییەکانی لەگەڵ هەندێ وڵات وەک کانادا و مێکزیک هەڵبوەشێنێتەوە؟

– ئایا دەتوانێ رێکخراوی World Trade Organization جێ‌بێڵێ؟

– ئایا دەتوانێ خۆ لە پەیمانی ناتۆ بێ‌سێحەب بکا؟

– ئایا دەتوانێ رێکەوتننامەی پاریس سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی کەشوهەوا هەڵوەشێنێتەوە؟

و دەیان ئایای تر... دەبێ بە نیگەرانی‌یەوە چاوەڕوان بین بزانین هەواکە دەگۆڕدرێ یان نا؟!

## ڕێورەسمی پەردەلادان لە پەیکەری ئەحمەد بەگی کۆماسی لە شاری مەریوان

ئەنجومەنی فەرهەنگی و ئەدەبی مەریوان لە درێژەی چالاکی‌یەکانی‌دا کۆڕێکی بۆ پەردەلادان لە پەیکەرەی شاعیری هەستناسکی کورد، مامۆستا ئەحمەد بەگی کۆماسی ناسراو بە (خاڵۆی کۆماسی) بەڕیوەبرد.

لەو ڕێورەسمەدا کە بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەدەبدۆستان وقەڵەمبەدەستانی کوردستان لە پارکی شانۆی شاری مەریوان لە رۆژی هەینی ٢٨خەزەڵوەر بەڕێوەچوو، پەردە لەسەر پەیکەری ئەحمەدبەگی کۆماسی لادرا.

لە کەناری ئەو پەردە لادانە کۆمەڵێک چالاکیی ئەدەبیش ئەنجام دران.

سەرەتا فاتیح مستەفایی ئەندامی ئەنجوومەنی ئەدەبی مەریوان دەقی پەیامی ڕێورەسمەکەی خوێندەوە و هەروەها چەند کەس لە قەڵەمبەدەستانی مەریوانی بە ناوەکانی عابید حوسێنی، ئیسماعیل ئەمینی، محەممەد سدیق کەریمی و ئەحمەد بەهرامی پەخشان و شێعر و وتاری خۆیانیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.




شایانی باسە کە پەیکەری خاڵۆی کۆماسی لەلایەن هونەرمەندی پەیکەرتاش سەلاح حەسەنی ساز کرابوو، کە لەو ڕێورەسمەدا رێزی لێگیرا.

## دەرهێنەرێکی لاوی کورد لە مێهرەجانێکی نێونەتەوەیی سەرکەوتنی بەدەستهێنا



دەرهێنەرێکی کورد، لە مێهرەجانی نێونەتەوەیی فیلم لە وڵاتی ئەمریکا، خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی بە دەست‌هێنا.

بەپێی هەواڵی هەواڵدەرییەکان، نۆیەمین مێهرەجانی نێونەتەوەیی «ئاوی گەورە»ی ئەمریکا، ١٣ی نوامبر کۆتایی پێهات. ئەو مێهرەجانە کە لەسەر مژاری ئاو و پرس و کێشەی هاوپەیوەندی بە ئاوە بەڕێوەچوو، خەڵاتی باشترین کورتەفیلم و لەوحەی زێڕینی بە سامان حسێن پوور دەرهێنەری کورد پێشکەش کرد.

سامان حسێن پوور بە دەرهێنانی کورتە فیلمی «ماسی» توانی سەرنجی بەشداربووان و، داوەرانی ئەو مێهرەجانە رابکێشێ.

کورتەفیلمی «ماسی» چیرۆکی پیرەژن و پیرەپیاوێکە کە لەگەڵ کێشەی کەمبوونی ئاو بەرەوڕوو دەبنەوە. شایانی باسە کە ئەمە سێیەمین بەرهەمی سامان حوسێن پوورە، کە لە مێهرەجانە نێونەتەوەییەکان دەردەکەوێ. سامان حسێن پوور خەڵکی شاری سەقز تا ئێستا لە چەندین فستیڤاڵ و مێهرەجانی هونەریی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران و کوردستان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

## درەوشانەوەی هونەرمەند عوسمانە سوور و، گرووپی هەڵپەرکێی «نیشتمان»، لە شاری سەن‌پیتێرزبورگ



هونەرمەند عوسمانە سوور ژەنیاری لێهاتووی «نایە»، جارێکی دیکەوە لە فستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی سەرکەوتنی بەدەست‌هێنا و موزیکی کوردستانی لە نۆیەمین فستیڤاڵی جیهانی هونەر لە شاری «سەن‌پیتێرزبورگ» بەرزتر راگرت.

لە رێکەوتی ١١ تاکوو ١٥ ی نوامبری ساڵی ٢٠١٦ی زایینی، لە هۆتێلی گەوەری سن‌پترزبورگ لە وڵاتی روسیە بە بەشداری ٧٠ گرووپ کە لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیاوە هاتبوون، فیستیڤاڵێکی هونەری بەڕێوەچوو. ئەو ٧٠ گرووپە بەسەر ٥ دەستەی وەک موزیک، شانۆ، سەما و هەڵپەڕکێ دابەش کرابوون. لەو ٧٠ گرووپە ١٣ گرووپیان گەیشتنە قۆناغی کۆتایی و فینالی کێبەرکێکە و بە ٦ گرووپ خەڵاتی دیپلۆمی زێڕین بەخشرا .

گرووپی هەڵپەڕکێی «نیشتمان» سەربە شاری بانە، توانی لە بەشی خۆی واتە موزیک و هەڵپەڕکێ‌دا، خەڵاتی دیپلۆمی زێڕین وەربگرێ. خەڵاتی باشترین موزیکی فیستیڤاڵەکەش درا بە مامۆستا عوسمانە سوور و کەیوانی کوڕی بۆ ژەنینی «نایە» و «تەپڵ».

هەروەها خەڵاتی پاراستنی فەرهەنگ و کولتوری وڵاتان درا بە دوو بەشداربووی ئەو فیستیڤاڵە کە بریتی بوون لە گرووپی وڵاتی چین و گرووپی هەڵپەرکێی «نیشتمان» لە کوردستان. لە کۆتایی‌دا وەک خەڵاتێکی دیکە، کۆڕی هەڵپەرکێی شاری بانە بۆ چوارەمین فیستیڤاڵی جیهانیی وڵاتی ئەرمەنستان لە شاری ئیرەوان، بانگهێشت کرا.

## بەڕێوەچوونی هەڵمەتێکی ژینگەپارێزیی لە شاری مەریوان



خوێندکارانی زانکۆی پەیام نووری مەریوان بە هاوکاری و هاوشانی بەشێک لە ژینگەپارێزانی ئەو شارە هەڵمەتێکی ژینگەپارێزییان بەڕێوەبرد.

لەو چالاکییە ژینگەییەدا، خوێندکارانی کوردی زانکۆی پەیام نوور و بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان، بە مەبەستی زیندووکردنەوەی دارستانە سووتاوەکان و بووژانەوەی ژینگەی ئەو شارە زیاتر لە ٥٠٠ بەڕوویان لە بەرزاییەکانی قولە ئیمام چاند. لە درێژەی هەوڵ و چالاکییەکانییاندا، خوێندکارانی زانکۆی پەیام نوور، بە دامەزراندنی «کانوونی ژینگە» و بە پاڵپشتیی «فێرگەی زمانی کوردی»، لە هەڵمەتێکی سروشتدۆستانەدا دوای ماندووبوونێکی زۆر و دۆزینەوەی زیاتر لە ٥٠٠ کاکڵەی بەڕوو، سەرلەنوێ ئەو بەڕووانەیان لە دواێنی کێوی قولە ئیمام چاندەوە.

شایانی باسی بێشەڵان و دارستانەکانی شاخی قولە ئیمام لە چەند ساڵی رابردودا، بە هۆی ئاگرکەوتنەوەی پەیتاپەیتا خەساری زۆری لێکەوتووە و هەربۆیەش ژینگەپارێزانی کورد لە هەوڵدان بۆ سرینەوەی ئەو خەسارە ژینگەییەن.

جێی ئاماژەیە «کانوونی ژینگە»، ئەنجوومەنێکی ژینگەپارێزییە سەربە زانکۆی پەیام نووری مەریوان، کە لە دوو ساڵی رابردوودا، چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی زانستی بە مەبەستی پەرەپێدان بە ژینگەپارێزی لە زانکۆی مەریوان بەڕێوەبردووە.